# بۆ مێژوو
## مەسعود بارزانی

## پێشەکی

کورد نەتەوەیەکە، خاوەنی مێژوو و جیۆگرافیا و زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیەتی و هەزاران ساڵ لەسەر خاکی خۆی ژیاوە. لەو ماوەیەدا پابەندی بنەماکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بووە و جێگەی شانازییە کە فەرهەنگی پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوە و ئایینەکانی تر لەناو گەلی کورددا ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و مێژوویی هەیە. لە پێنجسەد ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی کورد توانیویەتی لە زۆر هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردن خۆی ڕزگار بکات.

پێنج سەدە بەر لە ئێستا وڵاتی کورد بەسەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا دابەش کرا و دوای یەکەم شەڕی جیهانی، بەبێ ویستی خۆی، کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا. ئەم دابەشبوونە بارودۆخێکی جیۆسیاسیی زۆر ئاڵۆزی دروست کرد. بە داخەوە لە هیچ پارچەیەك دان بە مافە ڕەواکانی کورد نەنرا و نکۆڵی لە هەبوونی کرا. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتەشدا ململانێیەکی دوورودرێژ هاتە کایەوە کە نە حکومەتەکان توانیان گەلی کوردستان لەناو بەرن و نە کوردیش توانی ئەو ڕژێمانە بڕووخێنێ. لەمەدا زەرەرمەندی سەرەکی گەلانی ناوچەکە و ئاشتی و سەقامگیری بووە و خوێنێکی زۆر ڕژا. ئەم واقعە ناتەندروستە پێمان دەڵێت دەبێ هەر دوو لا بە خۆیاندا بچنەوە. لەبری شەڕ و نکۆڵیکاری بیر لە چارەسەری دیموکراتی و ئاشتیانە بکەنەوە. بە حوکمی ئەو واقعەی لەم سەدساڵەدا دروست بووە هەر پارچەیەك لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی پەیدا کردووە و ناشکرێت کێشە و چارەسەرەکانی هەر پارچەیەك ببێتە نموونە بۆ پارچەکانی تر. دەبێ کێشەی هەر پارچەیەك بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی و بارودۆخی خۆی لە چوارچێوەی دیالۆگ و ئامرازی ئاشتیانە و دیموکراتیانەدا چارەسەر بکرێت.

ئەو کتێبە هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر مێژوو و ئازاری ئەو پارچەیەی کوردستان کە سەد ساڵە بە عێراقەوە لکێندراوە. بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تر لە کوردستانی عێراقدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گەشەی زیاتری هەبووە و ململانێی حکوومەتەکان لەگەڵ کورد توندتر بووە و هەروەها پەراوێزخستن و ئازاردانی کوردیش خەستتر بووە، تەنانەت گەیشتووەتە ڕادەی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی ڕێککەوتن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد زیاتر بووە و لەناو لایەنە سیاسییەکان و ناوەندەکانی عێراقیشدا زۆر کەسایەتیی عەرەبی هەبوونە کە دۆستی کورد بوونە و تێگەیشتنیان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان هەبووە.

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا قۆناغی 2003، شەراکەت و هاوبەشیی کوردی جێبەجێ نەکرد و هەوڵی دا کورد وەك پاشکۆیەك بهێڵێتەوە و لەناو نەتەوەی سەردەستی عەرەبی عێراقدا بیتوێنێتەوە بەڵام، لەوەدا سەرنەکەوت. دوای ساڵی 2003، کورد پاش دابڕانێکی دوازدە ساڵە لە دەوڵەتی عێراق، بە شێوەیەکی ئارزوومەندانە گەڕایەوە بۆ ناو عێراق و بەشدار بوو لە بنیاتنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا کە تێیدا دەستوور مافی هەموو لایەك زامن بکات. بە داخەوە لە دوای ئەو دەرفەتە، حوکمڕانە تازەکانی عێراق، پەندیان لە مێژوو وەرنەگرت و هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە کردەوە.

دەوڵەتی دیموکراتی فیدراڵی، شێوەی دەوڵەتێکی تایەفی وەرگرت کە کاری بۆ پەراوێزخستن و دەستبەسەرداگرتنی ئیرادەی هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە دەکرد. دەستەڵاتدارانی نوێی عێراق ڕێگەی تۆڵەسەندنەوەیان گرتە بەر. بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی دەستەڵاتی عێراق تایەفیانە بوون و ئەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگە بوو کە دەستەڵاتدارانی تازەی عێراق، خۆیان بە ئاراستەی دابەشبوونی وڵات هەنگاویان نا. ئەوان لە دوای 2005ـەوە، وردە وردە کە جێ پێیان قایم کرد، پشتیان لە دەستوور و شەراکەت و پرەنسیپەکانی تەوافوق و تەوازون کرد. پەنجاوپێنج ماددەی دەستووریان پێشێل کرد. پێشێلکردنی دەستوور و کارکردن بە نەفەسی تایەفی هیچ مانایەکی بۆ یەکپارچەیی عێراق و هاودەنگیی نیشتیمانی نەهێشتەوە. پابەندنەبوونی حکوومەتەکانی عێراق بە دەستوور و پشتگوێخستنی بنەماکانی شەراکەت و تەوافوق و تەوازون و هەوڵدان بۆ پەراوێزخستن و بچووککردنەوەی ڕۆڵی کوردستان و ئەو ناسەقامگیرییەی کە لە عێراقدا هەبوو، هانی گەلی کوردستانی دا کە بیر لە ڕێگەچارەیەکی تر بکاتەوە.

ئەو دۆخەی کە لە عێراقدا هاتبووە ئاراوە، گەلی کوردستانی لێ بەرپرسیار نەبوو، بەڵکو بەرپرسیارێتیی سەرەکی لەسەر شانی حوکمڕانانی تازەی عێراق بوو کە باوەڕیان بە دەستوور و بنەماکانی شەراکەت نەبوو. بۆیە گەلی کوردستان مافی خۆی بوو پرسیار بکات، باشە دوای ئەو هەموو نەهامەتی و ئازارە بێسنوورە بۆچی ئامادە نین شەراکەتی کورد لە دەوڵەتدا قبووڵ بکەن؟ ئەگەر ئەوان شەریکیان نەوێت، کورد دەبێ چی بکات؟ ئایا وەك پاشکۆ لەگەڵیاندا بمێنێتەوە؟ ئەوان شەراکەتیان ناوێ کوردیش پاشکۆبوونی ناوێ. باشە گەلی کوردستان چی بکات و چ ڕێگایەك بگرێتە بەر؟ پرسیاری جەوهەری ئەوە بوو، بۆچی ڕێگای چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو گرفتە مێژووییە پڕ لە ئازارە نەگرینە بەر، کە ئاشتیانە بێت و برایەتی و ئاشتیی هەمیشەیی لێ بەدی بێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا لەم دۆخەدا پێویست بوو بزاندرێ گەلی کوردستان چی دەوێت و گوێی لێ بگیرێت.

ئایا دەیەوێت بەردەوام بێت لەم نەهامەتی و کارەساتەدا و وەك پاشکۆ بمێنێتەوە یان سەربەخۆیی دەوێت؟ لە 25ـی ئەیلوولی 2017ـدا، گەلی کوردستان بە شێوازێکی ئاشتیانە دەنگی خۆی ئاشکرا کرد و ئەو دەنگە ڕەوایە سەرکەوتنی بە دەست هێنا. کاردانەوەکانی عێراق و دراوسێکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرانبەر دەنگی ئاشتیانەی خەڵکی کوردستان زاڵمانە بوو و دوور بوو لە پرەنسیپەکانی مرۆڤسالاری و پێکەوەژیان. پێدەچوو هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆك بن کە دەبێ ئازارەکانی گەلی کوردستان و ژیان لەگەڵ عەقڵیەتی نکۆڵیکار بەردەوام بێت، چونکە بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەخواست.

مەسعود بارزانی

# دابەشبوونی کوردستان

لە شەڕی چاڵدێراندا[1] کە لە 1514 لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی دا ڕووی دا، کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە. ئەنجامەکەی دابەشبوونی خاکی کوردستان بەسەر ئەم دوو ئیمپراتۆریە و پەرتەوازەبوونی نەتەوەی کورد بوو. دواجار لە ساڵی 1639دا هەردوو ئیمپراتۆری ئێرانی و عوسمانی لەژێر ناوی پەیمانی زەهاودا لە شارۆچکەی سەرپولی زەهاو[2]، پەیمانی دابەشکردنی کوردستانیان مۆر کرد. بەم پێیە سێ لە چواری خاکی کوردستان چووە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکان و یەك لە چواریشی کەوتە ژێر دەستەڵاتی ئێرانییەکانەوە. بەڵام ئەو دابەشکاری و زۆرداریيە بە مانای ئەوە نەبوو کەوا ئەم دوو زلهێزەی ئەوکات بتوانن نەتەوەی کوردیش بتوێننەوە و لە ناوی بەرن. گەلی کوردستان سەرباری ئەو دابەشکردنە زۆرەملێیەدا، بۆ ماوەیەکی دورودرێژ توانی زمان و داب و نەریتی خۆی بپارێزێ و لە ڕێی سەرهەڵدان و شۆڕش و قبووڵنەکردنی ستەمکارییەوە پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات. ئەگەرچی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد دوچاری سەرکوتکردن و نەمان دەبوونەوە، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی زوڵم، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی کورد بوو لە سەدەکانی ڕابردوودا.

، بە بەشداریی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی لە ماڵی شێخ نوورەددین محەمەد بریفکانی، پێشەوای تەکیەی قادری لە (بریفکان) کۆبوونەوەیەک بەڕێوە چوو. هەروەکوو پێشتر لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)دا نووسیومە، لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سەرۆک هۆز و گەورەی کورد لە بروسکەیەکدا داوایان لە سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ کرد تا ڕێگا بدەن:

- زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا بکرێت بە زمانی ڕەسمی و خوێندن بە زمانی کوردی بێت.
- قایمقام و مودیر ناحیە و کاربەدەستانی ناوچە کوردییەکان زمانی کوردی بزانن.
- چونکە ئایینی دەوڵەت ئیسلامە، بڕیارەکانی بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەربکرێن.
- (باجەکانی خزمەتکردنی میر) بۆ چاککردنی ڕێگاوبان و کردنەوەی خوێندنگا لە ناوچە کوردییەکاندا خەرج بکرێن[3].

---

[1]- شەڕی چاڵدێران لە 23ـی ئابی 1514 لەنێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی ڕووی دا. لەو شەڕەدا عوسمانییەکان توانییان سەفەوییەکان شکست بدەن و شاری تەورێز پایتەختی ئەو کاتی سەفەوییەکان بگرن.

[2]- شارۆچکەی سەرپولی زەهاو کەوتووەتە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێران و دانیشتوانی کوردن.

[3]- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم 1958- 1931، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2020 ل 20.

لەو کۆبوونەوەیەدا، ئامادەبووان سوێندیان خوارد داخوازییەکانیان بپارێزن و وازیان لێنەهێنن و، داوایان کرد شێخ عەبدولسەلام لە جیاتی هەمووان بروسکەکە واژۆ بکات. کاتێک دەوڵەتی عوسمانی بروسکەکەی وەرگرت، ئەوی بە دەرچوون ـدا هێزێکی بە فەرماندەیی محەمەد فازڵ پاشای داغستانی نارده سەریان. هیچکام لە سەرۆک هۆزەکان بەرگرییان نەکرد و هەموو قورساییەکەیان خستە سەر بارزان. شێخ عەبدولسەلام بارزانی فەرمانی بەرگریکردنی دا و بارزانییەکان بۆ ماوەی دوو مانگ بەرگرییان کرد. سەرئەنجام شێخ ناچار کرا ناوچەکەی بەجێ بهێڵێت و پەنا بۆ مارشەمعونی ئاشووری ببات. داغستانی گەیشتە بارزان و گوندی بارزانی سووتاند و مستەفا بارزانیی تەمەن سێ ساڵانی لەگەڵ دایکی بەدیل گرت و، بۆ ماوەی یەک ساڵ لە بەندیخانەی مووسڵدا بەند کران.[4]

، شێخ عەبدولسەلام گەڕایەوە ناوچەی بارزان، ژمارەیەک بارزانیی لە گوندی (باب سێڤا)ـی پشت چیای شیرین کە دەکەوێتە باکووری گوندی بارزان، کۆ کردەوە و پەلاماری ئەو هێزەی تورکانی دا کە لە ناوچەکەدا بوون و زیانێکی زۆری بە سوپای عوسمانی گەیاند. بەو سەرکەوتنە مەزنە، عوسمانییەکان داوای وتووێژیان لە شێخ عەبدولسەلام کرد و لە ئاکامی ئەو وتووێژەدا، شێخ دیلەکانی عوسمانیی ـدا، سلێمان نەزیف پاشا والیی مووسڵ، سەرلەنوێ پەلاماری ناوچەی بارزانی دایەوە و دیسان شێخ ناوچەکەی بەجێ هێشت و ئەم جارەیان ڕووی لە لە گوندی ڕاژانی نزیک ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و چووە لای سەیدتەهای محەمەد سدیق نەهری. سوڵتانی عوسمانی خەڵاتێکی زۆری بۆ گرتن، یان کوشتنی شێخ دیاری کرد.[5]

هزری سەربەخۆییخوازی لای سەرکردە و گەورەپیاوانی کورد بەر لەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییش بڕووخێ، هەبووە. نووسەر و گەڕیدەی بەریتانیایی دەبلیو. ئی. ویگرام، لە کتێبەکەیدا (مهد البشرية الحياة في شرق كردستان) باسی ئەوەی کردووە کە چاوی بە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کەوتووە. کاتێکیش کە ویستویەتی بۆ چەند مانگێك بگەڕێتەوە بەریتانیا، شێخ عەبدولسەلام ئامادەییی خۆی نیشان داوە کە لەگەڵیدا بچێتە بەریتانیا بۆ ئەوەی بتوانێ لە بەریتانیا داوا لە سەرۆکی کەنیسەی کانتەربەری بکات کە قوتابخانە لە گوندەکانی کوردستان دروست بکات. پاشان سەردانی مەلیك جۆرج بکات و لەگەڵیدا دابنیشێت و لە کێشەی کوردستان بکۆڵنەوە و گفتوگۆ لەبارەی سەربەخۆییەوە بکەن. [6]

لە ساڵی 1914ـدا لە گوندی"ڕاژان"، شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ مارشەمعونی ئاشووری و ئەندرانیك پاشای ئەرمەنیدا چوون بۆ تبلیس[7] و چاویان بە نێردراوی قەیسەری ڕووس کەوت و، لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی تێکەڵ لە کورد و ئەرمەن و ئاشووری قسەیان لەگەڵ نێردراوی ڕووس کرد. نێردراوی ڕووس بەڵێنی پشتگیریی پێدان کە بۆ ڕزگاربوونیان لە

---

[4]- مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 20.

[5]- هەمان سەرچاوە، ل 21.

[6]- مهد البشرية الحياة في شرق كردستان، دەبلیو. ئەی . ویکرام، نقله الى العربية جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل 2010، ل 123.

[7]- پایتەختی کۆماری جۆرجیا.

عوسمانییەکان هاوکارییان بکەن. شایانی باسە، سێرگێی لاڤرۆف، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کە لە 7ـی ئۆکتۆبەری 2019 دا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە شاری هەولێر پێی گوتم کە بەپێی بەڵگەنامەکانی ڕووسیا یەکێکی بنەماڵەی بارزانی کە مەبەستی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بووە، سەردانی ڕووسیای کردووە و قەیسەری ڕووسیا[8]ی بینیوە. ئەم زانیارییە بۆ من زۆر نوێ بوو چونکە هەتا ئەوکات واماندەزانی شێخ عەبدولسەلام تەنیا نوێنەری قەیسەری ڕووسیای لە "تبلیس" بینیوە. ڕووداوەکانی دوای ئەو سەردانە و هەروەها ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە ڕووسیا، ئەو بیرۆکەیەیشی لەناو برد کە ڕووسیاییەکان پاڵپشتی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەم شێوەیە بکەن.

دوای گەڕانەوەیان لە "تبلیس"، شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی لە پیلانێکی نەگریسدا دەستگیر کران و درانە دەست عوسمانییەکان. عوسمانییەکان سەرەتا شێخ عەبدولسەلامیان گواستەوە بۆ وان و لەوێیشەوە بۆ مووسڵ، لە کاتێکدا چەند ڕۆژێك بوو یەکەم جەنگی جیهانی دەستی پێ کردبوو[9]، ڕۆژی 14ـی کانوونی یەکەمی 1914، شێخ عەبدولسەلامیان لەگەڵ سێ هاوڕێکانی لەسێدارە دا.

ساڵ بوو، سەرۆکایەتیی بارزانییەکانی لەئەستۆ گرت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سوپای ئینگلیز هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی جیهانی، خاکی عێراق و باشووری کوردستانی داگیر کردبوو. پێش ئەوەی جەنگەکە کۆتایی پێ بێ، دەسەڵاتدارە هاوپەیمانەکان زنجیرەیەک ڕێککەوتننامەیان لەنێوخۆدا مۆر کرد، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ئاخۆ چۆن سەرپەرشتیی ناوچەکانی عوسمانییەکان بکەن و کامە هێزی هاوپەیمانیش دەست بە سەر کامە بەشی ئیمپراتۆریەتی شکستخواردووی عوسمانیدا بگرێ.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بە مەبەستی دابەشکردنی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی، مارک سایکس، دیپلۆماتکاری بەریتانیا و فەڕەنسوا جۆرج پیکۆ، دیپلۆماتکاری فەڕەنسایی لە بەیرووت، دوای ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سێرگێیی سازانۆفی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە شاری سانت پیتەرسبورگ کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا، بەو پلانە نهێنییەی مارک سایکس و فەڕەنسوا پیکۆ دایانڕشتبوو خاکی عوسمانی دابەش بکەن. بەم جۆرە، دەوڵەتانی هاوپەیمانان ڕۆژی 16ـی ئایاری 1916 پێشنیازەکەیان لەژێر ناوی (سایکس - پیکۆ) بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی واژۆ کرد. لەو پەیمانەدا، بڕیار درابوو ناوچەکانی ئەرزڕۆم، ترابزۆن، وان و ئەرمەنستانی عوسمانی بدرێن بە ڕووسیای قەیسەری[10]. فەڕەنسایش هەرێمەکانی سووریا و لوبنان وەرگرێت و ئینگلیزیش ببێتە قەیومی عێراق و ئۆردۆن و فەلەستین.

---

[8]- قەیسەری ڕووس، نیکۆلای ئەلەکساندرۆویچ ڕۆمانۆڤ یان نیکۆلای دووەم 1868-1918، دوایین قەیسەری ڕووسیا، لە 1894 هەتا 1917 ئیمپراتۆری ڕووسیا بوو.

[9]- بە بیانووی تیرۆری شازادەی جێنشین (ئارشیدوک فرانز فێردیناند Archduke Franz Ferdinand) بەدەستی (گاڤریلۆ پرینسیپ Gavrilo Princip ) کە (ئیمپراتۆریی نەمسا - هەنگاریا (ئوتریش- مەجارستان) دژی سربستان شەڕی ڕاگەیاند و ڕۆژی دوایی ئیمپراتۆریی ڕووسیا و بریتانیا، فەڕەنسا و دواتریش ئیتالیا، پۆرتەگاڵ، ڕۆمانیا لایەنگرییان لە سێربستان کرد و لە بەرامبەریشیدا دوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و عوسمانی خۆیان لە شەڕەکە گلاند. ئەو شەڕە کە بە جەنگی یەکەمی جیهانی بە شکانی بەرەی ئەڵمانیا و (نەمسا - هەنگاریا) و ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە کۆتا هات.

دەقی پەیمانەکەیان لە ڕۆژنامەکانی پڕاودا و ئیزۆستیادا بۆ ڕای گشتی و گەلانی ئەو ناوچانە ئاشکرا کرد و دوای سێ ڕۆژ ڕۆژنامەی گاردییەن مەنچستێر ناوەڕۆکی پەیمانەکەی بڵاو کردەوە.

لەو دابەشکردنەدا، کوردستانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرا بە سێ بەشەوە. بەشی گەورەی خاک و نەتەوەی کوردیان وەک خۆی هێشتەوە و دوو بەشەکەی تریان بەبێ ڕەزامەندیی کورد خۆی، دابەش کرد بەسەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا دا کە هێشتا پێکیش نەهاتبوون.

ـدا، هێزە هاوپەیمانەکان لە کۆبوونەوەی (سان ریمۆ)[11]دا گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە چۆن رۆژهەڵاتی ناوین دابەش بکەن. دوای ئامادەکردن و دارشتنی رەشنووسی ڕێککەوتننامەکە، بە شێوەیەکی نووسراو درایە سوڵتانی عوسمانی. لە کۆتاییشدا لە ڕۆژی 10ـی ئابی 1920ـدا لە گوندی سیڤەری نزیک پاریس، پەیمانی ئاشتی لە نێوان هێزە هاوپەیمانەکان و نوێنەری حکوومەتی عوسمانیدا واژۆ کرا و شام (لوبنان و سووریا)، عێراق، ئۆردۆن و ئەرمینیا لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کرایەوە.

ـی پەیمانی سیڤەردا گوترابوو:

> ، داوا لە کۆمەڵی نەتەوەکان بکات بۆ سەربەخۆیی و ئەگەر زۆربەی کوردەکان سەلماندیان خوازیاری سەربەخۆیین و کۆمەڵی نەتەوەکان دانی بەوەدا نا، کورد شیاوی سەربەخۆیین[12]."

## دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

[11]- ئەم کۆبوونەوەیە لە نیسانی 1920ـدا لەنێوان بریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەسترا و باری وڵاتە عەرەبەکانی دیاری کرد، ویلایەتی موسڵ کەوتبووە ژێر دەستەڵاتی فەرەنساوە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییەی نێوان بریتانیا و فەرەنسا، بەڵام فەرەنسا لەو کۆبوونەوەیەدا دەستی لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ بریتانیای هاوپەیمانی خۆی. کاری بەڕێوەبردنی عێراق و فەلەستین درایە بریتانیا، بە مەرجێ (بەڵێن)ـی بەلفۆر بهێنێتەجێ. سووریا و لوبنانیش خرانە ژێر دەستی فەرەنسا. (سان ریمۆ شارێکە لە وڵاتی ئیتالیا) .

[12]- مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 62.

هەرێمی باشووری کوردستان کە ویلایەتی مووسڵی لەخۆ گرتبوو، لەگەڵ بەشێکی زۆری باکووری کوردستان دەکەوتنە نێو پرۆژەی پەیمانی سیڤەرەوە. دوای ئەو پەیمانە، لە سەر داوای ڕاستەوخۆی وینستۆن چەرچیل، وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا و بەرپرسی کاروباری عێراق، کۆنگرەی قاهیرە لە ئاداری 1921 بەسترا؛ لە میانەی ئەم کۆنگرەیەدا بڕیار درا مەملەکەتی عێراق دابمەزرێ و بەپێی چوارچێوەی سەرەکیی سیاسەتی بەریتانیایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمیر فەیسەڵ، دووەم کوڕی حوسێن شەریفی مەککە وەک شای عێراق دەستنیشان کرا، هەڵبەت بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی گەلانی دانیشتووی ئەم هەرێمە ئاڵۆز و پڕکێشەیە، بنەمای دەوڵەتێکیان داڕشت کە ماوەی سەد ساڵ ئارامیی بە خۆیەوە نەدیت.[13]بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا (کۆنگرەی قاهیرە)، مەلیک فەیسەڵی پاشای عێراق، لە دوو نامەدا داوای لە مەندوبی سامیی بەریتانیا لە عێراق کردبوو، کوردستان بخەنە سەر عێراق. وینستۆن چەرچیل کە ئەوکات وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا بووە، وەڵامی داوەتەوە کە:

"ئێمە بەڵێنی دەوڵەتمان بە تۆ داوە نەك ئیمپراتۆری...! کورد خۆیان نەتەوەیەکن کە خاوەنی جیۆگرافیای خۆیانن و سنوورشیان زنجیرەچیای حەمرینە.

بەپێی ئەم بڕیارە، فەیسەڵ لە مانگی ئابی 1920ـدا بە پاپۆڕێکی ئینگلیزی لە مەککەوە هێندرایە بەسرە و ڕۆژی 23ـی ئابی 1922 کردیان بە شای عێراق .[14]

لە ڕۆژی 1ـی تشرینی دووەمی 1922، سیستەمی پاشایەتیی عوسمانیان گۆڕدرا بۆ سیستەمی کۆماری و ناوی ئیمپراتۆریی عوسمانییان کرد بە تورکیا و مستەفا کەمال بوو بە سەرۆک کۆمار. دوای ئەوە تورکیا لەپێناو توندوتۆڵترکردنی کۆماری تازە، داوای کرد هاوپەیمانان بگەڕێنەوە سەر مێزی وتووێژ. نوێنەرانی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەمەریکا، ڕووسیا، ئیتالیا، ژاپۆن، ڕۆمانی، تورکیا و چەند وڵاتی تر، لە نێوان 15ـی تشرینی دووەمی 1922 تا 23ـی حوزەیرانی 1923، چەندان جار لە شاری لۆزانی سویس کۆ بوونەوە و دواجار لەژێر ناوی پەیمانی (لۆزان) بۆ ئاشتی، پەیمانی سیڤەریان هەڵوەشاندەوە و ئاواتی نەتەوەی کوردیان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای سەربەخۆیی وەستاند.[15]

بڕگەی دووەم لە بەندی سێیەمی پەیمانی لۆزان دەڵێت:

"ئەگەر تا نۆ مانگ لە مێژووی پەیمانامەکە، ناکۆکیی سنووری نێوان عێراق و تورکیا لەسەر ویلایەتی مووسڵ ڕوو بدات و تورکیا و بەریتانیا ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکە نەدۆزنەوە، کێشەکە دەدرێت بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان.[16]"

.

[14]- سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، ل 155.

[15]- لە 24ـی تەمووزی 1923 پەیمانی سیڤەر هەڵوەشایەوە و پەیمانی لۆزان مۆر کرا و بەپێی پەیمانی لۆزان تورکیا هەموو وڵاتەکەی بۆ مایەوە و باسی هیچ مافێکی کورد نەکرا، تەنیا ئاماژە بە خێرخوازیی حکوومەتە هاوپەیمانەکان لە ڕاست هەموو کەمایەتییەکانی ناو تورکیا درا.

[16]-مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 12.

ئەو گفتوگۆیانە بە یادداشتێکی بەریتانیا و لەژێر چاودێریی سێر (پێرسی کاکس) و (ڕ. ف. جاردین) جێگری ئیداریی پارێزگای مووسڵ لە ڕۆژی 19ـی ئایاری 1924 دەستی پێکرد، بەڵام ئەنجامی نەبوو. کۆمەڵی گەلان، ڕۆژی 30ـی ئەیلوولی 1924 ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ و لیژنەیەکی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی: سوید، هەنگاریا، بەلژیکا، ئیتالیا و سویس بۆ نووسینی پرۆتکۆڵی لیژنەکە دیاری کرد [17]. لیژنەی چارەکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق ڕۆژی 16ـی کانوونی یەکەمی 1924 گەیشتە بەغدا و ڕۆژی دوایی چووە مووسڵ و دوای دوو مانگ گەڕان بە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا و گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی کۆمەڵی گەلان کرد و داوای کرد ناوچەکانی خوار هێڵی برۆکسل [18]بدرێت بە عێراق، بەو مەرجەی عێراق بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ لەژێر دەستی بەریتانیادا بمێنێتەوە و، حکوومەتی تازەدامەزراوی عێراق بەرژەوەندیی کورد بپارێزێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا و، زمانی کوردی لە خوێندن و نووسین و ئیدارە و دادگاکاندا ببێتە زمانی ڕەسمی.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، زۆربەی ئەو دانیشتوانەی پرسیان پێ کراوە(کورد)، ڕایان وا بووە کە لە بری گەڕانەوەیان بۆ ژێر حوکمی تورك، بچنە پاڵ عێراق و لەگەڵ عێراقدا بژین. ئەم ڕاپرسییە تەنیا دوو هەڵبژاردەی (مانەوە لەگەڵ تورکیا یان چوونە پاڵی عێراقیان) بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی کوردستان دابوو و، لە پرس پێکردنەکەدا مەبەستیان هەڵبژاردنی سەربەخۆیی نەبووە. کۆمەڵەی گەلان ئەم پرۆژەیەی پەسەند کرد، بەڵام ئەو مەرجانەی باسی لە پاراستنی بەرژەوەندیی کورد دەکرد، هەرگیز بە ئەنجام نەگەیشتن و ئەو دەوڵەتە تازەیەی لەسەر بنەمای شەراکەتی نێوان کورد و عەرەب دامەزرابوو، شەراکەتی کوردی پێشێل کرد.

کورد ویلایەتی (موسڵ)ی لەدەست تورکیا ڕزگار کرد، بەڵام ئایا عەرەب ئەوەی بەبیر ما؟ هەروەک سیسیل جی ئیدمۆندز، مەندووبی بەریتانیاییش لە کتێبەکەی خۆی (کورد و تورک و عەرەب)دا ئاماژەی داوە کە "ئایا لە ئاست ئەمەدا حکوومەتی عێراق دەتوانێ لە بەرانبەر ئەمەدا چاوی بکاتەوە و سیاسەتێکی دووربینانەی دڵفراوان لە ئاست کوردەکان بگرێتە بەر؟" [19]. بەڵام دەبینین ئەو ڕووداو و کارەساتانەی لەلایەن دەوڵەتی عێراق بەسەر نەتەوەی کورددا هاتن، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە عەرەب ئەو چاکەیەی کوردی لەیاد کرد.

لە ڕەوتی ئەو ململانێیەدا، پێشتر شێخ مەحموودی حەفید ساڵی 1919 دژی دەسەڵاتدارێتیی ئینگلیز و بۆ دەستەبەرکردنی مافی لەدەستچووی گەلی کوردستان لە دەوڵەتە تازەدامەزراوەکاندا، لە سلێمانی ڕاپەڕی و دەوڵەتی کوردستانی ڕاگەیاند. شێخ ئەحمەدی بارزان بە نامەیەک سەرۆک هۆزەکانی ئاگادار کردەوە کە یارمەتیی شێخ مەحمود بدەن و بۆ خۆیشی هێزێکی چەکداری بە سەرۆکایەتیی مستەفا

---

[17] - ناوی ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: ئەینار. ئاف ویرسێن Einar af Wirsén لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئەی. پاولس A. Pauli لە بەلژیک، سینیۆر ڕۆدۆلۆ Signor Roddolo لە ئیتالیا و کۆنت هۆراس دوپرتالن Count Horacede Portales لە سویسرا.

[18]-هێڵی برۆکسل: پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی لە برۆکسل پێکهێنا بۆ کێشانی سنوور لە نێوان تورکیا و عێراق. دوای پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، کۆمەڵی نەتەوەکان لیژنەیەکی تری لە سێ ئەندام بەناوەکانی: ئەینار. ئاف ویرسێن Einar af Wirsén لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئەی. پاولس A. Pauli لە بەلژیک پێکهێنا و ئەرکی ئەو لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق.

[19]- کورد ترك عرب، سي جي ادموندز، ترجمة جرجيس فتح الله ، دار اراس للطباعة و النشر اربيل 2012 ص 574.

بارزانی بۆ یارمەتیدانی شێخ ڕەوانەی دەڤەری سلێمانی کرد. مستەفا بارزانی بە دوو هێڵی باڵەک[20] و دۆڵی بیاو[21]دا بۆ یارمەتیی شێخ مەحموود بەڕێ کەوت. هەردوو هێز دوای دەربازبوونیان لە چەندان کەمین، خۆیان گەیاندە دەوروبەری سلێمانی، بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام بوون، چوونکە ئینگلیزەکان بە هێرشی هەوایی و زەمینی، دەوڵەتی ڕاگەیێندراوی شێخ مەحمودیان تێکشکاند و خودی شێخیش بە برینداری لە دەربەندی بازیان بە دیلی کەوتە دەستیان و بۆ هیندستان دووریان خستەوە، بەڵام دواتر لەژێر گوشاری خەڵکدا ناچار بوون ساڵی 1922 شێخ بگەڕێننەوە سلێمانی.

پاش ئەوەی ویلایەتی مووسڵ کە زۆرینەی دانیشتوانی کورد بوون بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە لکێندرا، لە 1925 یەکەم دەستوور بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق نووسرا کە بە دەستووری سەردەمی پاشایی بەناوبانگە. بەریتانیا هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردن و توندوتۆڵکردنی دەوڵەتە تازەکەی عێراق چڕ کردەوە. هەر بەم هۆیەوە دوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان لە ساڵەکانی 1931 و 1932 بە ڕابەرایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی و ساڵانی 1943 و 1945 بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، بە بۆردومانکردنی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز و هێزی زەمینیی سوپای عێراق و بە هاوکاریی جاشە خۆماڵییەکان شکاند و، شەرکەرە بارزانییەکانیان ناچار کرد ڕۆژی 11ـی تشرینی یەکەمی 1945 بە ژن و منداڵەوە بە شاخەکاندا خۆیان بگەیەننە ناوچەی شنۆ و مەرگەوەڕی کوردستانی ئێران[22].

ئەم پێشینە مێژووییەم بۆیە باس کرد تا ئاماژە بە حەقیقەتێك بدەم کە بە داخەوە بەشێکی زۆری عێراقییەکان بە سیاسییەکانیشیەوە، ئەو مێژووە نازانن و یان ئەگەر بیشیزانن لەو کاتانەی کە قسە دێتە سەر مافەکانی گەلی کورد، ئەو مێژووە فەرامۆش دەکەن یان پشتگوێی دەخەن و ڕەچاوی ناکەن. کێشەی کورد بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق هەبووە. بەر لەوەی دەوڵەتی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دروست بکرێت و پاشای بۆ دابنرێت، کورد لەو ناوچەیە کە دواتر ناوی دەوڵەتی عێراقی لێ نرا، خاوەنی جیۆگرافیای خۆی بووە. هەروەها لە ململانێی نێوان زلهێزەکان و هێزە هەرێمایەتی و خۆجێییەکان مافی کورد وەك نەتەوە پێشێل کرا.

شۆڕش و جووڵانەوە ئازادیخوازییەکانی کوردستانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا بەڵگەی ئەوە بوون کە کورد دۆخی تازەی دەوڵەتی عێراقی قبووڵ نەبوو و لە دژی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ پەراوێزخستن و تواندنەوەی نەتەوەی کورد بە توندی دەوەستێتەوە. دەوڵەتی عێراق لەو کاتدا شەراکەتی کورد و عەرەبی پێشێل کرد و ئەو بەڵێنانەی لە سەرەتای دروستبوونی عێراقدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد درابوون و لە پرۆژەکەی لیژنەی "کۆمەڵەی گەلان"ـیشدا ئاماژەی پێکرابوو، پشتگوێ خست. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر حکوومەتی عێراق بە یارمەتیی ئینگلیزەکان بۆ ماوەیەکیش توانیبێتی لەو کاتدا شۆڕشەکان خامۆش بکات، بەڵام هەموو جار شۆڕش و سەرهەڵدانی تازە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە دەستی پێ کردووەتەوە. دەرفەتی بنیاتنانی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەتی کورد و عەرەب و ڕێزگرتن لە مافی هاوولاتیبوون لە سەردەمی پاشایەتیدا لە دەست چوو، بەڵام ئایا لە دەرفەتەکانی تردا سوود لە هەڵەکان وەرگیرا بۆ ئەوەی کورد بتوانێت بە ئاسوودەیی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بژیێت؟

---

[20] - ئەو ناوچەیە کەوتووەتە باکووری ڕەواندوز لەسەر ڕێی هامیلتۆندا تا دەگاتە گوندی ڕایەت.

[21] - دۆڵی بیاو بەشێکە لە ناوچەی سوورچی، کەوتووەتە ڕۆژهەلاتی بارزان، ڕێگەی خەلیفان - بارزان بەم ناوچەیەدا تێدەپەڕێ.

، بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد، وەک پێشمەرگە بەشدارییان کرد لە پارێزگاریکردنی کۆماری کوردستان.

## شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشی 14ـی تەمموزی 1958 وەرچەرخان و دەرفەتێکی تازە بوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەمموز، جەنابی بارزانیی نەمر و هەڤالانی لە یەکێتیی سۆڤییەت بۆ عێراق گەڕانەوە. شۆڕشی تەمموز دۆخێکی تازە و دەرفەتێکی نوێی خوڵقاندبوو بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق دووبارە دابڕێژرێتەوە و هەموو پێکهاتەکانی عێراق و هاووڵاتیان بتوانن بە ئاسوودەیی لەژێر سایەی دەوڵەتێکی سەردەمیانەدا بژیێن. لە

دەستووری 1958دا زۆر بە ڕوونی دان بەوە دانرا کە عەرەب و کورد لە دەوڵەتدا شەریکن و دەستوور مافە نەتەوەییەکان گەرەنتی دەکات. بەڵام بەداخەوە دیسان لەژێر کاریگەریی خەڵکی شۆڤێنی و هەلپەرست، مافەکانی گەلی کورد پشتگوێ خران و دوای دوو ساڵ و نیو لە سەرکەوتنی شۆڕشی تەمموز، کوردستان خرایە بەر ئاگری بۆردومانی تۆپ و فڕۆکەی عێراقی و شۆڕشی کورد لە 11ی ئەیلوولی 1961 دەستی پێ کرد.

شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی کوردستانی و لە هەمان کاتدا عێراقیش بوو. دروشمی سەرەکیی شۆڕش دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. شۆڕشی ئەیلوول ببووە پەناگەیەکیش بۆ خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی عێراقی. بە درێژایی شۆڕش تەنانەت بۆ یەك جاریش کردەوەی تۆقاندن و خوێنڕشتن لە بەرانبەر خەڵکی سڤیل ئەنجام نەدرا. هەموو هەوڵی جەنابی بارزانی ئەوە بوو کە لە کاتی شەڕ و ئاگربەس و حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتیدا، ڕێگە لە شەڕ و خوێنڕشتن بگیرێت.

بە درێژاییی شۆڕشی ئەیلوول چەندین جار وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراقدا کرا، بەڵام وەک هەمیشە بەغدا بە مەبەستی تاکتیکی و کڕینی کات پەنای بۆ دانوستان لەگەڵ کورد دەبرد. دوای کودەتاکەی بەعسییەکان لە دژی عەبدولکەریم قاسم لە 8ی شوباتی 1963، ماوەی چوار مانگ شەڕ لە نێوان حکوومەت و شۆڕش ڕاوەستا و دانوستان و وتوویژ لەنێوان شۆڕش و حکوومەتی ئەوکات لە ئارادا بوو. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئامانجی بەعسییەکان بۆ دانوستان لەگەڵ کورد لەوکاتدا ئەوە بوو کە جێ پێی خۆیان قایم بکەن. ئەوان بڕوایان بە چارەکردنی کێشەکان نەبوو. بۆیە کە دۆخی خۆیان باشتر بوو و لە سووریایش بەعسییەکان کۆدەتایان کردبوو و هەستیان کرد بەهێز بوونەتەوە، لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا بە هاوکاری و پیلانی هەرێمایەتی، نەفیرعام و شەڕیان لە دژی کورد دەست پێ کردەوە.

لە تشرینی دووەمی 1963دا، عەبدولسەلام عارف کودەتای کرد و بەعسییەکانی دەرکرد. چەند مانگ دواتر و لە 10ی شوباتی 1964دا، ڕێککەوتنێك لەنێوان بارزانیی نەمر و عەبدوسەلام عارف ئیمزا کرا کە تێیدا بڕیار لەسەر چەند خاڵێك درا، لەوانە دانانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو. بەڵام ساڵێکی نەبرد دیسان شەڕ بەسەر گەلی کوردستاندا سەپێندرایەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هەموو هەوڵەکانی جەنابی بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش لەپێناو ئەوە بوو کە ڕێگە لە شەڕ بگیرێت. لە ساڵی 1965دا حکوومەتی عێراقی توانا سەربازییەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلوول تەرخان کرد.

شەڕی زۆر گەورە لە چیای سەفین و پیرەمەگروون و بەنی هەریر و هەندرێن و ناوچەی ڕەواندوز و ڕانیە و قەڵادزێ ڕووی دا. لەم شەڕانەدا حکوومەتی عێراقی سیاسەتی زەویی سووتاو و تێکدانی ژێرخانی ئابووریی خەڵکی کوردستانی پێڕۆ دەکرد. ئەم ستەمکاری و سەپاندنی شەڕ و ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان وایکرد، بارزانیی نەمر لە 1ی کانوونی دووەمی 1966 نامەیەك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بنووسێت و تێیدا داوای کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەت بۆ کوردستان بنێرێت هەتا لە نزیکەوە ڕادەی ئەو زوڵم و کاولکارییە ببینن کە دەرهەق گەلی کوردستان دەکرێت.

دوای ئەوەی لە مانگی نیسانی 1966دا عەبدولسەلام عارف لەناو هیلکۆپتەردا سووتا، برایەکەی، عەبدولڕەحمان جێی ئەوی گرتەوە. بەر لە مردنی عەبدولسەلام، پلانی شەڕی سەرتاسەری لە دژی کوردستان هەبوو کە عەبدولعەزیز عەقیلی وەزیری بەرگریی عێراق بە پلانی (توکلت علی الله) ناوی دەهێنا. ئامانجی پلانەکە کە لەناوبردنی شۆڕش بوو لە داستانی (هەندرێن) و (زۆزك)دا لە 12ی ئایاری 1966 لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە لایەن شۆڕشەوە، ئەو پلانە تێك شکێندرا و زەبرێکی گەورەی سەربازی بەر حکوومەت کەوت؛ دوای ئەو شکستە گەورەیە حکوومەت داوای دانوستانی کرد و ڕایگەیاند کە ئامادەیە بە ڕێگای

ئاشتیانە کێشەکانی لەگەڵ کورد چارە بکات. لە دوای ئەوە لە 29ـی حوزەیرانی 1966 بەیاننامەیەکی دوازدە خاڵی لەنێوان شۆڕش و حکوومەت ئیمزا کرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بەیاننامەیە ڕێککەوتن نەبوو، بەڵکو جۆرێك بوو لە ئاگربەس. هەر چەندە چوار مانگ دواتر جەنابی بارزانی و عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆک کۆماری عێراق[23] یەکتریشیان دیت، بەڵام پێشێلکارییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و مڵکی کورد و سیاسەتی بە عەرەبکردن بەردەوام بوو.

لە ماوەی دە ساڵدا، حەوت کودەتا لە عێراقدا ئەنجام دران. هیچکام لەو کودەتایانە نەیانتوانی ئاسایش و ئەمنیەتی عێراق بپارێزن و کودەتاچییەکانیش توانایان نەبوو عێراق بەرەو دیموکراتی بەرن و مافی مرۆڤ بپارێزن و دان بە مافی نەتەوەی کورد، تورکمان و کریستیان لە عێراقدا بنێن. کودەتاچییەکان کە بە تێکڕا ئەندامانی سوپا بوون، حکوومەتیان لەنێوان ئەفسەرانی کودەتاچیدا ئەم دەست و ئەو دەست پێ دەکرد و، هەزاران کەسی بێتاوانیان کوشت و بە بەهای سەدان ملیار دۆلار زیانیان بە ئابووریی عێراق گەیاند، کەچی گیانی خۆیشیان لە کودەتاکانیاندا پێ ڕزگار نەکرا.

هۆی سەرهەڵدانی ئەو کودەتایانە لە عێراق بۆ دوو دیاردە دەگەڕایەوە، یەکەمیان وڵات لەلایەن سوپاوە بەڕێوە دەچوو و حکوومەتەکەیان حکوومەتی سەربازی بوو، دووەمیشیان جگە لە ڕێگای کودەتا، هیچ گۆڕانێک لە سیستەم و شێوەی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بەدی نەدەهات. لە کودەتاکانیشیاندا پتر لە تاقیکردنەوەی کودەتای شوباتی 1963 و کەسانی خاوەن دەسەڵاتی ناو حکوومەتەکەیان کەڵکیان وەردەگرت.

ڕۆژی 17ـی تەمموزی 1968، عەبدولڕەزاق نایف، ئیبراهیم داوود و سەعدوون غێدان کودەتایان بەسەر عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا کرد. دوای ئەو کودەتایە، بەعسییەکان لە 30ـی تەمموزی 1968 سەرلەنوێ کودەتایەکی تریان بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر کردەوە و عەبدولڕەزاق نایفیان بە سواری فڕۆکە لە عێراق دەرکرد.

گەورەترین دەستکەوتی شۆڕشی ئەیلوول ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری ساڵی 1970 بوو کە لەنێوان بارزانیی نەمر و سەددام حوسێندا ئیمزا کرا. ئەم هەنگاوە کوردی بردە قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسییەوە. بەو ڕێککەوتنە، کوردی ئەم بەشەی کوردستان لەسەر خاکی خۆی بە بەشێک لە مافە نەتەوەیی و یاساییەکانی خۆی گەیشت. دەوڵەتی عێراق قبووڵی کرد کورد نەتەوەیە و لەسەر خاکی خۆی لە مافەکانی بێبەش و زوڵملێکراو بووە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ نەتەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا، بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش، بۆ پارتی دیموکرات و بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە بە دڵ و گیان لە پشت مستەفا بارزانیی سەرۆکیانەوە بوون.

ڕێککەوتنی یازدەی ئازار وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە پێوەندیی نێوان گەلی کوردستان و دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام بە داخەوە حکوومەتی عێراقی بە شێوازی جۆراوجۆر لە سیاسەتی نکۆڵیکاری دژی شۆڕش و کورد بەردەوام بوو. چەند مانگ دوای ڕێککەوتنەکە حکوومەت دەستی کرد بە ئازاردان و دەرکردنی کوردە فەیلییەکان. لە ڕێی تەقاندنەوەی مەلاکانەوە، لە 29ـی ئەیلوولی 1971ـدا هەوڵی تیرۆرکردنی جەنابی بارزانییان دا. ئەم کردەوانە بوونە هۆی ئەوەی متمانەی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکوومەتی عێراق کەم بێتەوە. هەروەها بە بیانووی جۆراوجۆر حکوومەت خۆی لە جێبەجێکردنی برگەکانی ڕێککەوتننامە و دەرکردنی یاسای

---

[23]- عەبدولڕەحمان عارف جیاواز بوو لە براکەی و ئەهلی خێر و ئاشتی بوو بەڵام دەوڵەتی سێبەر لەو بەهێزتر بوو.

ئۆتۆنۆمی بۆ جاڕدانی ئۆتۆنۆمی لە 1974 دەدزییەوە. هاوکات کەوتە گرتن و ئازاردان و لەسێدارەدانی ئەندام و ڕێکخستنەکانی پارتی لە بەغدا، لەوانە شەهید لەیلا قاسم و هاوڕێکانی. شەهید لەیلا قاسم کە بەرپرسیارەتیی ڕێکخستنە حزبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە شاری بەغدا هەبوو، یەکەم کچی کورد بوو کە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە و بە هۆی کاری سیاسییەوە لە 12ـی ئایاری 1974 لە سێدارە درا و شەهید کرا.

دواجاریش حکوومەتی عێراقی لە 1975 لە گەڵەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتیدا دژی کورد، لەژێر ناوی ڕێککەوتنی جەزاییر تەنازولی لە خاك و سیادەی عێراق کرد بۆ شای ئێران، کە بە هۆیەوە شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ و بوو و ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری 1970ـیش جێبەجێ نەکرا.

لە دوای 1975ـەوە قۆناغێکی تری خەباتی گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا دەستی پێ کردەوە و سەرباری ئەوەی کە شۆڕش تووشی نسکۆ ببوو و سەدانهەزار کەس ئاوارەی وڵاتان ببوون، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەوەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراق بەرفراوانتر بوو و بەرەو جیهانی دەرەوە کرایەوە و پێوەندیی کورد لەگەڵ دنیای دەرەوە چووە قۆناغێکی ترەوە. شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانیش هاوکێشە و دەرفەتی تری بۆ هێز و لایەنە کوردستانییەکان لە عێراق هێنایە کایەوە.

## پلانی لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا

لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا خاکی گەلی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا. هەروەك ئاماژەی پێدرا لەو بەشەی کەوتە سەر دەوڵەتی عێراق، شەراکەتی نێوان کورد و عەرەب پێشێل کرا و ڕەچاوی تایبەتمەندیی نەتەوەیی گەلی کورد نەکرا. ئەو زوڵمەی لە کورد کرا تەنیا ئەوە نەبوو کە مافە نەتەوەییەکانی پشتگوێ بخرێن، بەڵکو لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا پلان و بەرنامەی چڕی دەستەڵاتدارانی عێراق بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کوردستانیش جێبەجێ کرا. بەپێی سیاسەتێکی ڕێکخراو و بە قۆناغی جۆراوجۆردا کار بۆ ئەوە دەکرا، دیمۆگرافیی ناوچەکانی کوردستانی عێراق بگۆڕن کە لە دێرزەمانەوە نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تری تێدا نیشتەجێ بوون.

یەکەم هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچە کوردنشینەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگواستنی بەزۆر بوو. ڕاگواستن و عەرەباندن لەو ناوچە کوردستانیانەی کەوتنە سەر دەوڵەتی عێراق، بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش پێڕۆ کراوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو کاتەی مەدحەت پاشا[24] والیی بەغدا بوو، ژمارەیەکی زۆری هۆزە عەرەبەکان لە دەشتاییەکانی مەندەلی و بەلەدرووز و قەرەتەپە و کفری و دووز و حەویجە و قەراج و باشووری مەخموور و دەشتەکانی نەینەوا نیشتەجێ کراون. لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لە سەردەمی پاشایەتیدا بۆ چەسپاندنی هەستی عێراقیبوون لە ناو هاووڵاتیانی دەوڵەتی تازەدا، بەرنامەی عەرەباندن لە پرۆسەیەکی لەسەرەخۆدا کاری بۆ کرا و لە سی و چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆری عەرەب لە حەویجە و مەندەلی و جەلەولا و قەراج و دەشتەکانی نەینەوا و شنگال نیشتەجێ کران و سەدان گوندی تازەیان بۆ دروست کران. لە دوای شۆڕشی 14ـی تەممووزی 1958یشەوە هەتا هاتنی بەعسییەکان، سیاسەتی عەرەباندن لە دەڤەری شنگال و زوممار و ناوچە سنوورییەکانی عێراق و سووریا بەردەوام بوو.

لە 1963 و دوای هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر حوکم، پلانی ڕاگواستن و عەرەباندن و بە بەعسیکردن کەوتە قۆناغێکی بەرفراوان و توندترەوە. لەو ماوەیەدا 42%ـی خاکی کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و هەڵقەندنی دانیشتوانەکەی لەسەر زێدی باب و باپیرانیان. لە ساڵی 1970ـدا حکوومەتی عێراقی تاوانی ڕاگواستنی زۆرەملێی هەزاران کوردی فەیلی دەست پێکرد. هەروەها لە دوای ئەوە قۆناغێکی تری ڕاگواستن کە هاوتەریب بوو لەگەڵ وێرانکردنی گوندەکان لە دوای 1974ـەوە دەستی پێ کرد و تا 1979 درێژەی کێشا. لەم قۆناغەدا دەڤەری بارزان و باڵەك و قوورەتوو و کرمەك و ناودەشت و هەڵەبجە و کارێزە و زاخۆ، کەوتنە بەر شاڵاوی کاولکاری و وێرانکردنی گوندەکان. لە مانگی نۆڤەمبەری 1975، گەورەترین هەڵمەتی ڕاگواستن و خاپوورکردنی گوندەکان لە دەڤەری بارزان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە ئەنجام درا، دانیشتوانی دەڤەری بارزان بە زۆر بۆ بیابان و کۆمەڵگاکانی باشووری عێراق گوازرانەوە و بە ناهەق لە نیشتیمانیان دوور خرانەوە و دوای پێنج ساڵ لە سەختی و دژواریی ژیان و گوزرانیان، لە سەرەتای ساڵی 1980 بارزانییە ڕاگوازراوەکان لە باشووری عێراقەوە بۆ کوردستان هێنرانەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە دەوروبەری هەولێر لە کۆمەڵگای زۆرەملێی قادسیە و قودس بە زۆر نیشتەجێ کران.

تاوانێکی تری حکوومەتەکانی عێراق بێسەروشوێنکردن و ئەنفال و کۆمەڵکوژیی هاووڵاتیانی کورد بوو. لە ساڵی 1980ـدا دوازدە هەزار گەنجی کوردی فەیلی لە لایەن حکوومەتی عێراقی بێسەروشوێن کران، هەر لە درێژەی تاوانی دژی کوردە فەیلییەکان دەیانهەزاریان بە زۆر لە عێراق دەرکران و ناسنامەیان لێ سەندرایەوە و ڕەوانەی ئێران کران. تاوانە ڕێکخستووەکانی حکوومەتی عێراق لە دژی نەتەوەی کورد بەردەوام بوو. ئەوە بوو لە 31ـی تەممووزی 1983ـدا هێزەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماری کۆمەڵگە زۆرەملێکانی قوشتەپە (قودس و قادسیە) و هەریر و بەحرکە و دیانایان دا و هەشت هەزار پیاوی بارزانییان دەستبەسەر و بێسەروشوێن کرد، کە بیست و چەند ساڵ دواتر و دوای ڕووخانی ڕژێم تەرمەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی باشووری

---

[24]- مەدحەت پاشا، والیی عوسمانییەکان بوو لە بەغدا لە 1869 هەتا 1872.

عێراق دۆزرانەوە. لە درێژەی پێڕۆکردنی پلانی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، لە ساڵی 1988 لە ئۆپەراسیۆنێکی نامرۆڤانەدا و لەژێر ناوی (ئەنفال) و بە هەشت قۆناغ، ڕژێمی پێشووی عێراق 182000 هاووڵاتی کوردی بێتاوانی گەرمیان، قەرەداغ، بادینان، پارێزگاکانی کەرکووك، هەولێر و سلێمانیی بێسەروشوێن کردن. هەر لە هەمان ساڵدا تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمەوە ئەنجام درا کە بووە هۆی شەهیدبوونی پێنجهەزار کەسی مەدەنی. کیمیابارانکردنی کوردستان زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەڵام هەڵەبجە بە هۆی ژمارەی زۆری شەهید لە یەك کاتدا بووە هێمایەك بۆ تاوانی کیمیابارانکردنی کوردستان.

لە پاڵ هەموو ئەو تاوانانەدا، تێکدانی ژینگەی کوردستان و مینڕێژکردنی دارستان و چیا و ڕێ و بانەکان و وێرانکردنی 4500 گوند و هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی ژیانی گوندنشینی و کشتوکاڵ و نیشتەجێکردنی بەزۆر لە کۆمەڵگاکان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد، گرتنی ڕەمەکی و زیندانیکردن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی هاووڵاتیانی کورد و ئاوارەکردنی سەدانهەزار هاووڵاتیی کورد و بۆردومانکردنی قەڵادزێ لە 24ی نیسانی 1974 و بۆردومانکردنی پەنابەران لە ئۆردووگای پەنابەرانی زێوە لە 9ی حوزەیرانی 1985، بەشێکی تر بوون لە تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق لە دژی گەلی کوردستان. ئەمانەی گوتران بە هەزاران بەڵگە سەلمێندراون و هەموویان دەچنە خانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی کۆمەڵکوژی و هەوڵدانی ئامانجدار و سیستەماتیکی دەوڵەتی عێراقەوە، کە بە درێژاییی سەد ساڵ بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی نەتەوەی کورد کراون.

## ڕاپەڕین

دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری 1991، دەرفەتێکی تر بۆ گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هاتە پێش. ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ژیانی گەلی کوردستاندا. لە ڕاپەڕیندا خەڵکی کوردستان نموونەی ڕەوشت و فەرهەنگی بەرزی خۆیان پێشان دا. ئەوکات گەلی کوردستان دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد. بە پێچەوانەوە گیانی هەزاران سەربازی عێراقی پاراست کە خۆیان ڕادەست کردبوو. لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەش لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، سەرکردایەتیی کورد داواکاریی حکوومەتی بۆ گفتوگۆ و دانوستانی پەسەند کرد و بڕیاری دانوستانی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراقی دا. ئێمە لەگەڵ خوا لێی خۆش بێ مام جەلال کە بۆ دانوستان چووینە بەغدا، لە ڕاستیدا هەموو ئەو تاوانە دڕندانەمان لەبەرچاو بوو کە دەوڵەتی عێراق لە دژی گەلی کوردستان ئەنجامی دابوون و، بە نێو ڕووباری خوێندا ڕۆییشتین و تۆقەمان لەگەڵ ئەو دەستانەدا کرد کە بە خوێنی گەلەکەمان سوور بوون. بەڵام نیەتی سەرەکیی ئێمە کردنەوەی لاپەڕە و قۆناغێکی تازە و بەدیهێنانی ئاشتی بوو، ئەو بڕیارەش سەختترین بڕیاری ژیانم بووە.
سی و هەشت کەسی خانەوادەکەم و هەشت هەزار کەسی عەشیرەتەکەم و سەدوهەشتا هەزار کەسی نەتەوەکەم بە شێوەیەکی دڕندانە ئەنفال کرابوون، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارم دا بچمە بەغدا بۆ ئەوەی دواتر نەڵێن لەبەر ڕقی شەخسی نەیوست دانوستان بکات و دەرفەتی چارەسەری بۆ گەلی کورد لە دەست بدات.

ئەو باجە مرۆیی و ماددیانەی گەلی کوردستان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ڕاپەڕین لە ئەنجامی ژیانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا دانی، یەکجار گەورە بوون. ئەنجامی ئەندامبوونمان لەناو دەوڵەتی عێراق و شەریکبوونی کورد لەگەڵ عێراق، شەڕ و شۆڕش و کاولکاری و نەهامەتی، خوێن و ئازاردانی گەلی کورد بوو. عێراق بە نەوتی کوردستان بووە دەوڵەت و بە پارەی ئەو نەوتە شەڕی گەلی کوردستانی دەکرد و پەلاماری دراوسێکانی دا. بە داخەوە بابەتی نەوت هەر لە سەرەتاوە بووە هۆی نادیتەگرتنی مافەکانی خەڵکی کوردستان. کاتی خۆیشی کە ئینگلیزەکان بەڵێنی حوکمڕانی و دەوڵەتیان بە شێخ مەحمودی نەمر دابوو، هەر کە زانییان کەرکووك نەوتی هەیە لە بەڵێنەکەی خۆیان پاشگەز بوونەوە و ویستیان بە نەوتی کەرکووك و کوردستان، دەوڵەتی عێراق بەهێز بکەن. بەڵام بینیمان لە سەدەی بیستدا ئەو سەروەتەی کە دەبوایە بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن سوودی لێ وەرگیرابا، بۆ قەڵاچۆکردنی گەلی کوردستان بە کار هات.

بۆردومان و نەفیرعامی بەردەوام بۆ سەر کورد، چەندین کودەتا، دیکتاتۆری و شۆڤێنیەت، بێسەروشوێنکردنی دوازدە هەزار کوردی فەیلی، ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی و سەدوهەشتاودوو هەزار هاووڵاتی بێگوناحی کوردستان لە گەرمیان و ناوچەکانی تر، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ڕاگواستن و عەرەباندن و بە بەعیسکردن و دەرکردن و ئاوارەکردن، ئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و ژیانی ئێمە بوو لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کورد ئاشتی و پێکەوەژیان و لاپەڕەی تازەی دەویست.

دانوستانەکانی دوای ڕاپەڕین لەگەڵ ڕژێمی عێراق سەری نەگرت. ئەوکات عەقڵیەتی نکۆڵیکاری و شۆڤێنیەت و بەپاشکۆدیتنی کورد هەر بەردەوام بوو. سەرباری ئەو مێژووە پڕ لە خوێن و ناحەقی و ستەمکارییە، وایلێهاتبوو لە بەغدا بە چاوی تاوانبار سەیری ئێمەیان دەکرد. چونکە کورد زوڵمی قبووڵ نەکردبوو و لە بەرانبەر جینۆساید و دیکتاتۆریدا خۆی بەدەستەوە نەدابوو.

لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لەژێر کاریگەریی دۆخی تازە و شکستی سەربازی لە دەربەندی کۆڕێ، ڕژێم کارگێڕیی حکوومەتی لە بەشێکی کوردستان هەڵپەسارد و یەکە ئیدارییەکانی لە کوردستان کشاندنەوە و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ هیچ جۆرە

پێوەندییەکی سیاسی و ئابووری و ئیداری لە نێوان کوردستان و بەغدادا نەما. هەرێمی کوردستان ئەوکات لەژێر ئابلۆقەی ڕژێم و ئەو ئابلۆقە نێودەوڵەتییانەدا بوو کە لە دوای شەڕی کوێت بەسەر عێراقدا سەپێندرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستان بۆ یەکەمجار لە 19ی 5ی 1992 لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیانەدا پارلەمان و حکوومەتی هەرێم پێك هێنران. سەرباری هەبوونی گرفتی گەورەی ئابووری و کێشەی نێوخۆیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵام سەرئەنجام هەرێمی کوردستان لەو دوازدە ساڵەدا توانی خۆی بسەلمێنێ و پەرە بە خۆی بدات، لە هەمانکاتدا هەرێمی کوردستان بووە پەناگایەك بۆ بەشێکی زۆری لێقەوماوان و تێکۆشەران و ئازادیخوازانی عێراق و ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی ئێستا لە عێراقدا حوکمیان بە دەستەوەیە، بە هیچ شێوەیەکیش نەبووە هەڕەشە بۆ سەر دراوسێکانی.

## کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو

ساڵی 2003 و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو دەستپێکی قۆناغێکی گرینگ و یەکلاکەرەوە بوو بۆ گەلانی عێراق. لەمەڕ پاشەڕۆژی عێراق بەر لە دەستپێکی هێرشی ئەمەریکا دانیشتن و دانوستانمان لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقدا هەبوو. لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا لە لەندەن، چالاکانە بەشداریمان کرد. ئەوکاتیش هەموو هەوڵمان دا بۆ ئەوەی دوای هەر گۆڕانکارییەك لە عێراق، پێویستە کەس بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکاتەوە. لە کۆنگرەکەدا بە ڕوونی بە لایەنە عێراقییەکانم ڕاگەیاند، ئەگەر بێتو هەموو بیر لە تۆڵە بکەنەوە ئەوا کەس لە عێراقدا نامێنێت. لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا کە لە ڕۆژانی 14 و 15ـی کانوونی یەکەمی 2002 لە لەندەن بەسترا، لایەنە کوردستانییەکان کاریان بۆ ئەوە کرد کە لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بکەنەوە. کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن لە پرۆژەی قۆناغی گواستنەوە و ڕاگەیێندراوی سیاسیی خۆیدا بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە عێراقی داهاتوو عێراقێکی دیموکراتی و پارلەمانی و فرەلایەن و فیدڕاڵی (بۆ هەموو عێراق) بێت. هەروەها بنەماکانی شەراکەت و تەوافوق لە نێوان پێکهاتەکان بینە زەمینەی دروستکردنەوەی دەوڵەت. لەو دوو بەڵگەنامەیەدا ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتی عێراقی داوای کرد کە هەرچی هەوڵی حکوومەتەکانی عێراق بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی و واقعی نەتەوەیی کەرکووك و مەخموور و خانەقین و شنگال و شێخان و زوممار و مەندەلی ئەنجامیان داوە، نابێ بمێنێت و لەو چوارچێوەیەدا هەرچی ڕێوشوێنی ئیداری کە لە دوای 1968ـەوە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی لە لایەن حکوومەتەوە کراوە، دەبێ هەڵوەشێندرێنەوە. کۆنگرەکە وێڕای دانان بە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان داوایشی کرد کە قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و جینۆسایدی گەلی کوردستان قەرەبوو بکرێنەوە. هەروەها ڕێز لە ئیرادەی ئازادی گەلی کوردستان بگیرێت کە لە پاش ڕووخانی ڕژێم بتوانن (سیغە)ی گونجاوی خۆیان بۆ شەراکەت لە چوارچێوەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەڵبژێرن.

بەر لە ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە لایەن ئەمەریکا و بەر لە کۆنگرەکەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن، کوردستان ئەوکات قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆ بوو و هیچ پێوەندی بە عێراقەوە نەمابوو. لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان بنەمایەکی باشی حوکمڕانی هەبوو و فیدڕالیەت لەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرابوو. بیرۆکەی فیدڕاڵی بۆ کاتی کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕایەوە. ئەوکات جەنابی بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد و جەرجیس فەتحوڵڵا و چەند پسپۆڕێکی تری ڕاسپارد کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکەن. فیدڕاڵیزم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی باش بوو بۆ گەلی کوردستان. هەرچەندە لە قۆناغی دانانی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق و مەجلیسی حوکم، پۆل بریمەر[25]، حاکمی مەدەنیی عێراق زۆر هەوڵی دا سنوور ببەزێنێ و تەنگ بە هەرێم هەڵچنێ و تەجاوزی سەر کیانی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بکات، بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو.

لە 2005ـدا دەستوورێکی تازە بۆ عێراق نووسرا و لە لایەن گەلانی عێراقەوە پەسەند کرا. دەستووری تازە بۆ ئەوە بوو کە عێراقێکی دیموکراتی و فرەلایەن و فیدڕاڵی بنیات بنرێت و شەراکەتی نێوان پێکهاتەکان هەبێت و مافی هەموو لایەك پارێزراو بێت. دەستوورەکە بەراورد بە دەستوورەکانی پێشووی عێراق و تەنانەت دەستوورەکانی ناوچەکەیش، دەستوورێکی باش و سەردەمیانە بوو هەرچەندە بێ

---

[25] - دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە لایەن ئەمەریکا لە 6ـی ئایاری 2003ـدا سەرۆك بووش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا لە بڕیارێکدا پۆڵ بریمەری کردە حاکمی مەدەنیی عێراق.

کەموکوڕیش نەبوو. لایەنە کوردستانییەکان لە داڕشتن و دەنگدان و سەرخستنی دەستووری تازەی عێراق ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبوو لە جێگیرکردنی مافی پێکهاتەکان و سیمای شەراکەت و دیموکراسی لە دەقی دەستووردا و، ئەگەر کوردستان بەشدار نەبا لە نووسینەوەی دەستوور بەمشێوەیە نەدەنووسرا.

ئەگەریش ئەو دەستوورە وەك خۆی جێبەجێ کرابا ئێستا عێراق زۆرێك لەو کێشانەی نەبوو کە ئێستا لەگەڵیدا دەستەویەخەیە. لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا من ماوەیەکی زۆر لە بەغدا مامەوە. تیمی کوردستانی بۆ نووسینەوەی دەستوور جگە لە من، لە خوا لێی خۆش بێ نەوشیروان مستەفا و د. ڕۆژ نووری شاوێس و مامۆستا سەڵاحەددین بەهائەدین و محەمەدی حاجی مەحمود و مەسروور بارزانی و، کەرخی ئاڵتی برماغ وەك نوێنەری پێکهاتەی تورکمان و ڕۆمیۆ هەکاری وەك نوێنەری پێکهاتەی کریستیان پێکهاتبوو. تیمە کوردستانییەکە لە نووسینەوەی دەستوور و سەرخستنیدا و هەروەها لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی عێراقدا هەماهەنگی و یەکگرتوویی و تەبایی زۆر باش و مێژوویيان لەگەڵ یەکتردا هەبوو.

بە داخەوە هاوپەیمانە شیعەکانمان کە پێکەوە عێراقی تازەمان دامەزراندبوو، کە بینییان جێی پێیان لە عێراقدا قایم بوو، کەوتنە ناو پرۆسەیەکی مەترسیدار و هەڵەوە کە ئەویش پێشێلکردنی دەستوور و پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و هەوڵدان بوو بۆ بچووککردنەوەی کورد لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. سەرچاوەی ئەو پێشێلکارییەش دەگەڕایەوە بۆ بێباوەڕییان بە دەستووری تازەی عێراق. لە دیباچەی دەستووری تازەی عێراقدا هاتووە کە پابەندبوون بەم دەستوورە مەرجە بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی. هەر ئەوە وایکرد کە کورد دەنگ بە دەستوور بدات. لە ڕاستیدا ئێمە لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا ئەو نیگەرانییەمان هەبوو کە هزری شۆڤێنیەت لە عێراقدا بەردەوام بێت، بۆیە ئەوەی لە دیباچەی دەستووردا هاتبوو وەك بەربەستمان دەدیت بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی بیری شۆڤێنیەت و خۆسەپاندن.

ئاماژەکانی پێشێلکردنی دەستوور و پشتکردنە بەڵێن و ڕێککەوتنەکان لە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140دا دەرکەوتن. بەپێی دەستوور پێویست بوو قۆناغەکانی ئاسایکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی لە ناوچە جێناکۆکەکان لە 2007دا بە کردەنی پیادە کرابان، کەچی هێشتا هیچ یەك لەم هەنگاوانە نەنراون و هۆکارەکەشی بۆ خۆدزینەوە و پابەندنەبوونی حکوومەتی عێراقی بە دەستوور دەگەڕێتەوە.

لە دوای 2005ـەوە هەر هەڵبژاردنێك کرابێت یاساکانی هەڵبژاردن بە جۆرێك دادەڕێژران، لە ئەنجامدا ڕێژەی کورسیی هەرێمی کوردستان کەم دەبوویەوە. تا ئێستا بە هۆکاری جۆراوجۆر سەرژمێری لە عێراقدا نەکراوە هەرچەندە بڕیاریش وا بوو ئەو سەرژمێرییە ئەنجام بدرێت. چەندینجار لەسەر بەڵێنی ئەمەریکاییەکان لە مافەکانی خۆمان خۆش دەبووین و بەشداری پرۆسەی سیاسی دەبووین، بەڵام ئەوانیش کاریان بە بەڵێنەکانی خۆیان نەدەکرد. پۆستی سیادیی سەرۆک کۆمار کە ئیستحقاقی گەلی کورد بوو، لە یەکەم گەڕی سەرۆکایەتیی کۆمار لە دوای ڕووخانی ڕژێم، مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆمار بەڵام لە گەڕی دووەمدا لە ساڵی 2009 ئەمەریکاییەکان دەیانویست ئەو پۆستە نەدرێتەوە کورد. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009ـی عێراق لیستی ئەیاد عەللاوی براوەی هەڵبژاردنەکان بوو بەڵام ئێران و ئەمەریکا بە بیانووی جۆراوجۆر نەیانهێشت عەللاوی ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق. هەروەها ئەمەریکییەکان دەیانویست کەسێکی سوننە بکەنە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش بدرێتە کورد.

کە ئەمەریکییەکان ئەو بابەتەیان لەگەڵ من باس کرد، لێیانم پرسی ئایا مەبەستتان ئەوەیە مام جەلال وەك سەرۆك کۆمار نەمێنێ یان مەبەستتانە پۆستی سەرۆك کۆمار هەر بۆ کورد نەبێ. گوتیان هەردووکمان مەبەستە. منیش وەڵامم دانەوە کە پۆستی سەرۆك کۆمار ئیستحقاقی کوردە و دەبێ هەر مام جەلال ببێتەوە سەرۆک کۆمار. ناکرێ سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار هەردووکیان بۆ عەرەب بن. ئەوە بوو مام جەلال بۆ جاری دووەمیش بووەوە سەرۆک کۆماری عێراق. ئەم بابەتە لە کتێبی (یاریی کۆتایی، دیوی ناوەوەی شەڕ لەپێناو عێراقدا لە جۆرج بووشەوە هەتا باراك ئۆباما) (THE END GAME) کە (مایکڵ گۆردەن و بێرنارد تراینۆر)[26] نووسیویانە، زۆر بە وردی باس کراوە.

زۆر جار ئەمەریکاییەکان لە خوێندنەوەی هاوکێشەکانی عێراقدا نەدەکەوتنە سەر ڕێگایەکی دروست و ئەگەر هەڵەیەکیشان کردبا، هەموو جار دەبوایە کورد باجەکەی دابا و لە مافی خۆی خۆش ببا. بینیمان لە کاتی ڕیفراندۆمیش گەورەترین هۆکاری دژایەتیی ئەمەریکا بۆ ڕیفراندۆم ئەوەبوو کە پێیان وابوو ڕیفراندۆم دەبێتە هۆی لاوازبوونی عەبادی و ئەگەر ڕیفراندۆم نەکرێت، عەبادی بەهێز دەبێت و ئێران لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق دەردەکات. ئەو خوێندنەوەیەی ئەمەریکاییەکان ڕاست نەبوو، دەشیانویست لەبەر خاتری کەسێك، گەلی کوردستان لە مافی خۆی خۆش بێت.

سەبارەت بە بابەتی نەوت و گازیش، هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکی پێچەوانەی دەستوور نەناوە. لە شوباتی 2007دا هەموو ئامادەکارییەکان بۆ یاسای نەوت و گاز تەواو بوو، بەڵام حکوومەتی عێراقی دەستی کرد بە کاتکوشتن و بیانووهێنانەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا کە زاڵمای خەلیلزاد[27]یش ئامادەی بوو، وەزیرێکی دەستڕۆییشتووی شیعە باسی ئەوەی کردبوو کە پێویستە حکوومەتی عێراقی خەمساردی لەو بابەتە بکات و کات بکوژێ، کوردەکان ئەو توانایەیان نابێ خۆیان نەوت دەربهێنن.

ئەمە نیەتی حوکمڕانەکانی بەغدای ڕوونتر کرد کە بڕوایان بە دەستوور و شەراکەت نییە. هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی دۆزییەوە و دەریهێنا، بەڵام کاتێك هەرێم ناچار بوو نەوت هەناردەی دەرەوەی بکات کە حکوومەتی عێراق لە مانگی شوباتی 2014دا بودجەی هەرێمی بڕی. بڕینی بودجەی خەڵکی کوردستان هەنگاوێکی نایاسایی و نادەستووری و تاوانێکی گەورە بوو کە هیچی کەمتر نەبوو لە تاوانی کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە، بگرە لەو تاوانە زیاتریش بوو. چونکە بە بڕینی بودجە سەرجەم خەڵکی کوردستان و تەنانەت منداڵی شیرەخۆریش کرانە ئامانج.

---

- [26] Michael R. Gordon - General Bernard E. Trainor - The End Game, the inside story of the struggle for Iraq from George W. Buch to Barack Obama, Random House, March 2013, P.642 - 646.

[27] - دیپلۆماتکاری ئەمەریکایی بە ڕەچەڵەك ئەفغان کە لە ساڵانی 2005 و 2006 و 2007 باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق بوو.

هەر لەبەر ئەو کردەوە نادەستووریەی حکوومەتی عێراق و بۆ ئەوەی هەرێم بتوانێ بودجە دابین بکات، حکوومەتی هەرێم دەستی کرد بە هەناردەکردنی نەوت. لە دوای ئەوەوە بە داخەوە لە بەغدا دەست کرا بە هەڵمەتی چەواشەکاری و شێواندنی ڕاستییەکان و دروستکردنی دۆخێک کە هەر کەس زیاتر دژایەتیی کورد بکات ئەوا پێگەی جەماوەریی بەرزتر دەبێ و لە هەڵبژاردنیش دەنگی زیاتر دەهێنێت.

## شەڕی داعش

سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی عێراق وڵاتی بەرەو لێواری ڕووخان برد. سیاسەتی تایەفەگەری و تاکڕۆیی و پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و گەندەڵی، عێراقی لە مانای دەوڵەتبوون بەتاڵ کردبووەوە. سوپا و هێزە ئەمنییەکان لەسەر بنەمای وابەستەیی بۆ شەخس و نەك ئینتما بۆ نیشتیمان ڕێك خرابوون. هەموو ئەو سیاسەتە هەڵانە ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەی تیرۆریستان لە

ڕۆژئاوای ئەنبار و مووسڵ ڕەخساند. لە ئەنجامدا لە دەی حوزەیرانی 2014دا لە چاوتروکاندنێکدا شاری مووسڵ کەوتە دەست تیرۆریستانی داعش و تیرۆریستان هەتا دەروازەکانی بەغدا پێشرەوییان کرد. چەند مانگ بەر لەم ڕووداوە لە ڕێگەی سەید عەمار حەکیم و د. ڕۆژ نووری شاوێس کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو و، هەروەها لە ڕێی ڕۆبێرت ستیڤن بیکرۆفت، باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق، دەستەڵاتدارانی بەغدام لەوە ئاگادار کردەوە کە تیرۆریستان لە ڕۆژئاوای نەینەوا و لە نزیك (حەزەر)[28] لە چالاکی و جموجۆڵی بەردەوامدان و مەترسیی کەوتنی مووسڵ لە ئارادایە، بەڵام مالکیی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق ئەم هۆشداریانەی بەهەند وەرنەگرت و دواجار بەشێکی زۆری ڕۆژئاوای عێراق و پارێزگاکانی ناوەند کەوتنە ژێر داگیرکاریی تیرۆریستانەوە.

هەر خۆشم ماوەیەك بەر لە کەوتنی موسڵ بە تەلەفۆن نوری مالکیم لە مەترسیی جموجۆڵی داعش لە ڕۆژئاوای موسڵ ئاگادار کردەوە. هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە پێشنیاری ئەوەیان بە هێزە عێراقییەکان دا بوو کە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی هاوبەش بۆ ڕامالینی داعش لەو ناوچەیە ئەنجام بدەن بەڵام بە داخەوە ئامۆژگاری و پێشنیارەکانیان بە هەند وەرنەگرت.

دوای ئەوەی لە دەی حوزەیرانی 2014 داعش دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، پێشرەوییەکانی داعش لە ناوەڕاستی عێراقدا خێرا بوون، ئەوان لە بەغدا نزیك کەوتنەوە. بەڵام بە شێوەیەکی لەناکاو ئاراستەی شەڕیان بۆ لای کوردستان گۆڕی و پەلاماری کوردستانیان دا. ئەم بابەتە یەکێکە لە نهێنییە گەورەکانی شەڕی داعش کە بۆچی داعش پەلاماری کوردستانی دا!. پێدەچوو ئەم پەلامارە بە دڵی زۆر لایەنی شۆڤێنیی ناوچەکەش بووبێت. کوردستان شوێنێکی ستراتیژی و دەوڵەمەند بوو بە سامانی ئاو و نەوت و ئەوەش هۆکارێك بوو کە داعش چاوی تێ ببڕێت و داگیری بکات. داعش وای لێکدابووەوە کە کورد بەرگریی پێ ناکرێت و زوو لێکهەڵدەوەشێت و خۆی بە دەستەوە دەدات. ئاگاداری ئەوە بوو پێشمەرگە چەکی باشی نییە و لە لایەن بەغدا و جیهانەوە ئابڵۆقەی لەسەرە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان پێی نابووە ناو ڕێڕەوی بووژانەوە و پێشکەوتن. پەلاماری داعش هۆکارێکیش بوو بۆ ڕێگەگرتن لە سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کوردستان. جگە لەوەش ڕەوتی شۆڤێنیی ناو داعش دەیەویست ناوچە کێشەلەسەرەکان بە زەبری چەك لە بن دەستی کورد دەربهێنێت و کورد و پێکهاتەکان لەم ناوچانە نەهێڵێت. / (نەخشەی ژمارە 1 ).

ئەوان چاوەڕێی ئەوە بوون پێشمەرگە تێکبشکێت و بە ئاسانی ناوچەکانی ماددەی 140 بگرن و جیهانیش بێدەنگەی لێ بکات. ئێمە بە تایبەت لە ڕیفراندۆم و ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەوانەی یارمەتیی داعشیان دا بۆ ئەوەی بەهێز ببێت و گەشە بکات، ئەوانەی مەشقیان بە ئەندامانی داعش دەکرد و پرچەکیان دەکردن و ڕێڕەو و لۆجستیکیان بۆ دابین دەکرد، هەر ئەوانەیش بوون هانی داعشیان دا کە لە مانگی ئابی 2014 پەلاماری کوردستان بدەن. داعش چەکێك بوو لە دەستی هێزە شۆڤێنیەکانی ناوچەکە بۆ وەستاندنی بووژانەوە و سەربەخۆیی کوردستان.

لە شەڕی داعشدا گەلی کوردستان باجی زۆر گەورەی مرۆیی و ئابووری دا. لە کاتێکدا کە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بڕدرابوو و نرخی نەوتیش زۆر دابەزیبوو، تێچوونی شەڕێکی دژوار و سەخت بە درێژاییی هەزاروپەنجا کیلۆمەتریش یەکجار زۆر بوو. جگە لەوەش هەرێمی کوردستان میوانداریی ملیۆنێک و شەشسەد هەزار ئاوارەی عێراقی و سووریایی دەکرد. لەو شەڕەدا 1921 پێشمەرگە

[28]- قەزای حەزەر کەوتووەتە باشووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ و نزیکە لە سنووری سووریا.

گیانی خۆیان فیدای گەل و نیشتیمان کرد و 10757 پێشمەرگەش بریندار بوون و 63یش دیل و بێ سەروشوێن بوون. بە سەدان داستانی قارەمانانە تۆمار کران و، پێشمەرگەی زۆر ئازیز و قارەمانمان لە دەست دا. هەموو بستێکی خاکی داگیرکراوی کوردستان بە خوێنی ئازیز و قارەمانێك لە دەستی تیرۆریستان ئازاد کرابوو. بە داخەوە بینیمان لە ناوخۆی کوردیشدا خەڵکانێك هەبوون دەیانەویست لە بەهای قارەمانەتی و قوربانیدانی پێشمەرگە کەم بکەنەوە و پێیان وابوو کە فڕۆکەی هاوپەیمانان شەڕی داعشیان کرد و پێشمەرگە ڕۆڵی نەبووە. ڕاستە پشتیوانیی ئاسمانیی هاوپەیمانان هاوکارییەکی زۆر باش بوو و ئێمە هەمیشە سوپاسگوزاری ڕۆڵی هێزی هاوپەیمانان و یارمەتیدانیانین بۆ پێشمەرگە، بەڵام ئەوەی لە مەیداندا خوێنی دا و دوژمنی شکاند پێشمەرگە بوو و ئەم حەقیقەتە دەبێ وەك خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە.

داعش ئازار و زیانێکی زۆری گەیاندە گەلی کوردستان. تاوانی ناخەهژێنی لە بەرانبەر کوردانی ئێزدی ئەنجام دا کە ڕادەی قێزەوەنیی تیرۆریستان و ئایدیۆلۆژیاکەیانی پێشان دەدا. لە سەرەتاکانی شەڕی داعشدا هێزی پێشمەرگە چەکی پێویستی لە بەردەست نەبوو. عێراق ئابڵۆقەی چەکی خستبووە سەر پێشمەرگە و ئەمەریکایش ڕێی نەدەدا وڵاتان چەك بە پێشمەرگە فرۆشن. کەچی داعش بەشێکی زۆری چەك و ئیمکانیاتی سوپاکانی دوو دەوڵەتی سووریا و عێراقی کەوتبووە دەست. لەکاتی داگیرکردنی شنگالدا لە لایەن داعشەوە لە 3ـی ئابی 2014 پێشمەرگە تەنیا چەکی سووکی لە بەردەست بوو. ئەو پێشمەرگانەی کەو ئەوکات لە شنگال بوون هێزێکی پرچەك و زۆر نەبوون. لە ڕووی جیۆگرافییەوە شنگال وەك دوورگەیەك بوو کە حەفتا کیلۆمەتر لە هەرێمی کوردستان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە دوور بوو و، ئەو ڕێگە سەرەکییانەشی هەرێمی بە شنگالەوە دەبەستەوە لە لایەن بەشێك لەو هۆزە عەرەبانە گیران کە دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبوو و، ڕێگە بۆ چوونی هێزی پشتیوانی بۆ شنگال لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گیرا. ئەوکات ئەمەریکا و هێزی هاوپەیمانانیش لەناو شەڕدا نەبوون تا بتوانن یارمەتیی پێشمەرگە بدەن. لەبەر ئەو هۆکارانە بوو داعش توانی شنگال داگیر بکات.

ئەو پێشمەرگانەش کە لە چیای شنگال لەگەڵ خەڵك و ئاوارەکان مانەوە، قارەمانانە چیای شنگال و شەرفەددینیان لە پەلامارەکانی داعش پاراست و ڕێیان نەدا دەستی داعش بگاتە ئەو سەدانهەزار خەڵکەی پەنایان بۆ چیای شنگال بردبوو. بە داخەوە زۆر جار گوێبیستی موزایەداتی هەندێ خەڵك دەبین کە بە حیسابی خۆیان ئەوان شنگالیان پاراستووە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هەتا پێشمەرگە خۆی ڕێك نەخستەوە و هێرشی نەکردە سەر داعش و ڕێی سحێلا بۆ شنگال و حەوزی زوممار و چیای شنگال و شاری شنگالی ئازاد نەکرد[29]، هیچ کام لەوانە دیار نەبوون. کە پێشمەرگە بەسەر داعشدا سەرکەوت ئینجا دەستیان کرد بە موزایەدات و خۆدەرخستن.

---

[29] - هەر لە سەرەتای پەلاماری داعش بۆ کوردستان هەتا کۆتاییەکانی مانگی سێپتەمبەری 2014 نیگەرانی و خەمی سەرەکیی من ئەوە بوو چۆن بتوانین کوردستان و خەڵك و پێشمەرگە بگەڕێنینەوە دۆخێکی سرووشتیی وەها کە کوردستان ئامادە ببێت بۆ شەڕێکی درێژخایەن و پێشمەرگەیش لە ڕووی پلان و ڕێکخستن و ورەوە بگاتە ئەو ئاستەی ئیتر دەست بە هێرشکردن بکات و ناوچەکان بە زەبری شەڕ لە چنگی داعش دەربهێنێت. بۆ ئەوەی چیتریش بوار بە داعش نەدرێت بیر لە گرتنی زەوی و ناوچەی تر بکاتەوە. دوای ئەوەی گەییشتمە ئەو قەناعەتەی کە هەم پێشمەرگە و هەمیش هاووڵاتیان ئامادەیی ئەوەیان پەیدا کردووە کە کوردستان بکەوێتە دۆخی هێرشبردنێکی تەواو بۆ ئازادکردنی ناوچە داگیرکراوەکان، ئەوە بوو فەرمانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕەبیعە درا و لە بەرەبەیانیی ڕۆژی 30ـی سێپتەمبەری 2014 بە مەبەستی نەهێشتنی هەڕەشەی داعش لە ناوچە سنوورییەکان و هەروەها سنووردارکردنی پەیوەندیی داعش لەنێوان سووریا و عێراق، ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی ڕەبیعە ). ئەم ئۆپەڕاسیۆنە یەکێك بوو لەو زنجیرە ئۆپەراسیۆنە هەرە گرنگانەی کە بووە هۆی شکانی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە. هەروەها ڕێگە بۆ گەییشتن بە چیای شنگالیش خۆش بوو کە ئەو کات گەییشتن بە چیای شنگال ئامانجێکی ستراتیژیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. دوای ئەو سەرکەوتنە لە بەرەبەیانیی ڕۆژی 25ـی ئۆکتۆبەری 2014 هێزەکانی پێشمەرگە ناحیەی زوممار و گوندەکانی دەروروبەریان لە دەست تیرۆریستان دەرهێنا و گورزێکی کوشندەیان لە تیرۆریستانی داعشدا، ). دوای ئەوەش تەواوی پەلامارە یەك لە دوای یەکەکانی دوژمنیان لە هەموو بەرەکانی شەڕ تێکشکاند.

ئازادکردنی ڕەبیعە و زوممار ڕێگەی بۆ ئازادکردنی دەڤەری شنگال و شکاندنی ئابڵۆقەی چیای شنگال خۆش کردبوو. ئەوە بوو لە بەرەبەیانیی ڕۆژی 17ـی ). هێرشی پێشمەرگە لە میحوەری زوممار بۆ سێڕیانی (حەردان) لەناو - جەرگی دوژمن دەستی پێکرد. هەروەها ئەو پێشمەرگانەی لە چیای شنگال بۆ ماوەی چوار مانگ بەرخودانێکی قارەمانانەیان کردبوو و ڕێگەیان نەدابوو داعش چیای شنگال بگرێت لەسەر چیاوە هێرشیان کردە سەر چەکدارانی داعش و لەماوەیەکی کەمدا هەردوو هێزی پێشمەرگە لە حەردان بە یەك گەییشتن و سەرکەوتنێکی مێژوویی تۆمار کرا و ئابڵۆقەی سەر چیای شنگال کە دوانزەهەزار ئێزیدی تێدابوو شکێندرا. لە ڕۆژی 12ـی نۆڤەمبەری 2015دا بە مەبەستی ئازادکردنی یەکجارەکیی شاری شنگال و دەروبەری لە تیرۆریستان و پاککردنەوەی ئەو ناوچەیە لە داعش و پچڕاندنی

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد. پێشمەرگە لەو شەڕەدا پابەندی هەموو یاساکانی شەڕ بوو و تەنانەت بۆ یەك جار یەك شوێنی سڤیلی نەکردە ئامانج. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی شکاند و مەردانە و لە مەیدانی شەڕدا تۆڵەی خوشك و برا ئێزدییەکانی کردەوە و سەری داعشی خستە ژێر پێی کوردانی ئێزدی.

جێی داخێکی زۆرە کە دەوڵەتی عێراق لە شەڕی داعشدا ئەوە هیچ کە نەیتوانی پێکهاتەکان بپارێزێ، یارمەتیی پێشمەرگەشی نەدا. تەنانەت یەك فیشەکیش لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ هەرێم نەهات. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشمەرگە بۆ ماوەی دەساڵ لە چەك و موستەحقاتی خۆی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بێبەش کرا بوو؛ ئەگەرچی بەپێی دەستوور و ڕێککەوتنەکان پێشمەرگە بەشێك بوو لە سیستمی بەرگریی عێراق. حکوومەتی عێراقی نەك تەنیا هاوکاریی پێشمەرگەی نەکرد، بەڵکو کۆسپ و تەگەرەشی بۆ ئەو هاوکاریانە دروست دەکرد کە لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە بۆ پێشمەرگە دەهات.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، بۆچی عێراق لە شەڕی داعشدا هاوکاریی هەرێمی نەکرد و بەردەوام بوو لە سەپاندنی ئابلۆقە و بڕینی بودجەی هەرێم؟ بە پێچەوانەوە لە شەڕی داعشدا ئەوە پێشمەرگە بوو یارمەتیی عێراقی دا و کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکانی پاراست. ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لە کەرکووك نەکردبا، چارەنووسی ئەو شارە لە مووسڵ باشتر نەدەبوو و دەکەوتە دەست تیرۆریستانی داعشەوە. زۆرجار دەمانبیست کە شۆڤێنییەکان پێیان وابوو پێشمەرگە کەرکووك و ناوچەکانی تری داگیر کردووە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست بوو. پێشمەرگە کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکان و کێڵگە نەوتییەکانی لە داگیرکاری و پەلاماری تیرۆریستان پاراست. لە شەڕی مووسڵدا هێڵە بەرگرییەکانی داعشی شکاند و کلیلی سەرکەوتنی دایە دەست عەبادی. لەوپەڕی متمانە و بە دڵفراوانییەوە پێشمەرگە میحوەرەکانی بۆ هاتنی هێزە عێراقییەکان کردەوە.

هەرێمی کوردستان سەرباری ئەو شەڕە قورسە و ئابلۆقەی دارایی لە لایەن بەغداوە و دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا، بوو بە پەناگای ملیونێك و شەسەد هەزار ئاوارەی سووریایی و عێراقی. ئەم ژمارەیە یەکسان بوو لەگەڵ 25%ـی دانیشتوانی هەرێم. خەڵك و حکوومەت و ڕێکخراوەکان و ئۆرگانە حزبییەکانی هەرێم ڕۆڵێکی باڵایان لە یارمەتیدانی ئاوارەکان و پێشمەرگەدا هەبوو. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی خۆبەخش لە بەرەکانی شەڕ و لە یارمەتیدانی ئاوارەکان بوون. کەچی حکوومەتی عێراقی بۆ حەواندنەوە و نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی نەدا کە بەشی هەرە زۆری ئاوارەکان هاووڵاتیی پارێزگاکانی ناوەند و سوننەی عێراق بوون، واتا عێراقی بوون.

بۆچی حکوومەتی عێراق کە پارەیەکی زۆریشی لە بەردەست بوو لە حەواندنەوەی ئاوارەکان یارمەتیی هەرێمی نەدا؟ ئایا هەرێمی کوردستان بەشێك نەبوو لە عێراق؟ یان ئەوەتا هەر لە بنەڕەتدا دەستەڵاتدارانی عێراق کوردستانیان بە بەشێك لە عێراق نەدەزانی؟ ئەو بابەتە کە حکوومەتی عێراقی لە پرسی حەواندنەوەی ئاوارەکاندا یارمەتیی هەرێمی نەداوە، بە دەیانجار لەگەڵ میوانە بیانییەکان و شاندەکانی عێراقیدا باسم کردووە، بەڵام ئەنجامی نەبووە. بان کی مۆن، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان[30] دووجار لە 24ـی تەممووزی

پەیوەندیی داعش لەنێوان عێراق و سووریادا ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی شنگال لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە پاڵپشتیی ئاسمانیی فڕۆکەی هاوپەیمانان لە سێ قۆڵەوە دەستی پێکرد. لەو ئۆپەڕاسیۆنەدا شاری شنگال ئازاد کرا.

[30] - (بان کی مۆن) دیپلۆماتکار و وەزیری پێشووی دەرەوەی کۆریای باشوور کە لە لە ساڵی 2006 هەتا کۆتاییەکانی 2016 بۆ ماوەی دە ساڵ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

2014 و له 26ـی ئازاری 2016 سەردانی هەرێمی کرد. هەر دووجار پێمگوت کە باری ئاوارەکان زۆر قورسە و هەرێم بە تەنیا شانی داوەتە بەر و یارمەتییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئاستی پێویست نین و حکوومەتی عێراقیش بە هیچ شێوەیەك هاوکاریی هەرێمی نەکردووە. بە بان کی مۆنم گوت، بەغدا ئاوارە عێراقییەکان بە هاوولاتیی خۆی نازانێ بۆیە یارمەتییان نادات.

## نائومێدبوونی کورد لە عێراقی تازەدا

من هەر لە ساڵی 2010ـەوە هەستم بەوە کرد کە عێراقی تازەی دوای 2003 بەرەو هەڵدێر و تاکڕۆیی دەڕوا و لە زۆر کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و لێدواندا ئاماژەم بەو مەترسییە دا، هەوڵم دا هەموو لایەك ئاگادار بکەمەوە کە ئەگەر پێشێلکاریی دەستوور بەردەوام بێت و ڕەچاوی شەراکەت نەکرێت، عێراق تووشی نەهامەتیی زۆر گەورە دەبێت. بە داخەوە هۆشداری و ئامۆژگارییەکان بە هەند وەرنەگیران و ڕەوشی عێراق و پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدایش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەی زیاتری تێدەکەوت.

گەلی کوردستان پرسیاری ئەوە بوو دەبێ چ ڕێگایەك بگرینە بەر؟ چارەی بنەڕەتی دەبێ چۆن بێ؟ لە سەردەمی پاشایی و کۆماری و بەعسدا شەراکەتی کورد ژێر پێ خرا و گەلی کوردستان جینۆساید کرا. لە عێراقی فیدراڵی و دیموکراتیی دوای 2003یشدا هیچ هیوایەك نەماوە. کورد دەبێ چی بکات؟ ئایا سەدەیەکی تریش شەڕ بکات؟ نە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی شەڕ کۆتایی بە دەوڵەتی عێراق بهێنین و نە حکوومەتەکانی عێراقیش توانیویانە بە زەبروزەنگ و ئابڵۆقە و جینۆسایدکردن کۆتایی بە گەلی کوردستان بهێنن و بیتوێننەوە. باشە بۆچی ئەو دۆزەخە بەردەوام بێت؟ بۆ دەبێ هەر شەڕ و کێشە و ململانێ لە نێوانمان هەبێت؟ بۆ بیر لە ڕێگایەکی تر نەکەینەوە بۆ ئەوەی ئاشتی و برایەتی بۆ هەمیشە لە نێوانماندا بەرقەرار ببێت؟

ئەزموونە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە لێکترازاندنی بەزۆری میللەتان، سەر ناگرێت. بە هەمان شێوەش پێکەوەلکاندنی بەزۆری میللەتان ئەنجامی نابێت. لە دوای دووەم شەڕی جیهانیدا ئەڵمانیا لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە بەسەر دوو بەشی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا دابەش کرا. ئەگەرچی ئەم دابەشکردنە چەند دەیەی خایاند، بەڵام سەرئەنجام لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە ڕووخاندنی دیواری بەرلین کۆتایی بەم دابەشکارییە زۆرەملێیە هێنرا و ئێستا هەردوو بەشی ئەڵمانیا یەکیان گرتووەتەوە. ئەم بابەتە بۆ چیك و سلۆڤاکیایش بە شێوەیەکی تر بوو. چیك و سلۆڤاکیا پێشتر بە زۆر لێك دران و دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیای لێ کەوتەوە. بەڵام دواتر لە یەکتر جیا بوونەوە و ئێستا دوو دەوڵەتی جیان و بە ئاشتی لە تەك یەکتردا دەژیێن.

بە زۆر پێکەوەلکاندنی پێکهاتەکانی عێراقیش لە سەد ساڵی ڕابردوودا کارەساتی گەورەی لێ کەوتووەتەوە. ڕەنگە دوو برا لەناو یەك ماڵدا تووشی کێشە و ناکۆکی ببن. بەڵام ئەگەر براکان ماڵیان جیا بکەنەوە کۆتایی بە ناکۆکییان دێت و تا هەتا برا و پشتی یەکتر دەبن. ئەمە چارەسەرێکی بنەڕەتی بوو بۆ پێوەندیی نێوان کوردستان و بەشەکانی تری عێراقیش. هەڵبەت ئەم پرسیارانە ببوونە باسی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان و ناوەندە سیاسییەکان. بۆچی بە لێکتێگەیشتن و برایانە نەبینە دوو برا و دوو دراوسێ و تاهەتایە لە تەنیشت یەکتر بە ئاشتی نەژیین؟ بۆ نەبینە پشتی یەکتر و قووڵاییی ستراتیژی و ئابووری و ئەمنیی یەکتر؟

بۆ نەبینە تەواوکاری بووژانەوە و پێشکەوتنی ئابووری و بوارەکانی تر لە ناوچەکەمان و بۆ هەمیشە کۆتایی بە کارەسات و گرفتە ئاڵۆزەکانمان نەهێنین؟ ئەم پرسیارانە بۆیە هاتنە ئاراوە چونکە بە داخەوە ڕێگای تریان بۆ گەلی کوردستان نەهێشتەوە تا بتوانین بە ئاشتی و بەبێ کێشە لەناو دەوڵەتی عێراقدا بژین. هەموو ڕێگاکانمان تاقی کردنەوە، بەڵام ئەنجامەکەی شکست بوو. بە درێژاییی چەند ساڵای ڕابردوو ئەم ڕاستییەم لەگەڵ زۆر لە کەسایەتی و بەرپرسانی عێراقی و هەروەها کەسایەتی و دیپلۆماتکارە بیانییەکاندا باس کردووە. پێم ڕاگەیاندوون کە ئێمە ڕووبەڕووی کێشەیەکی چارەنەکراوی سەد ساڵەین. ماندوو بووین و چیتر ئەو توانایەمان نەماوە لەگەڵ کێشە و قەیران و شەڕدا هەڵ بکەین. ئێوە وەرن پێمان بڵێن کە گەلی کورد چی تر بکات بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە و گەلی کوردستان چ ڕێگایەکی تر تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە عێراقدا بمێنێتەوە. تاکە زامنی مانەوەی ئێمە لەگەڵ عێراقدا دەستوورە. دەستووریش پێشێل کراوە و ڕۆژانە زێدەڕۆیی بەسەر داوا و مافەکانی خەڵکی کوردستاندا دەکرێت.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەرگیز کێشەی لەگەڵ برا عەرەبەکانمان نەبووە. کێشەی ئێمە لەگەڵ ڕژێمەکان و عەقڵیەتی حوکمڕان بووە لە عێراقدا. هەر لەسەر بڕوابوون بەو بنەمایەش کە دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ئەیلوول، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بووە. بە درێژاییی خەبات و شۆڕشی گەلی کورد تەنانەت یەك جاریش شۆڕشی کورد پەنای بۆ کردەی

تیرۆریستی یان ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی سڤیلی عەرەب نەبردووە، بۆ ئەوەی گرفتی سیاسیی نێوان ئێمە و حکوومەت نەکرێتە گرفتێکی نەتەوەیی. ئەگەر ئەو گرفتانەی ئێستا هەن هەر وا بمێننەوە، ئەوا ئەگەری زۆرە گرفتەکان ببنە کێشە و ناکۆکیی نەتەوەیی و ئەتنیکی و کارەساتە ڕاستەقینەکە ئەوکات دەست پێ دەکات.

هەر لەو میانەیە و هاوکات لەگەڵ شەڕی داعشدا، بە داخەوە دەمانبینی کە بە مەبەست شەپۆلێك هەیە بۆ ئەوەی شەقامی عەرەبی لە دژی کورد هان بدەن. ئەوە کارێکی نابەرپرسانە و بێویژدانانە بوو کە هەندێک لایەنی عێراقی دەیانەویست بەمجۆرە و لەسەر دژایەتیکردنی مافەکانی کورد پێگە و دەنگ بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەمانە هەمووی زەنگی مەترسیی جیددی بوون کە داهاتووی عێراق تاریکتر و نادیارتر بکات. بە پێشکەوتن و ئاوەدانی و بووژانەوەی ژیان لە هەرێم تەنگاو بوون. دەیانگوت کوردەکان دەوڵەمەند بوونە و پارە و نەوتی عێراق دەبەن. کەچی دەوڵەتی عێراق سەد ساڵە نەوتی کوردستان دەبات و بە نەوتی کوردستان بووە دەوڵەت و چەکی پێ کڕی و شەڕی کورد و دراوسێکانیشی پێ کرد.

لەم بارودۆخەدا ئێمە بە تەواوەتی نائومێد بووین کە لەگەڵ عێراقدا بمێنینەوە. پێویست بوو بە ئاشکرایی باسی مافی ڕەوای گەلی خۆمان بکەین کە سەربەخۆیی و سەروەرییە. گەلی کوردستان هەموو ئەو بنەما سەرەکییانەی هەیە بۆ ئەوەی وەك گەلانی تری جیهان دەوڵەتی خۆی هەبێت. بەڵام دەبێ پیادەکردنی ئەو مافە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێی دیالۆگەوە بێت لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان. ئەوەشمان باش دەزانی کە ماف ئەگەر نەسەندرێت، نادرێت. ئەگەر کوردستان چاوەڕێی ئەوە بێت کە لەسەر سینییەکی زێڕین سەربەخۆیی پێشکەش بکرێ، بە دڵنیاییەوە هەرگیز ئەو چاوەڕوانییەی نایەتە دی.

ئێمە لە 1991 بەملاوە، بۆ دراوسێکان سەلماندمان کە سەرچاوەی هەڕەشە نین. دراوسێکان پێشتر بە گومان و بە چاوی هەڕەشەوە سەیری بابەتی فیدڕالیزمیان دەکرد. لەناو عێراقیشدا بە هەمانشێوە دوودڵی و دوژمنکاری بەرانبەر سیستمی فیدڕاڵی هەبوو. بەڵام مانای فیدڕاڵیزم زۆر سادە بوو. فیدڕاڵیزم دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز و سامانە کە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان پێڕۆ دەکرێ کە فرەپێکهاتە و فرەنەتەوەن.

لە 2ـی شوباتی 2015 لە کۆنفڕانسی میونشن[31]، ژمارەیەك لە سەرکردەکانی وڵاتانم بینی. لە نێوانیاندا خاتوو ئەنگێلا میرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا. سەرۆك و سەرکردەکانی وڵاتان هەر هەموویان سەرسام بوون بە سەرکەوتن و قارەمانێتیی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆر. هەستم کرد وەك پێشان باسکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بە لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە تابۆ و قەدەغە نییە. دەکرا ڕاشکاوانە باسی ئەو مافە سرووشتیەی گەلی کوردستان بکرێت. هەر لە کۆنفڕانسی میونشن بابەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆییم لەگەڵ عەبادیی سەرۆك وەزیرانی عێراق باس کرد و پێم ڕاگەیاند، دەبێ ئەو بابەتە بە لێکتێگەیشتن و دیالۆگ و ئاشتیانە چارە بکرێت.

[31] - کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن، کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتیی بەرفراوانە کە ساڵانە بە بەشداریی نوێنەرانی وڵاتان لە بوارەکانی سیاسیی، ئابووریی، سەربازیی و هە والگریی لە شاری میونشنی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت.

## سەردان بۆ ئەمەریکا

لە مانگی ئایاری 2015دا سەردانی ئەمەریکامان کرد و لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جۆ بایدن کە ئەوکات جێگری سەرۆك بوو، کۆ بووینەوە. بەر لە سەردانەکە لەگەڵ تێکڕای پارتە سیاسییەکانی کوردستان کۆ بوومەوە و پرسیارم لێ کردن ئایا پێیان باشە بابەتی سەربەخۆیی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا باس بکەم. هەموو لایەنەکان پێیان باش بوو کە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەم.

دوای بەدەستهێنانی ئەو پشتگیرییە سیاسییەی لایەنەکانی هەرێم، ئامادەکارییەکان بۆ سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا ئەنجام دران. لە سەفەرەکەدا بە مەبەست ویستم قوباد تاڵەبانیی جێگری سەرۆکی حکوومەت کە کوڕی خوا لێی خۆش بێ مام جەلالە و دەرباز کۆسرەت کە وەزیری حکوومەت و کوڕی کۆسرەت ڕەسووڵ و هەروەها مستەفا سەیدقادر کە لە بزووتنەوەی گۆڕان بوو و وەزیری پێشمەرگە بوو، لەگەڵ ئەو شاندە کوردستانییە بن کە سەردانی کۆشکی سپی دەکەین. ویستم ئەوان دواتر شاهیدیی ئەوە بدەن کە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و بەرپرسە ئەمەریکاییەکان چۆن باسی سەربەخۆیی و مافەکانی گەلی کوردستانم کردووە و هەڵوێستی ئەمەریکایش

ببینن و بۆ حزبەکانیان و جەماوەری خۆیان باسی بکەن. ویستم ئەوانم لەگەڵ بن و شاهید بن بۆ ئەوەی دواتر کەس نەڵێ سەربەخۆیی بابەتێکی شەخسیی مەسعود بارزانییە. بەڵکو، ئەوە بزانن کە سەربەخۆیی پەیوەستە بە ژیان و چارەنووسی هەموو هاووڵاتیان بە بێ جیاوازیی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مافی هەمووانە.

بەپێی خشتەی سەردانەکەی شاندی هەرێم بۆ ئەمەریکا ڕۆژی سێشەممە 5ـی ئایاری 2015، لە کۆشکی سپی سەرۆك ئۆباما پێشوازی لێ کردین. لە کۆبوونەوەکەدا جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئامەریکا و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و چەند ڕاوێژکارێکی کۆشکی سپی ئامادە بوون. زۆر بە ڕاشکاوی موعاناتی سەد ساڵەی گەلی کوردستانم بۆ سەرۆك ئۆباما باس کرد و پێم گوت، ئێمە هەموو ڕێگەیەکمان تاقی کردووە و لەم دۆخە ماندووین. گەلی کوردستانیش سەد ساڵە قوربانی دەدات و بەپێی هەموو یاسا و عورفە ئاسمانی و مرۆڤییەکانیش مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و خۆی ببێتە خاوەنی بڕیاری خۆی و ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر کە بە باشی دەزانێت. پێم گوت کە ئێمە بەرەو ڕیفراندۆم دەڕۆین، بەڵام ئێستا ئەولەویەتی سەرەکیی ئێمە شەڕی داعشە. بەغدا شەراکەتی پێ قبووڵ ناکرێ و ئێمەیش ناتوانین پاشکۆبوون قبووڵ بکەین. ئەگەر ئەو سیاسەتەی بەغدا بەردەوام بێت ئێمە ناتوانین بەم جۆرە لەگەڵیان بەردەوام بین؛ سەرۆك ئۆباما زۆر بە باشی گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو. گوتی لەبارەی کوردم خوێندووەتەوە و ئاگاداری مێژووی کورد و خەبات و نەهامەتییەکانی گەلی کوردستانم. لە نیاز و تەمای گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی تێدەگەم، بەختەوەریشم کە لێتان دەبیستم لە ئێستادا ئەولەوییەت ڕاماڵین و نەهێشتنی داعشە. سەرۆك ئۆباما گوتیشی دۆسیەی کورد و عێراق لە دەستی جێگری سەرۆك (جۆ بایدن)ـە. لەگەڵ جێگری سەرۆك دانیشن و قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن.

ڕۆژی دواتر لە 6ـی ئایاری 2015 بۆ نانی بەیانی میوانی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بووم. دانیشتنێکی درێژمان هەبوو کە چەند سەعاتێکی خایاند. زۆر بە وردی گفتوگۆمان لەبارەی مێژووی هاوبەشی سەدساڵەمان لەگەڵ عێراق و بابەتی سەربەخۆیی کوردستان کرد. ئەو تێڕوانینی وڵاتەکەی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وردی خستەڕوو و لە کۆتاییی قسەکانیشیدا پێی گوتم، "من و تۆ هەردووکمان لە تەمەنی خۆماندا سەربەخۆیی کوردستان بە چاوی خۆمان دەبینین.

" هەر لەو سەردانەدا لە ئەمەریکا لەگەڵ ئاشتن کارتەر، وەزیری بەرگری و ژمارەیەك کۆنگرێسمانی ئەمەریکادا کۆ بوومەوە. هەروەها لەگەڵ سەرۆکی ژووری ئابووریی ئەمەریکا و ژمارەیەك لە ئاکادیمی و میدیاکاران و ڕەوەندی کورد لەو وڵاتە دیدارم هەبوو. لە هیچ کامێك لەو دیدارانەدا کەس نەیدەگوت نابێ ڕیفراندۆم بکەن یان نابێ بەرەو سەربەخۆیی بڕۆن، تەنیا پرسیاری کاتەکەیان دەکرد. بەرپرس و سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا زۆر سوپاسگوزاری فیداکاریی پێشمەرگە بوون و پێزانینیان بۆ خۆڕاگریی گەلی کوردستان و دڵفراوانیی خەڵکی کوردستان هەبوو لە حەواندنەوەی سەدانهەزار ئاوارەی بێ نەوا کە بە هۆی هەڕەشە و ستەمکاریی تیرۆریستانی داعشەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

دوای گەڕانەوەم لە ئەمەریکا، دەستبەجێ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دانیشتم و ئەنجامی سەردانەکەم بۆ لایەنەکان باس کرد. لە کۆبوونەوە مێژووییەکەی 18ـی ئایاری 2015دا لایەنەکان ڕا و بۆچوونی خۆیان بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی بە ئاشکرا دەربڕی. بیرم دێت هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سەرسامیی خۆی بە ئەنجام و دەستکەوتەکانی سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا نیشان دا و گوتیشی: "جەنابی کاك مەسعود، پێدەچێ بە دەستێکی پڕ گەڕابیتەوە بۆ کوردستان،

ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە و بەرپرسیارێتییەکی گەورەیشە. ئایا تۆ ئامادەی ئەو بەرپرسیارێتییە قبووڵ بکەی؟" لە وەڵامدا پێم گوت "بەڵێ مامۆستا بەرپرسیارێتییەکی گەورە و مێژوییە و ئامادە هەڵیبگرم بەڵام، بە مەرجێك لەناوخۆدا تێکی نەدەن."

ڕاستییەکەی ئەو وەڵامەم لەبەر ئەوە بوو چونکە لەوە دڵنیا نەبووم کە ئایا بەشێك لە حزبەکان هەتا سەر لە پرۆسەی سەربەخۆییدا لەگەڵ گەلی کوردستاندا دەمێننەوە، یان بە پێچەوانەوە و لە نیوەی ڕێدا پشت لە ویست و ئیرادەی گەلەکەیان دەکەن. مانگێك دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە بری کارکردن بۆ بابەتێکی چارەنووسسازی وەك سەربەخۆیی، بینیمان کە حیزبەکان لە پارلەمان سەرقاڵی دروستکردنی قەیران و کۆدەتا بوون و ڕووداوەکانی بیست و سێی حوزەیران و دواتری لێ کەوتەوە. ئەگەر لە ساڵی 2015 لایەنەکان کاریان بە بەڵێنەکانی خۆیان کردبا و بەرەو قەیرانسازی نەڕۆیشتبان، ئێستا هەموومان لە دۆخێکی تردا بووین. بینیشمان لە ڕیفراندۆمی 2017 چۆن هەندێ لایەن بە هەموو هێزەوە لە دژی ڕیفراندۆم وەستان و ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆمیش گەواهیین بۆ سەلماندنی ئەو ترسەی من کە بەردەوام هەمبووە.

## سەردان بۆ بەغدا

لە 29ـی مانگی ئەیلوولی 2016 کە داعش دوچاری شکستی یەك لە دوای یەك و لاواز بوو، لەگەڵ شاندێکی باڵای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەردانی بەغدامان کرد.

یەکەم وێستگەی سەردانەکەمان دیتنی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق بوو. لەگەڵ عەبادی باسی تەحەدییاتی هاوبەشی عێراق و هەرێممان کرد کە بریتی بوو لە شەڕی داعش و مەسەلەی ئاوارەکان. پێشمراگەیاند کە شاندی کوردستان بۆ ئەوە هاتووە ڕۆشنایی بخاتە سەر ئایندەی پێوەندییەکان و جۆری پێوەندی و هەوڵی هاوبەشی هەردوو لا بۆ سەقامگیری و ئاسایش و بووژانەوەی ئابووری و دووبارە ئاوەدانکردنەوە. ویستمان بە سەرۆك وەزیرانی عێراق بڵێین کە هاتووین بە زمانی لێکتێگەییشتن و دیالۆگ و نیەتێکی سافەوە لەبارەی ئاییندەوە قسە بکەین و عێراق و هەرێم ببنە قووڵاییی بەرژەوەندی و ستراتیژیی یەکتر.

هەر هەمان ڕۆژ دیدارێکی بەرفراوانمان لەگەڵ کەسایەتییە عێراقییەکان و سەرۆك کوتلە سیاسییەکانی عێراقدا هەبوو و داوام لێ کردن، بۆ نەهێشتنی کێشەکان بیر لە ڕێچارەیەکی بنەڕەتی بکرێتەوە. هەروەها دیدارمان لەگەڵ کوتلەی سەدر و ئیتیلافی نیشتیمانی و ئیئتیلافی عەرەبی و سەرکردە سوننەکان و سەرکردایەتیی حزبی دەعوە هەبوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە شیعەکان لەماڵی سەید عەمار حەکیم ئەنجام دا.

لەو کۆبوونەوەیەدا وتەیەکم پێشکەشی ئامادەبووان کرد و باسم لەوە کرد کە هاتنی ئێمە پەیامە بۆ چارەکردنی گرفتە سەد ساڵەکەی نێوانمان. بە هەوڵی هەموو لایەك وا داعش ڕووی لە شکستە و پێویستە خۆمان بۆ قۆناغی دوای داعش ئامادە بکەین. بە ڕاشکاوی بۆ نوێنەر و کەسایەتییە شیعەکانم ڕوون کردەوە کە کورد لە دوای 2003وە وایدەزانی دەستوور بنەمای پرۆسەی سیاسی و ژیانی تازەیە. بە داخەوە ترازانێك دروست بووە و وای لێهاتووە ئەو شیعەیە کە بە پاك و باش وەسف دەکرێت، دژایەتیی مافەکانی کورد بکات. بەشی ئێمە لە شەراکەت لەگەڵ دەوڵەتی عێراق 4500 گوندی وێران و 12000 گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن و 8000 ئەنفالی بارزانی و 180000 هاووڵاتی تر لە نەتەوەی کورد ئەنفال کراون و هەزاران کوردیش بوونە قوربانیی چەکی کیمیایی.

لە پاش 1991 لەپێناو عێراق و بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی تازە و ئاشتی، لەگەڵ تاوانباراندا دانیشتین و تۆقەمان لەگەڵ ئەو دەستانەدا کرد کە بە خوێنی میللەتەکەمان سوور بوون. من کە ئەو کات هاتمە بەغدا بەنێو ڕووباری خوێنی گەلەکەمدا هاتمە بەغدا. بەڵام بۆ ئەوە هاتینە بەغدا کە لەبەر خاتری عێراق و لەبەر خاتری پێکەوەژیان و ئاشتی لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەینەوە. کەچی ئەوەیشیان پێ ڕەوا نەبینین و وەك تاوانبار سەیری ئێمەیان دەکرد. ئێستایش بە داخەوە دوای قۆناغی 2003 وای لێهات شیعە کە هاوپەیمانی کورد بوو، نانی کوردی بڕی. نەدەبوا بە ئاسانی دەستیان بۆ ئەوە بچێ گەلی کورد سزا بدەن.

بە سەرکردە شیعەکانم گوت، ئێمە لە هەر دوو قۆناغ لە شەراکەت فەشەلمان هێناوە و دەبێ بە دوای چارەیەکی تازەدا بگەڕێین و داهاتوو لەسەر بنەمایەکی تر بنیات بنێین. وەرن با بە لێکتێگەیشتن ببینە دوو برا و دوو دراوسێی ڕاستەقینە، مادام ناتوانین شەریك بین. داوا دەکەین لێمان تێ بگەین. هەر لەو دانیشتنە بەرفراوانەدا زۆربەی کەسایەتییە شیعەکان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە لە ڕابردوودا هەڵەی زۆر ڕووی داوە و دەبێ بە دوای چارەدا بگەڕێین. بەڵام هەر ڕێگەیەك و بژاردەیەك هەبێ نابێ شەڕ و خوێنڕشتن ڕوو بدات. هەر لەوێ بڕیار لەسەر ئەوە درا کە لە بەغدا لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێت بۆ گفتوگۆ و دیراسەکردنی پێوەندییەکان لە داهاتوودا کە ئایا شەریك بمێنینەوە یان ببینە دراوسێ، لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ لێکتێگەییشتن هەبێت.

## بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

سەردانەکەی بەغدا و گەیاندنی پەیامی هەرێم بۆ لایەنە عێراقییەکان هیچی لە دۆخەکە نەگۆڕی و حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە بڕینی بودجە هەرچەندە لە شەڕی داعشدا هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەماهەنگییان هەبوو. پێشتر و بەر لە سەردانم بۆ بەغدا شاندێکی لایەنە شیعەکان کە پێکهاتبوون لە هادی عامری و خالید عەتییە و سادق رکابی سەردانیان کردم. بە شاندەکەم گوت، وەرن با چارەیەك بۆ ئەم دۆخە بدۆزینەوە. یان با شەراکەت جێبەجێ بکرێت یان بە شێوەیەکی ئاشتیانە ببینە دوو برا و دوو دراوسێ، یانیش بەپێی ئاماژەکان دەبێ شەڕ لە نێوانماندا ڕوو بدات. لەوێ بوو هادی عامری گوتی نەعوزو بیللا موستەحیلە نابێ شەڕ لەنێوانماندا ڕوو بدات. دواتر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی لەبارەی جیابوونەوە هێنایەوە و گوتی: "فامساك بمعروف او تسريح باحسان[32]."

هەموو ئەو پێشێلکارییە دەستووریانەی ڕوویان دا، لەگەڵ پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکان و تێکچوونی تەوافوق لە یاسادانان و نەمانی تەوازون لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و بڕینی بودجە و گوشارهێنان بۆ کوردستان، وای لە ئێمە کرد بگەین بەو باوەڕەی کە ئێمە لە دەوڵەتی عێراقی دوای 2003 شەریك نین و لە داهاتوویشدا بە شەریکمان نازانن، بۆیە دەبێ بە دوای چارەدا بگەڕێین.

---

[32] - فامساك بمعروف او تسريح باحسان، دەستپێکی ئایەتی 229ـی سوورەتی (بەقەرە)ـی قورئانی پیرۆزە کە باس لە بابەتی جیابوونەوە دەکات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، پێشتر لە 3ـی تەمموزی 2014 سەردانی پارلەمانی کوردستانم کرد. لە پارلەمانی کوردستان وتەیەکم پێشکەش کرد و تێیدا باسی بارودۆخی سیاسیی عێراق و قەیرانی ئەم دواییەم کرد و ئاماژەم دا، کە کوردستان دە ساڵ هەوڵی دا پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و پێکەوەژیان لە عێراقدا سەربکەوێت، بەڵام پێشێلکردنی دەستوور و هزری تاکڕۆیی و خۆسەپاندن و پەراوێزخستن نەیهێشت ئەم هەوڵانە سەر بگرن و عێراق گەییشتە ئەم ڕۆژەی کە ئێستا دەیبینین. گوتیشم کە کوردستان بە هیچ شێوەیەك هۆکاری ئەم دۆخەی ئێستای عێراق نییە و ئەوانەی کە دەستیان هەبووە دەبێ بەرپرسیارێتییەکەی هەڵگرن. ئێستا کاتیەتی کە کوردستان خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و ئەو مافەش دەستوورییە و دەستووری عێراق ڕێگەی داوە کوردستان چارەنووسی خۆی دیاری بکات، چونکە لە دەستووردا هاتووە پابەندبوون بەم دەستوورە یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت. داوایشم لە پارلەمانی کوردستان کرد پەلە بکەن لە پەسەندکردنی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و بە زووترین کات دەستەی باڵای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن دابمەزرێت، هەروەها پارلەمانی کوردستان خۆی بۆ ئەو ڕێوشوێنانە ئامادە بکات کە بۆ ڕیفراندۆمی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان پێویستە.

لە دوای ئەو ڕێکەوتەشەوە پێشێلکارییەکانی حکوومەتی عێراق بەردەوام بوون. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا، هەرێم باجێکی گەورەی مرۆیی و ئابووری لە شەڕی داعش دا. میوانداریی سەدانهەزار ئاوارەی کرد. کەچی حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە بڕینی قووتی خەڵك و بە بیانووی جۆراوجۆر شانی نەدەدایە بەر چارەکردنی کێشەکان. جێی داخ بوو نەشمانبیست مەرجەعیەتی شیعی بۆ یەکجاریش ئامۆژگاریی حکوومەتی عێراق بکات تا بودجەی هەرێمی کوردستان بداتەوە کە بە ڕێکارێکی نایاسایی بڕیبووی.

لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ، ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە هێڵی بەرگریی داعشی بە درێژایی 107 کیلۆمەتر شکاند، ئینجا ئەو هێزە بگەڕێتەوە خاڵی پێش 17ـی 10ـی 2016 کە ڕۆژی دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ بوو. پێشمەرگە شەڕی کرد و هێڵی بەرگریی داعشی شکاند و کلیلی مووسڵی دایە دەست هێزە عێراقییەکان و بە تەواوەتی پابەندی ڕێککەوتنەکە بوو، (نەخشەی ژمارە 5 )، بەڵام حەشد و هێزە عێراقییەکان ڕێککەوتنەکەیان پێشێل کرد. لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵدا وا بڕیار بوو سەرۆك وەزیرانی عێراق بڕی دە ملیار دینار وەك یارمەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بنێرێت بۆ تۆکمەکردنی هێڵی نوێی پێشمەرگە، کەچی ئەو بەڵێنەشی پشتگوێ خست.

جگە لە هەموو ئەوانەش ئێمە زانیاریمان هەبوو کە هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی کە ڕێککەوتنی ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی مووسڵیشیان پێشێل کردبوو، پلانی ئەوەیان هەیە کە دوای شەڕی داعش لە ناوچەکان پاشەکشە نەکەن و داوای ئەوەیان لە پێشمەرگە دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ سنوورەکانی 2003. لە حاڵێکدا سنووری 2003 سنووری نێوان پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس بوو و بە هیچ شێوەیەك .(

پلانی ئەوەیان هەبوو کە شنگال و ناوچەکانی تری 140 کە پێشمەرگە بە خوێنی خۆی بۆ ماوەی چوار ساڵ پاراستبوونی بگرنەوە. جگە لەوەش داعش لە تەلەعفەر[33] شەڕی نەکرد و بەبێ شەڕ شارەکەی بۆ حەشد چۆڵ کرد. هەورەها ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی حەویجە بە بیانووی جۆراوجۆر دواخرا.

---

[33] - کەوتووەتە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا و حەفتا کیلۆمەتر لە شاری موسڵەوە دوورە و نزیکەی شەست کیلۆمەتریش لە سنووری سووریاوە دوورە و بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە پێکهاتەی تورکمانن.

مەترسیی دواخستنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی حەویجەمان بۆ دوای ئازادکردنی مووسڵ لەبەرچاو بوو. دواخستنی دوایین مەنزڵگای داعش (حەویجە)[34] ئاماژەیەکی ڕوون بوو کە دەیانەوێ دوای ئازادکردنی هەموو شوێنەکان لە داعش بە ناوی ئازادکردنی حەویجە و بەو بیانووەوە هێزێکی زۆر بهێننە دەوروبەری کەرکووک. چونکە لە بنەڕەتدا مەبەستیان بوو کەرکووك لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دەربێنن. پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ ئاماژە و پەیامی مەترسیداری تێدا بوون.

ئێمە کە بە نیەتێکی ساف هەماهەنگی و هاوکاریمان کرد بۆ گرتنەوەی مووسڵ، بە هیچ شێوەیەك بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەوان بەمجۆرە خیانەت بکەن و ڕێککەوتن پێشێل بکەن و بەمشێوەیە هەڵسوکەوت بکەن. پێشبینیمان نەدەکرد برایانی شیعە کە لەسەر شانی ئێمە و بە هاوکاریی ئێمە هاتنە سەر دەسەڵات، بەرانبەر گەلی کورد هەڵوێستیان دوژمنکارانە بێت. هەر بە هۆی ئێمەوە بوو کە ئەمەریکا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو ئامادە بوو لەگەڵ بەشێکی سیاسەتمەدارانی شیعە مامەڵە بکات. سەرباری ئەوەش ئێمە لەوە پشتڕاست بووین کە گەلی کوردستان کێشەی تایەفی نییە و ناشبێتە بەشێك لەو گرفتە قووڵەی لەگەڵ عێراقدا هەیە.

کوردستان بنەماکانی وڵاتی هەیە و مافی خۆیەتی گوزارشت لە ویستی خۆی بکات. ئەو دەستوورەی کە بووە بنەمای پێکەوەبوونی پێکهاتەکانی عێراق پێشێل کرابوو. لە دیباچەی دەستووری عێراقیدا بە ڕوونی هاتووە کە پابەندبوون بەم دەستوورە زامنی مانەوەی عێراقە بە یەکگرتوویی.

لە ساڵانی ڕابردوودا حکوومەتی عێراقی 55 ماددەی دەستووری پێشێل کردبوو. پرەنسیپەکانی شەراکەت لە حوکمڕانی و هاوسەنگی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و سوپا و ئابووری و سازان لە بڕیاردان و یاسادانان بە تەواوەتی پێشێل کرابوون. لۆژیکی سەپاندنی ڕای زۆرینە شوێنی ئەو پرەنسیپانەی گرتبوو کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزرابوو. بەپێی لۆژیکی سەپاندنی ڕای زۆرینە، ئیدی هیچ گۆڕەپانێك بۆ کورد و پێکهاتەکانی تر مانای نەمابوو. بەردەوام ڕێککەوتنەکان پێشێل دەکران. هەموو ساڵێك لە یاسای بودجەدا هەوڵ دەدرا شایستە داراییەکانی هەرێم بچووك و بچووکتر بکەن و پاشان هەر بڕیان. ئیتر هیچ پاڵنەرێکی تر بۆ ئێمە نەمابوو کە بتوانین بەردەوام بین و لەگەڵ عەقڵیەتێکدا بژیین بڕوای بەوە نییە شەریك قبووڵ بکات. پرسیار ئەوەیە مادام ڕێ نەدرێ ئێمە لە وڵاتدا شەریك بین، بە چ ئومێدێك لەو وڵاتەدا ئەندام بین؟ لە زۆر قۆناغیشدا لەبەر خاتری عێراقی تازە و لەسەر بەڵێنی ئەمەریکا چاوپۆشیمان لە زۆر لە مافەکانی خۆمان و زێدەڕۆییەکانی حکوومەتی عێراقی کردبوو.

هەموو ئەوانە هۆکار بوون تا لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان بگەینە ئەو ئەنجامە کە یان دەبێ شەریك بین لە دەوڵەتی عێراق، یانیش وەك سەدساڵی ڕابردوو هەر لە بازنەیەکی بەتاڵدا بسووڕێینەوە. کە بەغدایش نەتوانێ ئێمە وەك شەریك قبووڵ بکات، دەبێ ڕێی خۆمان بگرینە بەر.

قەیرانی سیاسی و ناوخۆییش بەرۆکی هەرێمی گرتبوو و هەندێک لایەن چوونە بەرەی دژی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆییەوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتبوو کە ڕێ بدرێت گەل قسەی خۆی بکات و هەموو لایەك بزانن ویستی خەڵکی کوردستان چییە. بۆ ئەوەی ئەو

---

[34] - چل و هەشت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای شاری کەرکووکەوە دوورە و زۆربەی دانیشتوانی عەرەبی سووننەن.

بیانووەش نەمێنێ کە سەربەخۆیی بە بابەتێکی تاکەکەسی یان ویستی لایەنێك بزانن. دەبوایە بگەڕێینەوە بۆ باڵاترین سەرچاوەی شەرعیەت کە ویست و خواستی گەلە.

ئەوە بوو ڕۆژی چوارشەممە 7ـی حوزەیرانی 2017، لە کۆبوونەوەیەکی مێژوو‌ییدا، سەرۆکایەتیی هەرێم و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و نوێنەری پێکهاتەکانی کوردستان، بڕیارێکی مێژووییان دا و 25ـی ئەیلولی 2017ـیان وەك ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەستنیشان کرد. لە ڕاستیدا بەر لە کۆبوونەوەکە کەس نەیدەزانی کە لە چ ڕۆژێکدا ڕیفراندۆم ئەنجام دەدرێت. دیاریکردنی ئەو ڕۆژە لەسەر پێشنیازی لایەنە سیاسییەکان و بە ڕاوێژ لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان بوو. کۆمیسیۆن بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی وەها مەزن پێویستی بە کات بوو. نوێنەرانی کۆمیسیۆن کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون ڕایانگەیاند، لە نێوان بیست تا سیی ئەیلول ئەوان دەتوانن پرۆسەکە ئەنجام بدەن. کۆبوونەوەکەش ڕۆژی 25ـی ئەیلوولی بۆ بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەستنیشان کرد. شیاوی ئاماژەپێدانە لایەنە سیاسییەکان لە کۆبوونەوەکەدا پێداگرییەکی زۆریان لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە ڕیفراندۆم لە کەرکووك و ناوچەکانی تری 140 بکرێت.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا دوای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە، ئامادەبووان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بۆ مسۆگەرکردنی کۆدەنگیی نیشتیمانی، پارلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە و هەوڵی نەهێشتنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان بدرێت. لە هەمان کاتیشدا کار بۆ باشترکردنی بژێویی ژیانی خەڵك و مووچەخۆر و چینوتوێژەکانی کوردستان بکرێت. کۆبوونەوەکە بڕیاریشی دا ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێم پێك بهێنرێت و حزبەکان لە ماوەی پێنج ڕۆژدا نوێنەرەکانیان بۆ کۆمیتە تایبەتەکانی ڕیفراندۆم دیاری بکەن.

ئەو حیزبانەی ئیمزایان لەسەر کۆنووسی کۆبوونەوەکە کرد بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، پارتی چاکسازیی پێشکەوتووی کوردستان، لیستی هەولێری تورکمانی، بەرەی تورکمانیی عێراق، پارتی گەشەپێدانی تورکمان، لیستی ئەرمەن لە پارلەمانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ئەنجوومەنی گەلی کلدان سریان ئاشوور. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لە ڕاگەیێندراوێکدا گەلی کوردستان لەو بڕیارە مێژووییە ئاگادار کرانەوە. دەقی ڕاگەیێندراوەکە بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

ڕۆژی چوارشەممە 7ـی 6ـی 2017 لە سەڵاحەددین نوێنەرە باڵاکانی پارتە سیاسییەکانی ناو پارلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و سەرۆك و جێگری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆ بوونەوە.

لە کۆبوونەکەدا بە تێروتەسەلی بابەتی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان و کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی تاوتوێ کران و ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر پێویستیی ڕیفراندۆم و چارەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم و بارودۆخی ژاتی و مەوزووعیی هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بە تێکڕای دەنگ لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن:

یەکەم: ڕۆژی بیستوپێنجی ئەیلوولی 2017 وەك ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دیاری کرا.

دووەم: هەر لە ڕۆژی کۆتاییی کۆبوونەوەکە هەتا کاتی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لایەنەکان کار بۆ کاراکردنەوەی پارلەمان و چارەکردنی کێشە سیاسییەکان بکەن، ئەوەش لەپێناو بەدەستهێنانی کۆدەنگیی نیشتیمانی.

سێیەم: جەخت لەسەر چاککردنەوەی بژێویی خەڵك و ئاوڕدانەوە لە کێشە ئابوورییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان و مووچەخۆر و چینوتوێژەکان و خەڵکی کەمداهات کرایەوە.

چوارەم: بڕیار درا بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێم. هەروەها بڕیار درا تا ڕێککەوتی 12ـی 6ـی 2017 پارتییە سیاسییەکان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداربوون لە چەند کۆمیتەی تایبەت بە ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم دیاری بکەن.

پارتیی دیموکراتی کوردستان
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
حیزبی شیوعیی کوردستان
حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتیی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
پارتیی چاکسازیی پێشکەوتووی کوردستان
لیستی هەولێری تورکمانی
بەرەی تورکمانیی عێراق
پارتیی گەشەپێدانی تورکمان
لیستی ئەرمەن لە پارلەمانی کوردستان
بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
ئەنجوومەنی گەلی کلدان سریان ئاشوور

ڕۆژی دواتریش بە فەرمانی هەرێمیی ژمارە 106 لە 8ـی 6ـی 2017 بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمم دەرکرد کە لە 25ـی ئەیلوولی 2017 بەڕێوە بچێت و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمم بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە ڕاسپارد.

لە فەرمانەکەدا سنووری ئەو ڕاپرسییە هەرێمی کوردستان و ناوچە ئیدارییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دیاری کرابوو و پرسیاری ڕاپرسییش بەمشێوەیە بوو، "ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟". وەڵامی پرسیارەکەیش بە بەڵێ یان نەخێر لە لایەن هاووڵاتیانەوە بدرێتەوە. فەرمانەکە کۆمیسیۆنیشی ڕاسپاردبوو بۆ ئەوەی بوار بۆ ڕەخساندنی هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق کە لە دەرەوەی وڵاتن بتوانن بەشداری ڕیفراندۆم بن. لە فەرمانە هەرێمییەکەدا ئەوەش هاتبوو کە دامەزراوە حکوومی و حیزبییەکان بە هیچ شێوەیەك بۆیان نییە دەستوەردەنە کاروباری بەرپرسان و سەرپەرشتیاران و ئەنجامدەرانی پرۆسەی ڕاپرسییەوە. فەرمانەکە پێشەکی و سێزدە خاڵی لەخۆ گرتبوو و لە پێشەکییەکەیدا ئەو هۆکارانە ڕوون کرابوونەوە کە لە پشتەوەی دەرکردنی فەرمانە هەرێمییەکەدان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

لە دوای ئەو هەنگاوە لە 10ـی حوزەیرانی 2017 لە سەڵاحەددین لەگەڵ 19 حیزب و لایەنی سیاسیی دەرەوەی حکوومەت و پارلەمانی کوردستان کۆ بوومەوە و دوای شیکردنەوەی هۆکارەکانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە داوایان کرد کە ڕۆڵیان هەبێت لە ئامادەکارییەکانی پرۆسەی ڕیفراندۆم و جەختیان لەوە کردەوە کە هەموو توانا سیاسی و جەماوەرییەکانیان دەخەنە خزمەت پرۆسەی سەرخستنی ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان. لایەنە سیاسییە بەشداربووەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: (یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی نەتەوەیی کوردستان، بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان، پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریی دیموکراتی کوردستان، حیزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی، حیزبی ئیتیحادی دیموکراتی کلدانی، ئەنجوومەنی نەتەوەیی کلدان، پارتی نیشتیمانیی ئاشووری، یەکێتیی بێت نەهرێنی نیشتیمانی، مینبەری دیموکراتی کلدانی، بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان، بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن، پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی تورکمان لە کوردستان، پارتی گەلی تورکمان، کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان، پارتی ڕزگاریی نەتەوەیی تورکمانی).

هەروەها بە مەبەستی هەنگاونانی پراکتیکیی زیاتر و ڕێکخستنی ڕاگەیاندنەکان و کاروباری ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم لە 11ـی ئەیلوولی 2017 فەرمانی هەرێمیی ژمارە 4م ئیمزا کرد، ناوەڕۆکی ئەو فەرمانە بڕیارێکی شەش خاڵی بوو. لە بڕیارەکەدا سکرتاریەتی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم پێك هێندرا، ئەرکی سکرتارییەتەکە بریتی بوو لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و دیکۆمێنتکردنیان و هەروەها ئامادەکردنی ئەجێندای کۆبوونەوەکان و بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی ئەنجوومەن و ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵا لە دەرئەنجامەکان. ڕێکخستنی سەردانی شاندەکان و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و دراوسێکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەرکێکی تری ئەو سکرتاریەتە بوو.

پێکهێنانی کۆمیتەی تایبەتی ڕاگەیاندن خاڵێکی تری ئەو بڕیارە بوو. بەپێی بڕیارەکە کۆمیتەکە سێ ئەرکی سەرەکی لەسەر شان بوو. ئامادەکردنی پرۆگرام و چالاکییەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ و عەرەبی و جیهانی و ئاشناکردنی هاووڵاتیان لەمەڕ پرۆسەی ڕیفراندۆم و هەروەها هاندانی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی ڕیفراندۆم.

خاڵی سێیەمی ئەو بڕیارە دیاریکردنی گوتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بوو کە دکتۆر فواد حوسێن بوو بە گوتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم. خاڵی چوارەمی بڕیارەکە ئامادەکردنی ڕەشنووسی بەڵگەنامەی تایبەت بە مافی پێکهاتەکان لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستانی لەخۆ دەگرت. بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی بەڵگەنامەی تایبەت بە مافی پێکهاتەکان لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستاندا لیژنەیەکی تایبەت پێك هێنرا کە د. خەلیل ئیبراهیم سەرپەرشتیی دەکرد. خاڵی پێنجەمی ئەو بڕیارە ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕاگەیاندنی بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت بوو لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستاندا کە د. کاوە مەحمود بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕەشنووسە ڕاسپێردرا و شەشەمین خاڵی ئەو بڕیارەش پێکهێنان و ناردنی شاندێك بوو بۆ سەردانکردنی لایەنە عەرەبییەکانی کەرکووك.

لەژێر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی 8ـی تەمموزی 2017ـی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و پارتییە سیاسییەکان بۆ هەنگاونانی پراکتیکی لە ئامادەکارییەکان، هەیکەلی کاری ئەنجوومەن و کۆمیتە لاوەکییەکان دیاری کران.

لە هەیکەلی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆمدا ئەرکی من سەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بوو. ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە باڵایە، مەلا بەختیار و د. ڕۆژ نووری شاوێس و هۆشیار زێباری و سەعدی ئەحمەد پیرە و د. فواد حوسێن و د. خەلیل ئیبراهیم و نوێنەرانی پێکهاتەی تورکمان و نوێنەرانی پێکهاتەی کریستیانەکان بوون و، لە بەشێك لە کۆبوونەوەکاندا بەپێی پێشهات و زەرووڕەتە سیاسییەکان کۆسرەت ڕەسووڵ، جێگری سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشیش و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیست دیموکرات و حیزبی زەحمەتکێشان و حزبەکانی تر بەشدار دەبوون.

وایش بڕیار درا کە ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم سکرتاریەتێکی هەبێت بۆ بەدواداچوونی کاروباری ڕۆژانەی ئەنجوومەن و کاری هەماهەنگی و هەورەها لە کۆبوونەوەکانی تر بڕیاری دیاریکردنی گوتەبێژی ڕیفراندۆمیش درا. بارەگای ئەو سکرتاریەتە لە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم لە شاری هەولێر بوو.

هەر لە کۆبوونەوەی 8ـی تەمموزی 2017ـی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و پارتە سیاسییەکان، ڕێککەوتنمان لەسەر ئەوە کرد حەوت کۆمیتەی فەرعی پێك بهێندرێن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان کە بریتی بوون لە کۆمیتەی یاسایی و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، کۆمیتەی گفتوگۆ لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووك و دەشتی نەینەوا، کۆمیتەی هەماهەنگی و کاروباری ڕاگەیاندن، کۆمیتەی سیاسی و ئابووری بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی ناوخۆیی هەرێم، کۆمیتەی دیپلۆماسیی پێوەندی لەگەڵ ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا و ڕووسیا و بەریتانیا و چین و وڵاتانی تر، کۆمیتەی دیپلۆماسی بۆ پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئێران و تورکیا، هەورەها کۆمیتەی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق.

# کاردانەوە و گوشارە نێودەوڵەتییەکان

پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان بیستوپێنجی ئەیلوولی وەك ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم دیاری کرد، هەوڵمان دا پەیامی گەلی کوردستان و هۆکارەکانی وەرگرتنی ئەو بڕیارە بۆ لایەنە عێراقییەکان و نوێنەرانی وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دراوسێکان شیی بکەینەوە. لە مانگی حوزەیران و تەمموز و ئابی 2017دا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە باڵیۆز و کۆنسوولی وڵاتان و میوانە بیانییەکان کۆبوونەوەم هەبوو. هەروەها لە ناوەڕاستی مانگی ئابیشدا شاندی دانوستانکاری هەرێم سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرۆك وەزیران و لایەنە شیعی و سوننەکان بە وردی باسی ئەو پاڵنەرانەیان کردبوو کە هانی گەلی کوردستانی داوە بۆ ئەوەی بەرەو ڕیفراندۆم هەنگاو بنێن.

من خۆم سەردانی ئەورووپا و چەند وڵاتێکی عەرەبیم کرد. لە پارلەمانی ئەورووپا ڕۆژی سێشەممە 11ـی تەمموزی 2017 لە پارلەمانی ئەورووپا وتارێکم پێشکەش کرد. لە سەرەتای وتارەکەمدا ئەندامانی ئەو شاندەم ناساند کە لەگەڵ من سەردانی پارلەمانی ئەورووپایان کردبوو و ئاماژەم بەوەدا کە ئەم شاندە هەڵگری پەیامی خەڵکی کوردستانە و پێکهاتووە لە، هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و محەممەد هاودیانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامی و محەممەد سەعدەددین، نوێنەری تورکمان و وەحیدە یاقو هورمز، نوێنەری کریستیانەکان و شێخ شامۆ، نوێنەری ئێزدییەکان.

دواتر به نوێنەرانی ئەورووپام ڕاگەیاند، کە ئێمە دەمانەوێت ڕێمان بدەن دەربارەی دوو تەوەر بۆچوونی خۆمان بگەیێنین، یەکێکیان لە بارەی ڕیفراندۆمەوەیە کە بڕیاری لێ دراوە و ئەوەی دیکەشیان لە بارەی تیرۆرەوەیە. ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە سەد ساڵ زیاترە هەموو هەوڵێکمان دا تا بتوانین شەراکەتێکی ڕاستەقینە بنیات بنێین و بەم دوابیانەش عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی دروست بکەین، بە داخەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لە درێژەی قسەکانمدا باسی مێژووی ژیانی گەلی کوردستانم کرد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و باسی خواستی ڕاستەقینەی کوردستانیانم کرد وەیە تا ئێستا؛ کە قۆناغی یەکەم حوکمی سوننەکان بوو و قۆناغی دووەمیش شیعەن حوکمی عێراق دەکەن. ڕەنگە زۆر جار وا وێنا کرابێ کە ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، ئاسایشی ناوچەکە تێک بچێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە و مەترسیی ئەوە هەیە ئەگەر ئەمە نەبێت(ڕیفراندۆم)، ئەوا ناوچەکە بەرەوڕووی کێشەی گەورە و تێکچوونی ئاسایش و سەقامگیرییەکەی ببێتەوە.

لە دەستووری عێراقیشدا کە لە ساڵی دووهەزاروپێنجدا دەنگی بۆ درا و کورد بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداریی کرد، تێیدا هاتووە، کە پابەندی بە دەستوورەوە یەکێتیی عێراق دەپارێزێت و بە داخەوە دەمەوێ پێتان بڵێم، هیچ پابەندییەک بەو دەستوورەوە نەکراوە و دەستووریش ڕێمان پێ دەدات ئەو هەنگاوە بنێین. ئێمە شانازی بە فەرهەنگی میللەتی خۆمانەوە دەکەین کە فەرهەنگی یەکدی قبووڵکردن و بەیەکەوە ژیانە، ئایین و پێکهاتەی جیاواز بەیەکەوە دەژیێن و ئەمە بڕیاری هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانیەتی وبۆ داهاتوویش ئێمە پابەند دەبین بەوەی کە هەموو پێکهاتە و ئایینەکان لە کوردستاندا مافیان پارێزراو بێت و بە بەشداریی خۆیان ڕازیی بن. ئێمە ناشمانەوێت ئەو دەردیسەری و نەهامەتییەی نەوەی ئێمە و نەوەی پێش ئێمە بینییان، بە جێ بهێڵین بۆ نەوەی دوای خۆمان و حەز دەکەین منداڵانی ئێمە بخوێنن و ئازاد بن و، ئێمەش وەکو هەموو گەلانی جیهان ئەو مافەمان هەیە و نازانم بۆچی بۆ هەموو جیهان ڕەوایە ئازاد بن، بەڵام بە گەلی ئێمە ڕەوا نەبیندرێت. ئێمە داوامان لە دۆستەکانمان ئەوەیە پشتیوانیمان بکەن، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک نەتوانن پشتیوانیمان بکەن، لانیکەم دژی ئێمە نەوەستنەوە و لە ئێستایشەوە داوەتتان دەکەین کە نوێنەرتان هەبێ و وەک چاودێر بەشدار بن.

لە دوو سێ مانگی دوای بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، سەرەتا وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت بەغدایش زۆر بایەخیان بەم بابەتە نەدا و، لە هەندێ شوێن ئەوە دەبیسترا کە هەرێم لە ڕیفراندۆمدا جیددی نییە و تەنیا وەك کارتێکی گوشار بۆ بەغدا بە کاری دەهێنێت. هەڵوێستی زۆربەی وڵاتان لەوەدا خۆی دەدیتەوە کە گرفتیان لەگەڵ ئەوە نییە خەڵکی کوردستان مافەکانی خۆی پێڕۆ بکات. بەڵام گرفتیان لەگەڵ کاتی ڕیفراندۆمدا هەبوو. زۆربەیان باسی ئەوەیان دەکرد کە لە ڕێگای دیالۆگ و دانوستان کێشەکانتان لەگەڵ بەغدا چارە بکەن. لە کۆتاییەکاندا کە هەموو لایەك لە جیددیبوونی هەرێمی کوردستان بۆ سازدانی ڕیفراندۆم گەییشتن، ئیدی گوشاری زۆریان بۆ هەرێم هێنا کە نابێ ڕیفراندۆم بکرێت و دەستبەرداری ڕیفراندۆم بن. بەبێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لەبەرانبەریدا خەڵکی کوردستان دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی ببێت. ئەو گوشارانە لە حاڵێکدا بوون کە ڕیفراندۆم لە قەزیەیەکی سیاسییەوە ببووە بابەتێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و کەوتبووە دەستی خەڵکی کوردستانەوە. چیتر قەزیەی لایەنێکی سیاسی یان کەسێك نەبوو تا بتوانرێ بە ئاسانی بڕیاری ئەوە بدرێت کە ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرێت.

## کۆبوونەوەکەی سحێلا

گرنگترین جموجۆڵە دیپلۆماسییەکانی مانگی ئەیلوولی 2017، کۆبوونەوەکەی سحێلا[35] و تەلەفۆنەکان و نامەی تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆك ماکرۆن، سەرۆکی فەڕەنسا بوو.

بە مەبەستی بەشداریکردن لە کەمپین و ئاهەنگە جەماوەرییەکان بۆ پاڵپشتیی ڕیفراندۆم، سەردانی پارێزگای دهۆکم کرد. لەوێ هەواڵیان بۆ هێنام کە شاندێکی باڵای هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دیدار دەکەن. ئەوە بوو ڕۆژی پێنجشەممە 14ی ئەیلوولی 2017 لە بارەگای فەرماندەیی شەڕی داعش لە سحێلا لە ڕۆژئاوای دیجلە، لەگەڵ شاندەکە کۆ بوومەوە کە پێکهاتبوو لە برێت مەکگورک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی

---

[35] - ناوچەیەکی سنوورییە لەسەر ڕۆخی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و نزیکە لە سنووری سووریا و پێشخابوور.

ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانێتیی دژی شەڕی داعش و یان کۆبیچ، نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆگلاس سلێمان، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و فرانك بەیکەر، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق.

شوێنی ئەو کۆبوونەوەیە لە تەنیشت ڕووباری دیجلە و نزیك سنووری سووریا بوو. کاتی خۆی قۆناغی دەستپێکردنی هێرشبردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لەو خاڵەدا دەستی پێکردبوو. شاندەکە لە کۆبوونەوەکەدا ڕایانگەیاند کە تێگەیشتنمان بۆ خواستی گەلی کوردستان هەیە، بەڵام پێیان باشە کوردستان بچێتەوە سەر ڕێگای دیالۆگ و ئەگەر نەگەییشتنە ئەنجام، نامەیەك لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەهێنن کە تێیدا تێگەیشتنی خۆی بۆ پێویستیی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم ڕابگەیێنێت. مەبەستی سەرەکیی شاندەکە لەو پێشنیازە دواخستنی ریفراندۆم بوو. لە وەڵامدا بە شاندە نێودەوڵەتییەکەم گوت، کە بڕیاری ڕیفراندۆم بڕیاری تاکە کەسێك نییە، بەڵکو هەموو حیزبەکانی کوردستان لە دەرکردنی ئەو بڕیارەدا بەشدار بوون و من ناتوانم بە تەنیا بڕیار بدەم. هاوکات پێمڕاگەیاندن کە ئێمە هەرگیز دەرگەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا داناخەین، بەڵام ئەوانن ئێمە وەك شەریکی ڕاستەقینە نابینن و تەنیا وەك پاشکۆ سەیری گەلی کوردستان دەکەن و ئێمەیش دوای ئەو هەموو نەهامەتییە، پاشکۆیەتی قبووڵ ناکەین.

بە ڕوونی پێمگوتن، ئامانجی ئێمە ئەوەیە بە شێوازی ئاشتیانە ببینە دوو دراوسێی باش و ڕیفراندۆمیش ڕێگەیەکە بۆ گەییشتن بەم ئامانجە. ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا ڕێگایەکی تریان هەیە بۆ ئەوەی ئێمە بگەیێنێتە ئەو ئامانجە، ئەوا پێویست بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناکات. بەڵام پێشنیازەکەی ئێوە پابەندبوون و گەرەنتیی تێدا نییە. هەر کات ئەلتەرناتیڤێکتان هەبوو کە هەمان ئامانجی ڕیفراندۆم بپێکێ، ئەوا ڕیفراندۆممان پێویست نابێت.

بابەتێك کە لە ڕۆژانی بەر لە ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم جێگەی مشتومڕێکی زۆری میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکان بوو، نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو بۆ من، کە تێیدا کۆمەڵێك بیرۆکە و پێشنیاز خرابوونەڕوو لە بەرانبەر ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆمدا. لە ڕاستیدا نامەکە نامەی ڕەسمیی نەبوو بەڵکو ڕەشنووسی نامەیەك بوو کە برێت مەکگورک، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا لە شەڕی داعش (کە دواتر لە تویتێکدا سەرۆك ترامپ ئاماژەی بەوەدا بوو کە نایناسێت) و دۆگلاس سلێمان، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و چەند کەسی تر ئامادەیان کردبوو. دیاریش نەبوو کە ئایا نامەکە هەر لە لایەن وەزیرەوە پەسەند و ئیمزا دەکرێ یان نا.

دیپلۆماتە ئەمەریکاییەکان وایان دانابوو کە ئەگەر بڕیار لە دواخستن یان هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم بدرێت ئینجا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نامەکە ئیمزا بکات. بە لای ئێمەوە نامەکە لە ڕووی داڕشتن و ناوەڕۆکەوە باش بوو، بەڵام گەرەنتیی پێویستی تێدا نەبوو بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین پشتی پێ ببەستین یان متمانەی پێ بکەین و، بە هۆیەوە بڕوا بە گەلەکەمان بێنین تا واز لە مافێکی ڕەوا و سرووشتیی خۆیان بێنن. بەدیلە پێشنیازکراوەکەی ناو نامەکەی تیلەرسن لەسەر بنەمای دانوستان لەگەڵ عێراقدا دامەزرابوو و، هەڵوێستی ئەمەریکایش پاڵپشتیکردنی ئەو دانوستانانە بووە. ئێمە ئەزموونێکی دووروودرێژی دانوستان و ڕێککەوتنمان لەگەڵ عێراقییەکاندا هەبووە کە دواتر زۆر بە ئاسانی پشتگوێ خراون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بڕیار ئەوە بوو کە نامەکەی تیلەرسن و پێشنیاز و بەدیلەکانی تر لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆمەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەموو ئەو گوشار و پێشنیازانە لە چەند ڕۆژی بەر لە ڕیفراندۆم خرانە ڕوو و، ڕیفراندۆم لە دەست کەس و لایەنەکان نەمابوو و کەوتبووە دەست خەڵکی کوردستانەوە.

نامەکەی تیلەرسن دەکرا ببێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی گەرەنتییێکی وای هەبێ کە خەڵکی کوردستان ڕازی بن دەستبەرداری ڕیفراندۆم ببن. بۆیە لەو شوێنەی کە باسی ئەوە دەکرا ڕیفراندۆم دوو ساڵ دوا بخرێ و ئەگەر هاتوو دانوستانەکان لەگەڵ عێراقدا سەری نەگرت، ئەوکات هەرێم با ڕیفراندۆمی خۆی بکات و ئەمەریکایش ڕێز لە ئەنجامەکان دەگرێت. داوام لە حکوومەتی ئەمەریکا کرد کە لە بری وشەی ڕێزگرتن لە نامەکەدا، وشەی پاڵپشتی دابنرێت؛ بەڵام ئەمەریکاییەکان خۆیان لەوە بوارد و گوتیان ناتوانن وشەی پاڵپشتی بە کار بهێنن، منیش پێمگوتن ئەگەر ئێوە نەتوانن یەك وشە بگۆڕن، ئەی چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئێمە بتوانین قەناعەت بە خەڵکی کوردستان بهێنین ڕیفراندۆم نەکەن؟

هەموو ئەو گوشارانە هاوکات بوون لەگەڵ هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی دراوسێکان و لایەنە عێراقییەکان کە بۆنی شۆڤێنیزمی لێ هەڵنیشتبوو. کار گەییشتە ئەوەی کە شەڕی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەن. ئەوکات پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو، ئایا ئێمە گەلێکین خاوەن ئیرادەی خۆمانین یانیش دەبێ خەڵکی تر بڕیار لە چارەنووسمان بدات؟ ئەمە زوڵمێکی زۆر گەورە بوو کە لە گەلی کوردستانیان دەکرد. ئەگەر لە ڕووی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕێ نەدرێت گەلی کوردستان بڕیار لە مافی چارەنووسی خۆی بدات، ئایا ڕەوایە مافی گوتنیشی لێ بستێندرێ و ڕێ نەدرێ تەنانەت گەلی کوردستان بڵێن کە چیمان دەوێ؟ لە کۆتا ڕۆژەکاندا کاریان گەیاندە ئەو ئاستەی کە شەڕی ئیرادەی گەلی کوردستان بکەن و گوێ بە ڕەوایەتیی ویستی گەلی کوردستان نەدەن. کە وای لێهات، بڕیارمان دا ڕیفراندۆم هەر لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکرێت و هەرچییەك بێت با ببێت، بەڵام ناهێڵین ئیرادەی گەلەکەمان بشکێت.

لە لایەکی ترەوە ئەمە سووکایەتیکردن بوو بە خەڵکی کوردستان کە ئیرادەکەی ببەسترێتەوە بە سەرکەوتن یان دۆڕانی کەسێکەوە. ئەمەریکاییەکان پێیان وابوو ئەگەر ڕیفراندۆم بکرێت ئەوا دەبێتە هۆی لاوازبوونی عەبادی. ئەگەر ڕیفراندۆم نەکرێ عەبادی بەهێز دەبێ و ئێران لە عێراق دەردەکات. یەك دوو ڕۆژ بەر لە ڕیفراندۆم تەلەفۆن و پێوەندی و گوشارهێنانەکان لە هەموو لایەك (ئەمەریکا و لایەنە هەرێمایەتییەکان) زۆر بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. ئەوەی بە لامانەوە سەیر بوو قسەی هەموویان وەك یەك بوو. لە دژایەتیکردنی مافی ڕەوای گەلی کوردستاندا ئەمەریکا و بەریتانیا و ئێران و تورکیا و عێراق هاوئاواز بوون و هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتر هەبوو بۆ گوشارهێنانی دیپلۆماسی و سیاسی. قسەکانیان زۆر لە یەك دەچوون. هەموویان داوای پاشەکشەیان دەکرد، بەڵام ئەو پاشەکشەکردنە دەبوایە تەنیا لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان بێت. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر هاتبا و پاشەکشەمان لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کردبا، نەیارە ناوخۆییەکانی ڕیفراندۆم ئەوکات دەستیان بە قسەی تر دەکرد و تۆمەتی تریان دەبەخشیەوە کە دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان دروست بوو، بەڵام ئەو دەرفەتەیان لە کیس دا و پاشەکشەیان کرد.

لە دوو ڕۆژی بەر لە دەنگدان هەوڵیان دا کە ڕیفراندۆم لە کەرکووك ئەنجام نەدەین. خۆی لە ڕاستیدا بەر لە حەوتی حوزەیرانی 2017، بۆچوونێك لەناو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستاندا هەبوو کە ڕیفراندۆم لە کەرکووك و ناوچەکانی تری 140 ئەنجام نەدرێ. لە سۆنگەی ئەوەوە هیچ بیانوویەك نەدرێتە دەست ناحەزانی گەلی کوردستان، بابەتی کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان بۆ دانوستان بهێڵدرێنەوە. کە کەرکووك خرایە سەر نەخشەی ڕیفراندۆم، هەڵبەت ئەوە لەسەر داوا و پێداگریی ئەو لایەنە بوو کە دواتر بووە هۆی ڕووداوەکەی شازدەی ئۆکتۆبەر. ئەوانەی کەرکووکیان ڕادەست کرد، هەر ئەوانیش لە حەوتی حوزەیرانی 2017دا گوتیان، پێویستە ڕیفراندۆم لە کەرکووکیش بکرێت.

## گەل دەنگی دا

لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا کە نزیکەی سەد ساڵی خایاند، گەلی کوردستان لەناو دەوڵەتی عێراقدا دوچاری نەهامەتی و ئاوارەیی و جینۆساید بووەتەوە. کورد بە مەرجی شەراکەت بەشداریی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا کرد، بەڵام هەموو ڕێوشوێن و بڕیاری حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ چەسپاندنی حوکمی مەرکەزی و پەراوێزخستنی کورد و نادیتەگرتنی داوا ڕەواکانی کورد بوون. سەرباری ئەوەش دەستەڵاتدارانی عێراق ڕێگای تواندنەوە و جینۆساید و پاکتاوکردنیان گرتە بەر. لە دوای 2003یش ئەگەرچی کورد چالاکانە و بە نییەتی پاکەوە بەشداری سەرەکی بوو لە بنیاتنانەوەی عێراقی فیدڕاڵی و دیموکراتی و دەستوور کرا بە پارێزەری سیستەمی تازە، بەڵام ئەو هەوڵەشی بۆ ژیانێکی سرووشتی و ئاشتیانە و دیموکراتی لەگەڵ عێراقدا سەری نەگرت.

کاتی ئەوە هاتبوو خودی هاووڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە کەشێکی ئازاد و لە پرۆسەیەکی تەواو ئاشتیانە و دیموکراتیدا ڕای خۆیان لەبارەی مانەوە یان نەمانەوە لەگەڵ عێراقدا بخەنە ڕوو. کاتی ئەوە هاتبوو پرسیار لە خەڵکی کوردستان بکەن، کە ئایا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەوێ یان بەردەوام بن لە ئەو ئەزموونانەی بە درێژاییی سەد ساڵ شکستی خواردووە. لە حەوتی حوزەیرانی 2017 کە بڕیاری

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەرچوو، هەتا بیستوپێنجی ئەیلوولی 2017، هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ سازدانی پرۆسەکە. ئیتر کاتی ئەوە بوو کە لە ڕۆژێکی مێژوویی پرشنگداردا دادپەروەری پیرۆز بکرێ و خودی خەڵک قسەی خۆیان بکەن و دەنگیان بە جیهانیان بگەیێنن. شەرعیەتی ئەو دەنگە لە سەرووی هەموو شەرعیەت و دەنگی کەس و لایەن و حیزبێکەوەیە. ئەمە نە تاوان بوو و نە کارێکی دژی یاسا و نە شەڕفرۆشتن و داگیرکاری و تیرۆر، ئەمە پیرۆزکردنی مافێکی ڕەوا و سرووشتیی هاووڵاتیانی کوردستان بوو بە شێوازی ئاشتیانە.

ئەوە بوو دواجار ڕۆژە مەزنەکە هات و لە بەرەبەیانی 25ـی ئەیلوولی 2017دا، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بە شێوەیەکی ئازادانە و ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی و خۆسەپاندن و ناسەقامگیری، چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگیان دا. ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم زیاتر لە جەژن دەچوو. جەژنێك کە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان جیاوازی و ناکۆکییەکانیان بەلاوە نا و بەشدارییان لە پرۆسەیەکی ڕەوا و مێژوویدا کرد. ڕۆژی ڕیفراندۆم ڕۆژی گەل و ڕۆژی هاووڵاتی و ڕۆژی تاك تاکی کوردستانیان بوو. لە دەنگدانەکەدا ئیتر کەس دەنگی بە کەس و لایەن نەدەدا. هەموویان دەنگیان بە خۆیان و وڵاتەکەیان دەدا. دەنگیان بە یەکتر و بە نەوەکانی داهاتوو و چارەنووسیان دەدا. ئەمە خۆی لە خۆیدا دروستبوونی ڕۆحێکی هاوبەشی نیشتیمانی و هاودەنگی بوو لەناو هاووڵاتیانی کوردستاندا. داواکردنی ماف و پیرۆزکردنی ماف و ئیرادە بوو و پێموانییە لە ژیانی سیاسیی گەلاندا هیچ شتێك لەوە پیرۆزتر بێ کە مافی دەنگدانی گەل پیرۆز بکرێ و ئیرادەی گەل سەرکەوێ. بۆیە دەتوانم بڵێم، ڕۆژی ڕیفراندۆم ڕۆژێکی پیرۆز بوو.

مەبەست لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەوە بوو کە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان ویستی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان بزانن. کەس بڕیاری ئەوەی نەدابوو کە ڕۆژی دوای ڕیفراندۆم دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕابگەیێندرێ، بەڵکو بۆ ئەوە بوو سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم ڕێپێدان(تەفویز) و ڕاسپاردەی گەلی پێ بێت بۆ قۆناغی داهاتوو و لەگەڵ حکوومەتی عێراق بکەونە گفتوگۆ و دیالۆگی کراوەوە. ئەو بابەتەمان بە ڕاشکاوی لەگەڵ بەغدا و ئەمەریکا و وڵاتانی تر باس کردبوو، کە ڕیفراندۆم بۆ ئەوەیە ڕێ بە خەڵکی کوردستان بدرێت قسەی خۆیان بکەن.

دوو ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێم، ئەنجامە بەراییەکانی ڕیفراندۆمی ڕاگەیاند و 92.73%ـی دەنگدەران بە بەڵێ دەنگیان دابوو. لە ڕاستیدا ئەمە سەرکەوتنی ئیرادەی گەل بوو بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان نەیاندەویست ئەزموونە شکستخواردووەکان و نەهامەتی و زوڵم چیتر درێژەی هەبێ، بەڵکو دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەویست. ئەمە سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفراندۆم بوو. ڕیفراندۆم کاتێك شکستی دەخوارد ئەگەر گەلی کوردستان بە نەخێر وەڵامی پرسیارەکەیان دابایەوە.

ڕیفراندۆم بۆ کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش سەرکەوتن و دەستکەوتێکی گرینگ بوو. بایەخی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و سەرکەوتنی لەو ناوچانە لەوەدا بوو، کە سەرباری هەوڵی دەیان ساڵەی عەرەباندن و تۆقاندن و سەرکوتکاری و پێشێلکارییە دەستوورییەکانی دوای 2005، بەڵام ئیرادەی دانیشتوانەکەی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە کە دەنگێکی زوڵاڵ ئەوەی حەق و ڕاست بوو بە جیهانیان ڕاگەیاند کە دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بژیێن. لەو ناوچانەدا پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان و خوشك و برا عەرەب و تورکمان و کریستیانەکان دەنگیان بەوەدا کە لەگەڵ دەوڵەتی کوردستاندا بژیێن. ئیرادەی

ڕاستەقینەی پێکهاتەکان لە ڕۆژی ڕیفراندۆمدا دەرکەوت کە دەیانەوێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا بژیێن کە بڕوای بە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی هەیە و شۆڤێنیەتی نەتەوەیی و تایەفی ئاراستەی ناکات.

## کاردانەوەکانی حکوومەتی عێراق

لە بەرانبەر پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستاندا، بە داخەوە کۆمەڵێك کاردانەوەی زۆر نابەجێمان لە سەرۆك وەزیران و کاربەدەستانی عێراقی بینی کە بۆنی شۆڤێنیەت و ئینکارکردنێکی ئاشکرای لێ دەهات. ئەم کاردانەوانە حەقیقەت و ناخی هەموو ئەوانەی دەرخست کە لە بنەڕەتدا دژی مافەکانی گەلی کوردستان بوون و تەنیا مەنتقی هەڕەشە و خۆسەپاندنیان دەزانی.

دوو ڕۆژ دوای ڕیفراندۆم، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردستان، لە یەك دانیشتندا سێزدە بڕیاری نایاسایی و نادەستووری لە دژی هەرێم دەرکرد کە ئامانج لێیان سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بوو. ئەم بڕیارانە دەستی عەبادی واڵا کرد لەوەی ڕۆژانە بە زمانی هەڕەشە و سووکایەتیکردن بدوێت و ڕێی بۆ خۆش بکرێ کە هێز و چەك لە دژی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە کار بهێنێت. لە یەکێك لە بڕیارەکاندا فەرماندەی هێزە چەکدارەکان پابەند کرابوو بۆ بڵاوەپێکردنی هێز لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و کەرکووك. ئەمە بە ڕاشکاوی هەڵکردنی چرای سەوز بوو بۆ شەڕ و بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان. ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەستووری هەمیشەیی عێراق بوو کە تێیدا بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆ داپڵۆسینی گەل قەدەغە کراوە. لە بڕیارێکی تری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دوای ڕیفراندۆم، پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان پێشێل دەکرێ و ئەنجوومەنی نوێنەران شوێنی دەستەڵاتی دادوەری دەگرێتەوە کە داوای سزادان بۆ بەرپرسانی هەرێم دەکات و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە تاوان

دەزانێ. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەر ئەو ڕۆژ بڕیاری داخستنی سنوورەکان و ئابڵۆقەدان و برسیکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەدات.

بۆ یەکەمجار بوو کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە یەك دانیشتندا ئەو ژمارە بڕیارە دەربکات ئەویش بەبێ ڕەچاوکردنی پڕەنسیپی تەوافوق و بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردستان لە پارلەمان. چونکە بڕیارەکان لە دژی هەرێمی کوردستان بوو و نەفەسی شۆڤێنیەتی بەسەردا زاڵ بوو، زۆر خێرا و بە کۆدەنگیی ئامادەبووان پەسەند کران. پێشتریش لە 12ـی 9ـی 2017دا بەبێ ڕەچاوکردنی پڕەنسیپی تەوافوق، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆمەڵە بڕیارێکی تری لە دژی ڕیفراندۆم پەسەند کردبوون.

لە ڕاستیدا دوای دەیان ساڵ، عەقڵیەت و بیرکردنەوەی شۆڤێنی لە بەغدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. باش دەمزانی لە بەغدا تەنیا دەموچاوەکان گۆڕاون ئەگینا بەردەوام عەقڵیەتی شۆڤێنی لە بەغدا دەستەڵاتدارە و بڕوای بە شەراکەت و دەنگی ڕەوا و دادپەروەری نییە. لە بڕیارەکانی پارلەمانی عێراق و کردەوە دڵڕەقانە و نادەستوورییەکانی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراقەوە دەرکەوت، کە بێمتمانەییمان بە بەڵێن و گەرەنتییە بەتاڵەکانی ئەمەریکا و حکوومەتی عێراق لە پێش ڕیفراندۆم چەند ڕاست بووە. زێدەڕۆییەکانی عەبادی گەیشتە ئاستێك کە بڕیاری داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی دا و لە وتەکانیدا وەك سەردەمی بەعس، لە بری هەرێم، دەستەواژەی باکووری عێراقی بە کار دەهێنا. عەبادی خۆی بەوە هەڵدەکێشا کە گوایە دەستەڵاتی یاسا بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنێ کەچی تەنانەت نەیدەتوانی یاسا بەسەر ناوچەی سەوزیشدا بسەپێنێ..

هەموو ئەو ڕێکارە نادەستووریانە بە بیانووی سەپاندنی سەروەرییەوە بوون. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە ڕێکارەکان خۆی پێشێلکردنی سەروەری بوو کاتێك هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز لە ئارادا بوو، هەڵبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. حکوومەتی عێراقی بە یارمەتیی بێگانە خەڵکی کوردستانی خستە ژێر هەڕەشە و ئابڵۆقەوە.

ئەم کاردانەوانە مایەی شەرمەزاری بوون. پێشانی دا کە کاربەدەستانی عێراقی پەندیان لە مێژوو وەرنەگرتووە و هیچ کاتیش نیازی چارەکردنی کێشەکانیان نەبووە. دۆخێکیان هێنابووە ئارا کە لە دژایەتیکردنی مافەکانی گەلی کوردستاندا هەموویان کۆك و هاوڕا بوون و دامەزراوە تەشریعی و قەزایی و ئەمنی و ئابووریی دەوڵەتیشیان بە ئاراستەی ئەو دژایەتیکردنە بە کار دەهێنا. پێشتر بۆ ماوەی سەد ساڵ ڕژێمەکانی عێراق خۆیان تاقی کردبووەوە کە ئیرادەی گەلی کوردستان بە چەك بشکێنن، بەڵام خۆیان تووشی شکست و ڕووخان بوونەوە. لە بەرانبەر ئەو کاردانەوانەدا هەڵوێستی ئێمە ڕەتکردنەوەی زمانی هەڕەشە و چەك بوو و بە لای هەرێمی کوردستانەوە سەرجەم بڕیارەکان نایاسایی و دژی دەستوور و سیادە و دژی پێکەوەژیان و ئاشتی بوون. بەڵێ، وەڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان شۆڤێنیەت و چەك بوو. ئەمە ئەو بابەتەیە کە بە درێژاییی تەمەنی دەوڵەتی عێراق هەمیشە هەبووە و لە هەموو دیدارە دیپلۆماسییەکان و چاوپێکەوتن و لێدوانەکانمدا لە ساڵانی بەر لە ڕیفراندۆم ئاماژەم پێیان دابوو.

ئەو ڕێکار و زەبروزەنگەی لە بەرانبەر هەرێم دەکرا لە لایەن بەشێکی زۆری ئەو لایەنە شیعانەوە بوو کە پێشتر لە یەك سەنگەردا بووین و بە یارمەتیی کورد چوونە بەغدا و بوون بە حاکم. لە دوای 2003 لایەنە شیعەکان مەمنوون بوون کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و، لە عێراقدا جێیان ببێتەوە. ئەوکات سوننەکان دژی فیدراڵی بوون و دەوڵەتی ناوەندگەرای هاوشێوەی سەردەمی پێشوویان دەویست. کەچی لەو کاتەوەی لایەنە شیعەکان دەستیان بە دەستەڵاتەوە گیر بوو، کەوتنە دوای ئەو سیاسەتە هەڵەیەی کە لە سەردەمی پێشوودا لە عێراق جێبەجێ

دەکرا. بەڵام جیاوازییەکەی ئەوە بوو ئەم جار تایەفەگەریشی لەگەڵ بوو و حەزیان دەکرد لە دوای داعش دەست بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بگرن. لەوەدا بەبێ ڕەچاوکردنی سیادەی عێراق و دەستوور و ماهیەتی نوێی دەوڵەتی عێراق، بوونە بەشێك لە ئەجێندایەکی هەرێمایەتی و تایەفیی گشتگیر لە ناوچەکەدا. بڕینی بودجە و ئابڵۆقەدانی کوردستان لە شەڕی داعش و سزادانی خەڵکی کوردستان و ڕێکاری نادەستووری لە دوای ڕیفراندۆمیش بە ئاراستەی ئەو ئەجێندایە بوو. ئێمە لەمێژ بوو درکمان بەو پیلانە کردبوو کە پاش شەڕی داعش بەرنامەی ئەوە هەیە تەنگ بە هەرێمی کوردستان هەڵچنن و پەلامارمان بدەن.

داواکاریی حکوومەتی عێراق، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بوو. ئەم داواکارییە زیاتر بۆ گوشارهێنان و ئاڵۆزترکردنی بارودۆخ بوو. ئەگینا ئەوان باش دەیانزانی کە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم لە توانای هیچ کەس و لایەن و دامەزراوەیەکدا نییە. چۆن دەکرێ دەنگی سێ ملیۆن مرۆڤ هەڵبوەشێتەوە؟

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کارێکی نایاسایی نەبوو وەك نەیاران و دژەکانی ڕیفراندۆم پێناسەیان دەکرد، بەڵکو دەربڕینی خواست و بۆچوونی خەڵکی کوردستان بوو پێوەست بە چارەنووسیانەوە. لە هەموو جیهانیش دەربڕینی هەست و بۆچوونی خەڵك ڕەوایە و ڕێپێدراوە. لە لایەکی تر گەلی کوردستان تەنیا دەنگی دابوو و لە لایەن هەرێمەوە سەربەخۆیی ڕانەگەیێندرابوو کە حکوومەتی عێراق و خەڵکی تر بەمشێوەیە بە هێزی چەکدار پەلاماری کوردستان بدەن. هێشتا هەرێمی کوردستان بە فەرمی بەشێك بوو لە عێراق و بەکارهێنانی هێز کردەوەیەکی نادەستووری و نایاسایی بوو. بەڵام لە بێکەسیی کورد و بەهۆی نادیتەگرتنی مافە ڕەواکانی گەلان (کە لە چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتووە)، وڵاتە بەرژەوەندخوازەکان لایەنگریی حکوومەتی عێراقیان کرد و ڕێیان پێ دا بە شێوەیەکی نایاسایی هێز لە دژی خەڵکی کوردستان بجووڵێنێ.

# شازدەی ئۆکتۆبەر

دوای ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ لە دەستی داعش و بەر لەوەی گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدات، هەندێ ئاماژەی نیگەتیڤ لە هەڵسوکەوت و ئامادەکارییەکانی حکوومەتی عێراقدا بەدی دەکران، بەڵگەی ئەوە بوون کە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش نیازی خراپیان بەرانبەر ناوچە جێناکۆکەکان و هەرێمی کوردستان هەیە. پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری مووسڵ لەلایەن عێراق و دواخستنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی حەویجە و هەروەها دواتر چۆڵکردنی حەویجە لە لایەن داعشەوە بەبێ شەڕ، کە سەنتەرێکی بەهێزی داعشیش بوو لە لایەك و، چۆڵکردنی تەلەعفەر لە لایەن داعش بەبێ شەڕ جێگای پرسیاری گەورە بوون. پێشانی دەدا کە جۆرێك لە هەماهەنگی هەیە لەنێوان هێزە هەرێمایەتییەکان بۆ گرتنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان و ئامادەکاری بۆ گوشارهێنان بۆ کوردستان. هاتنی هێزەکانی حەشد بۆ تەلەعفەر و دەشتی نەینەوا کە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکان بوون و، بەردەوامبوونی حکوومەتی عێراق لە بڕینی بودجە و هەروەها لێدوانی شۆڤێنی و هەڕەشەی سەرکردە سەربازییەکانی حەشد، ئەو ئاماژانە بوون کە دەریاندەخست عێراق لە بەرانبەر هەرێم بەرنامەی تری لە بەردەستە. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە لە شەڕی داعشدا، هەرێم زۆرترین هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ عێراقدا هەبوو. پیلانی پەلاماردانی هەرێم لە ئارادابوو. ئەو پیلانە هەر جێبەجێ دەکرا ئەگەر هاتباو ڕیفراندۆمیش نەکرابا. ڕیفراندۆم تەنیا بیانوو بوو بۆ ئەوەی پیلانەکە بە شێوەیەکی خێرا و بە هاوکاریی هێزێکی ناوخۆیی کورد و بە دەستتێوەردانی ئاشکرای هێزە هەرێمایەتی و بیانییەکان ئەنجام بدەن.

دوای سەرکەوتنی ڕیفراندۆم هەندێ باس لە گۆڕێ بوو کە بەشێکی یەکێتی سەرقاڵی جۆرێك لە سەودا (سەفقە)ـی نهێنین لەگەڵ حەشد بۆ بەدەستەوەدانی کەرکووك. لە 12ـی ئۆکتۆبەری 2017 بەشێك لە هێزەکانیان بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە لە باشووری کەرکووك کشاندەوە بە بیانووی ئەوەی دوای شەڕی داعش پێویست بەوە ناکات هێز لەو ناوچانە بمێنێت. هەر هەمان

ڕۆژیش هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووك هەوڵی پێشڕەوییان دابوو بەڵام لە لایەن هێزی پێشمەرگە بەرپەرچدرانەوە. لە ڕۆژی 13ـی 10ـی 2017یش هێزەکانی پشتیوانیی 2 بە فەرمانی بەرپرسێکی سەربازیی یەکێتی پێگەی خۆیان لە گوندی ستراتیژیی عەبادات چۆڵ کرد و ڕێگەی سەرەکیی خورماتو-کەرکووك کەوتە دەست حەشدی شەعبی و دابڕان لەنێوان ئەو پێشمەرگانەدا دروست بوو کە لە خورماتو هەتا داقوق سەنگەریان گرتبوو. لە 12 و 13ـی ئۆکتۆبەر هەتا 15ـی ئۆکتۆبەر بە درێژایی بەرەکان لەو میحورەدا ناوچەکانی سەبعە نیسان و داقوق و دوزخورماتو و مریەم بەگ هەر هەمووی لە ڕێککەوتنێکی نهێنیدا ڕادەستی ئێرانییەکان و حەشدی شەعبی کرابوون..

لە 15ـی ئۆکتۆبەری 2017 لەماڵی خوا لێی خۆش بێ مام جەلال لە هاوینەهەواری دوکان بەشداریی کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتیم کرد. لە کۆبوونەوەکەدا برادەرانی یەکێتی باسی پێشنیارێکیان کرد کە بۆ هەماهەنگیی نێوان هەر سێ لا هێزێکی پێشمەرگە و هێزێکی ئەمەریکایی و هێزێکی عێراقی لە سەربازگەی (K1)ـی کەرکووك جێگیر ببن و بۆ ئەوەی شەڕ لە کەرکووك دوور بکەوێتەوە، لیوای پاسەوانیی سەرۆك کۆماریش شاری کەرکووك بپارێزێ. زۆر ڕوون بوو کە ئەمە ڕاست نییە چونکە بابەتی هەماهەنگی شتێکی ئاسایی بوو و پێشتریش لە زۆر شوێن بنکەی هەماهەنگیی نێوان هێزە ئەمەریکاییەکان و پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەبوو. جگە لەوەش زۆر زەحمەت بوو کە ڕێگە بدەن لیوای پاسەوانی سەرۆك کۆمار بێتە کەرکووك.

هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەکەی دوکان دیار بوو کەشوهەوایەکی ناسرووشتی لای برادەرانی یەکێتی هەیە. دوای ئەوە نێچیرڤان بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بوو پرسیاری لێ کردن کە ئایا هیچ ڕێککەوتنێکتان کردووە؟ لە وەڵامدا چ ئەوانەی ڕێککەوتنیان کردبوو و ئەوانەشی ئاگایان لە ڕێککەوتن نەبوو گوتیان ئاگامان لە ڕێککەوتن نییە. کەچی دواتر دەرکەوت هەندێ کەسی ناو یەکێتی ڕێککەوتنیان بە بێ ئاگاداری دامەزراوەکان و ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی و سەرکردایەتیی کوردستان کردبوو. تەنانەت بەشێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش ئاگای لەم ڕێککەوتنە نەبوو کە بە هۆیەوە کەرکووك ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئێرانی و عێراقی کرا. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەی دوکان بڕیار درا سەرۆك کۆمار دەستبەجێ بگەڕێتەوە بەغدا بۆ مەبەستی هەماهەنگی و گفتوگۆی بنیاتنەرانەی نێوان هەرێم و بەغدا. سەرۆك کۆمار گەڕایەوە بەغدا بەڵام لە بەغدا کەس ئامادە نەبوو لەگەڵیدا دابنیشێت. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەی دوکان ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشی هەردوو حزب دەرچوو کە دەقەکەی بەمشێویە بوو:

## ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەی دوکان

لە (2017/10/15) لەدوکان، بارەگای هاوینەهەواری سەرۆك مام جەلال، کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی- پارتی) ئەنجامدراو، دۆخی عێراق و ناوچەکە و کوردستان، هەڵسەنگێندرا. سەرەنجام:

یەکەم: جەخت لەسەر یەکڕیزیی گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان کرایەوە، کە دەستەبەری ڕاپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکانن، لەم قۆناغەدا.

دووەم: کۆبوونەوە، سووربونی خۆی لەسەر چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکان، بەدیالۆگێکی بێ مەرجی بەرپرسیارانەی بونیاتنەر، لەنێوان هەولێر- بەغداد، ڕادەگەیەنێ.

سێهەم: هێزە کوردستانییەکان، ئێستاش، هەر ئامادەن گفتوگۆیەکی بێ مەرج و کراوە و بونیاتنەر، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەغدادو هەولێر و پرنسیپە دەستورییەکان، ئەنجام بدەن.

چوارەم: کۆبوونەوە، لە بەرژەوەندیی هەمووولایەکی دەزانێ، لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی عیراق‌و کوردستان، بەشداری دانوستاندنی نێوان هەرێمو بەغداد بکەن. هەروەها لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش چاودێریی پرۆسەکە بکەن.

پێنجەم: لەسەر کێشەی سەربازیی و ئاساییش، لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یان هەر شوێنێکی دیکە، هەموو چەشنە دەستتێوەردانێکی سەربازی، یان جووڵاندنی هێز و هەڕەشە و گوڕەشە، جگە لەمەترسییەکانی لەسەر پەیوەندی هەرێم و بەغداد، هەڕەشەشە لەسەر هەر جۆرە هەوڵێکی راستگۆیانە، بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان. هەروەها، راستەوخۆ پێشێلکردنی یاسا و رێسایە کە بڕیاریان لێ دراوە، هێزە چەکدارەکانی عیراق، بۆ یەکلایی کردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەکار بهێندرێ.

لەکۆتایشدا، هەردوولا، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرین، کە لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا، پێناسەی پارێزەری ئازادیی جیهانیان وەرگرت و ئێستاش، سەنگەری پێشەوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانمانن..

هەر لە هەمان ڕۆژی کۆبوونەوەکەی دوکان لە 15ـی ئۆکتۆبەری 2017 لە کاتی کۆبوونەوەکەدا شا عەبدوڵڵای پاشای ئۆردۆن بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم و گوتی تۆ و عەبادی وەرن میوانی من بن بۆ ئەوەی باسی گرفتەکان بکەین و پێکەوە بگەنە لێکتێگەییشتنێك. ئەیاد عەللاویش ئاگاداری ئەو داواکارییەی شای ئۆردۆن بوو. پێم گوت من ئامادەم بێم بەڵام فرۆکەخانەکانیان گرتووە. شا عەبدوڵڵا گوتی من خۆم فڕۆکەت بۆ دەنێرم. عەبادیش لە وەڵامی ئەو دەستپێشخەرییەی شای ئۆردۆندا گوتبووی بە مەرجێك ئامادەی ئەو دانیشتنە دەبم کە پێشتر مەسعود بارزانی بێتە سەر تەلەفزیۆن و هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم ڕابگەیێنێت. ئەو مەرجەی عەبادی بۆ کۆبوونەوە زۆر نابەجێ بوو و خۆشی چاك دەیزانی کە کەس ئەو ماف و ئەو توانایەی نیە کە دەنگی ملیۆنان هاووڵاتی هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام ئەو داوا نابەجێیەی نیشانەی لەخۆباییبوونی بوو و جۆری عەقلییەتی دەردەخست.

زۆر بەر لە ڕیفراندۆم من ئەو ڕاستییەم دەزانی کە هێزەکانی عێراقی بۆیان برەخسێت پەلاماری ناوچە جێناکۆکەکان و هەرێم دەدەن. ئەوەم چەندین جار لەگەڵ ئەمەریکایی و ئەوروپایی و لایەنە کوردستانییەکانیش باس کردووە. ڕیفراندۆمیش ڕێگەیەك بوو بۆ ئەوەی چارەیەك بخرێتە ڕوو و ڕێ لە هەڵگیرسانی شەڕ بگیرێت. بەڵام هەروەك بینیمان ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکەی دوکان لە شازدەی ئۆکتۆبەری 2017دا لە گەلەکۆمەکییەکی هەرێمایەتی و بە ڕێخۆشکەریی ناپاکانی ناوخۆیی و بەبەرچاوی ئەمەریکا و بە چەك و دەبابەی ئەمەریکایی، هێزەکانی حەشد بە هاوکاریی ژمارەیکی زۆری پاسداری ئێرانی و بە فەرماندەیی پاسدارێك بە ناوی ئیقباڵپوور، پەلاماری کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان درا. ئێمە هەرگیز پێشبینیی ئەوەمان نەدەکرد بە چاودێریی ئەمەریکا و بە چەکی ئەمەریکا، پەلاماری پێشمەرگە بدرێت. ئەوەشمان پێشبینی نەکردبوو کە هێزێکی نێوخۆیی تەجاوزی ئیرادە و دەنگی گەلی خۆی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکات و لەگەڵ سەرکردەکانی حەشد ڕێك بکەوێ بۆ ئەوەی خاکی کوردستان داگیر بکرێت.(نەخشەکانی ژمارە 7 و 8 ).

ئەم ناپاکییە لە ڕووی دەروونییەوە گورزێکی گەورەی لە پێشمەرگە دا. هەماهەنگی و پێوەندییە سەربازییەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ پچڕا. لە هەندێ شوێن پێشمەرگە بەبێ فەرمان پاشەکشەی کردبوو. ئێمە هەموومان باش دەزانین ناپاکیکردن لە بەرەکانی شەڕدا چیی بەسەر ڕۆحی شەڕکردنی جەنگاوەران دەهێنێ. پێشمەرگە کە ئەفسانەی داعشی شکاندبوو، ناچار کرا فرمێسکی شکست و نائومێدی بڕێژێت. هەموو هەوڵی من ئەوە بوو کە ئەم ناپاکییە گەورەیە وا نەکات لەگەڵ عێراقییەکاندا خوێنی زۆر بڕژێت و یان پێشمەرگە دوچاری شەڕی نێوخۆیی ببێت.

لە شنگال پێشتر بۆ دروستکردنی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی لەناو ئێزدییەکان هێزی حەشدی ئێزدی دروست کرابوو. لە شازدەی ئۆکتۆبەردا دەڤەری شنگالیش وەبەر شەپۆلی زاڵمانەی ئەو پیلانە ڕەشە کەوت. لەو سەروبەندەدا کەسایەتی و ڕیشسپیانی شنگال داوایان کرد کە پێشمەرگە لە شنگال پاشەکشە بکات. بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی لەنێو ئێزدیان ڕوو نەدات. گوتیان ئێمە بەرگەی کارەساتی تر ناگرین. هەر بۆیەش بەو مەرجەی کە پێویستە شنگال بدرێتەوە دەست شنگال و ئێزدییەکان خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن و بۆ ئەوەی شەڕ دروست نەبێت و خوێنی ئێزدییەکان نەڕژێتەوە، فەرمانم دەرکرد بە پاشەکشەکردنی پێشمەرگە لە دەڤەری شنگال. کەچی ئێستایشی لەگەڵدا بێت شنگال نەدراوەتەوە دەست ئێزدییەکان و خەڵکی تر لەوێ حوکم دەکەن و خەڵکی شنگالیش نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

دەمەوێ لێرەدا بۆ مێژوو باسی ڕۆڵی نێگەتیڤی دوو دیپلۆماتکاری بەریتانیایی و ئەمەریکایی بکەم. لە دوای ئەوەی کە 7ـی حوزەیرانی 2017 بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم درا، فرانك بەیکەر، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، لە سەرەتاکاندا بەرانبەر ئەو بابەتە کراوە بوو و باسی هەماهەنگی و هاوکاریی وڵاتەکەی و کوردستانی دەکرد لە قۆناغەکانی داهاتوودا. بەڵام لە کۆتاییەکاندا ئەو ڕۆڵێکی زۆر خراپی لە دژی کوردستان گێڕا و ئاگاداری زۆر لە فیتنەگێڕی و پیلانگێڕیی نهێنییەکان بوو لە دژی کوردستان و، دەستیشی تێدا بوو. دۆگلاس سلێمانی باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراقیش ڕۆڵی زۆر خراپی گێڕا، هەم لە هاندانی نەیارانی کوردستان و هەمیش لە پێدانی ڕاپۆرت و زانیاریی هەڵە لەبارەی کوردستان بۆ واشینگتۆن. (جەنەڕاڵ پۆڵ فانك)یش کە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بوو لە عێراق و تازە دەستبەکار ببوو، ڕۆڵێکی نەرێنی لە دژایەتیکردنی ڕیفراندۆمی گەلی کوردستاندا گێڕا.

لە بارەی ڕیفراندۆمەوە ڕاستە ئەمەریکاییەکان گوتیان پێمان ناخۆشە و نابێ ڕیفراندۆم بکەن، بەڵام ئەوەشیان پێ نەگوتین کە چەك و ئابرامز دەدەینە حەشد بۆ ئەوەی شەڕی پێشمەرگەی پێ بکەن. کەچی لە بنەڕەتدا چەك و دەبابەی ئەمەریکایی بۆ شەڕی داعش بە سوپای عێراق درابوو، بۆ ئەوە نەبوو بدرێنە حەشدی شەعبی. ئەمەریکاییەکان دەیانتوانی ڕێ لەو دوژمنکارییە بگرن، دەیانتوانی لانیکەم دەبابەی ئابرامز نەدەنە دەست حەشد لە دژی پێشمەرگە، بەڵام نەیانکرد. هەڵوێستی ئەمەریکاییەکان بە تایبەت باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا هێندەی تر نەیارانی کوردستانی هان دابوو بۆ ئەوەی نەفیرعام دژی هەرێم ئەنجام بدەن.

ڕۆژی 17ـی ئۆکتۆبەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا، دۆگلاس سلێمان پەیامێکی بۆ ئێمە ناردبوو بەو دەقە کە "دنیا گۆڕاوە، ئیمڕۆ دوێنێ نییە، پێویستە بە خۆتاندا بچنەوە". لە دوای داگیرکردنی کەرکوك و ناوچەکانی تر و ئاوارەبوونی دەیانهەزار هاووڵاتی، تاوان و پێشێلکاریی بەرفراوان لە لایەن هێزەکانی حەشدەوە بەرانبەر خەڵك لە کەرکوك و دوز ئەنجام دران. عەبادی و سەرکردەکانی حەشد تووشی غرووڕێکی وا ببوون دۆخەکەیان بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی پەلاماری هەرێم بدەن و بە حیسابی خۆیان هەولێر و دهۆکیش

بگرن و، به قسەی خۆیان سەرانی ڕیفراندۆم لە دار بدەن و خەڵكی ناپاكیش بكەنە دەمڕاست و نوێنەری كورد. من لە بنەڕەتدا دژی شەڕكردن بووم، بەڵام كە كار بگاتە ئەوەی ئیرادەی خەڵكی كوردستان بشكێنن، دەبوایە بەرگری لە ئیرادەی گەلەكەمان بكرێت. ئەوە بوو لە ڕۆژی بیستی ئۆكتۆبەری 2017 هێزەكانی حەشد و عەبادی چانسی خۆیان تاقیی كردەوە و ویستیان بەرەو هەولێر پێشڕەوی بكەن. كە ئێمە زانیمان ئەوان پیلانی لەناوبردن و داگیركردنی هەرێمیان لەسەردایە، ئیدی بڕیاری مقاوەمەی سەرتاسەریمان دا و لە ڕۆژی بیستی ئۆكتۆبەر و لە پردێ، پێشمەرگە قارەمانێتیی مەزنی تۆمار كرد و هێرشی حەشد و هێزەكانی عێراقی تێك شكاند.

بۆ یەكەمین جاریش لە مێژوودا تانكی ئابرامزی ئەمەریكایی كە لە لایەن حەشدی شەعبییەوە بە كار هێنرا، بە دەستی هێزی پێشمەرگەی كوردستان تێك شكێندرا. پاش ئەو سەركەوتنە گەورەیە، وەڵامی پەیامەكەی دۆگلاس سلێمانی باڵیۆزی ئەمەریكاییم ناردەوە و گوتم، كە بە جەنابی باڵیۆز بڵێن: "ئەمڕۆ دوێنێ نییە و سبەینێیش وەک ئەمڕۆ نابێت." بەرخودانی پێشمەرگە لە هەموو بەرەكان بەردەوام بوو هەتا لە 26ـی ئۆكتۆبەر لە بەرەی مەحمودیە و سحێلا، هێزەكانی عێراقی و حەشد بە هاوكاریی هێزەكانی ئێرانی و حیزبوڵڵای لوبنان و بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆی ئەفسەرێكی پاسداری ئێرانی بە ناوی سەیدموختار (كە لەو شەڕەدا برینداریش بوو)، بە مەبەستی گرتنی پێشخابوور پەلاماری سەنگەرەكانی پێشمەرگەیان دا، بەڵام دوچاری شكستێكی زۆر گەورە بوونەوە. شەڕی سحێلا یەكێكە لە گەورەترین نەبەردییەكانی مێژووی نوێی گەلی كوردستان. ئەو شكستە گۆڕانی بەسەر هاوكێشەكاندا هێنا و دانوستان دەستی پێ كرد. عەبادی هێشتا هەر لووتبەرز و مەغروور بوو و ئامادەی دانوستانی سیاسی نەبوو، داوای ئەوەی دەكرد كە تیمە فەنییە سەربازییەكان دانوستان بكەن.

لە یەكەم گەڕی دانوستاندا نوێنەرانی هێزە عێراقییەكان و نوێنەری سوپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان ئامادە ببوون. لە دانوستانەكاندا عێراقییەكان بەپێی قسە و فەرمانی نوێنەرانی ئێران و حیزبوڵڵا دەجووڵانەوە. ئەمە لە ڕاستیدا ئەوپەڕی سووكایەتیكردنی عەبادی بوو بە سەروەریی عێراق كە خەڵكی بیانی بێت و بڕیار لەسەر دیاریكردنی هێڵەكانی تەماس بدات. بۆیە بڕیارم دا چیتر تیمی دانوستانكاری ئێمە لەگەڵیاندا دانەنیشن.

## وتەی کۆتایی

لە شازدەی ئۆکتۆبەردا ناحەزانی گەلی کوردستان نیازی ئەوەیان هەبوو ئەگەر بۆیان بکرێت ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەناو بەرن. خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە ڕێگەی لەوە گرت ئەم پیلانە سەر بگرێ. بەڵام هەتا عەقڵیەتی نکۆڵیکاری و شۆڤێنیەت لە عێراقدا جێ پێی هەبێ، هەڕەشە بۆ سەر ماف و داوا ڕەواکانی گەلی کوردستانیش بەردەوامیی هەیە. گەلی کوردستان خاوەنی دۆزێکی ڕەوای نەتەوەیی و مێژوویی و دەستوورییە و هیچ ڕووداو و بەربەستێك ناتوانێ لە ڕەوایەتیی ئەو دۆزە کەم بکاتەوە، گەلی کوردستان بە ئومێد و هێزەوە پێداگیری لەو دۆزە دەکات.

سەرباری دڕندەیی و تاوانەکانی حکوومەتەکانی عێراق لە دژی کورد، بەڵام بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە درێژاییی مێژووی خەباتی خۆی، ڕێی نەدا ئەو ناکۆکییە سیاسییەی کە لەگەڵ سیستمی سیاسی و دەوڵەتی عێراقدا هەیبووە، ببێتە ناکۆکیی نەتەوەیی و تایەفی نێوان گەلی کوردستان و خەڵکی عێراق و نەیهێشت ناکۆکییەکان بۆ ناو جەماوەر شۆڕ ببنەوە. ئەو ڕوانگایەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو قۆناغەکان و لە ئێستا و داهاتوویشدا هەیە، کە لە هەموو دۆخێکدا برایەتیی کورد و عەرەب نابێ تێك بچێت.

لە دوای قۆناغی 2003 حوکمڕانە تازەکانی عێراق مێژووی خوێناوی و پڕ لە نکۆڵیکاریی عێراقیان لە یاد کرد. ئەو مێژووە دووروودرێژەی، کە پڕە لە فرمێسك و خوێنی گەلانی عێراق، دەکرا ببێتە وانەیەکی زۆر باش بۆ ئەوەی دەستەڵاتدارانی عێراق لە دوای 2003وە، بۆ چەسپاندنی بنەماکانی شەراکەت و پێشکەوتن و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق کەڵکی لێ وەرگرن. بەڵام نەك تەنیا

پەندیان وەرنەگرت، بگرە خراپتریشیان کرد. بە داخەوە کاریان بۆ ئەوە کرد کە ناکۆکییە سیاسییەکان دابەزێنە نێو ڕای گشتی و جەماوەر و شێوەی ناکۆکیی نەتەوەیی و تایەفی وەرگرن. ئەمە هەڵەیەکی یەکجار گەورە و مەترسیدار بوو و لێکترازانی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دروست کرد. زەبرێکی گەورە بوو لە پێکەوەژیان و برینێکی قووڵیشی لەسەر جەستەی عێراق دروست کرد، کە چاکبوونەوەی زەحمەتە و کاتی زۆری دەوێت. ڕژێمەکانی پێشووی عێراق نەیانتوانی ناکۆکییە سیاسییەکان بکەنە ناکۆکیی جەماوەری و نەتەوەیی و تایەفی، بەڵام لە دوای 2003وە حوکمڕانە نوێیەکانی عێراق ئەمەیان کرد.

ئێستا بەداخەوە لە بری ئەوەی برینەکانی گەلی کوردستان سارێژ بکەن، دۆخێکی وایان خوڵقاندووە، ئەوەی دژایەتیی زیاتری مافەکانی گەلی کوردستان بکات، پێگەی زیاتری دەست دەکەوێت. دژایەتیکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکەنە ماددەی بانگەشەی سیاسی و هەڵبژاردن. ڕۆژانە لە بابەتی بودجە و میزانیەدا وەك منەت بە چاوی خەڵکی کوردستاندا دەدەنەوە کە هەرێم بودجەی عێراق دەبات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەتی عێراق بە نەوت و سامانی کوردستان بووەتە دەوڵەت. لەسەر دەوڵەتی عێراق پێویستە قەرەبووی خەڵکی کوردستان بکات و بودجەش بنێرێت. دەوڵەتی عێراق ناچارە ئەوە بکات، چونکە گەلی کوردستانی قڕ کردووە و تاوانی ئەنجام داوە. زۆر باشیش دەزانین کە لەناو سیاسەتمەدارانی عێراقیدا زۆر کەسن هەن کە لەگەڵ ئەو دوژمنداری و زبرییەدا نەبوون کە حکوومەتی عێراقی لە دژی گەلی کوردستان ئەنجامی دا و تێگەیشتنیان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هەیە.

هەرێمی کوردستان سەرباری بوونی کەموکوڕی بەڵام لە ڕووی سەقامگیری و ئاسایش و بووژانەوە و ئاوەدانی هەنگاوی زۆر گەورەی بڕیوە. بەغدا نەیتوانی وەك هەرێم سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و حوکمڕانانی بەغدا کە خۆیان نەیانتوانی پێشکەوتن و بووژانەوە بۆ گەلی عێراق بەدی بهێنن، ئێرەییان بە خەڵکی کوردستان دەبرد و هەوڵیان دا پێشکەوتن و گەشەی هەرێم ڕابگرن. بەشە بودجەی هەرێم 17% بوو بەڵام هیچ کات ڕێگەیان نەدا ئەوە بەشە وەك خۆی بێت و تەنیا 10 بۆ 12 لە سەددی بودجەیان بۆ هەرێم دەنارد هەتا کار گەیشتە ئەوەی هەموویان بڕی. هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە هۆی بڕینی بودجە لە لایەن بەغدا و شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت تووشی گرفتی گەورەی ئابووری بوو بەڵام حکوومەتی عێراقی لە ساڵانی ڕابردوودا 800 ملیار دۆلار داهاتی هەبووە.

پرسیار ئەوەیە ئەو هەموو داهاتە بۆ کوێ ڕۆییشت و لە چی سەرف کرا؟ 60 ملیار دۆلار بۆ باش کردنی دۆخی کارەبای عێراق تەرخان کراوە کەچی دیار نییە ئەو پارەیە لە کوێیە و لە چی سەرف کراوە. ئەو هەموو داهاتە لە بری ئەوەی بۆ خزمەتگوزاری و بووژانەوە بە کار بهێنرێت لە دزی و گەندەڵی و بێسەروبەریدا بە هەدەر ڕۆییشت. بە داخەوە بەشێکی سیاسییەکانی عێراق دەیانەوێ ئەو فەشەلهێنانەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی وڵات بە پەلاماردان و بە تاوانبارزانینی هەرێمی کوردستان بشارنەوە. ساڵی 2019 نوێنەرانی پارێزگاکانی موسەننا و بەسرا سەردانیان کردم. ئەوان باسی نەبوونی خزمەتگوزاری و بەشخوراوی خۆیان و ڕێژەی بەرزی هەژاریی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە و پارێزگاکانی باشووریان کرد. زۆر نیگەران بووم کە حکوومەتی عێراقی ئەو هەموو داهاتەی لەبەر دەست بووە بەڵام خەڵکی عێراق لە نەداری و بێ خزمەتگوزاریدا بژیین. هەر ئەوەش وا دەکات ئێمە زیاتر هان بدرێین بۆ ئەوەی هاودەرد بین لەگەڵ برایانمان لە باشوور و ناوەندی عێراق و بەردەوام بین لە پەیوەندیی برایانەی نێوان دوو گەل. بە دڵنیاییەوە ناکۆکیی سیاسیی و ئەدای خەرابی حوکمڕانانی عێراق هیچ کاریگەرییەك لەسەر برایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی عێراقدا نابێت.

تەنیا ڕێگە بۆ چارەکردنی کێشەکانی عێراق و نەهێشتنی گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، تاکە ڕێگە بۆ گەییشتن بە پێشکەوتن و ئاشتی، وازهێنانە لە عەقڵیەتی شۆڤێنی و، گرتنەبەری فەرهەنگی یەکترقبوڵکردنە. ئەگەر وەك قۆناغەکانی ڕابردوو دەستەڵاتدارانی عێراق نەمانی گەلی کوردستانیان بوێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە گرفتەکان هێندەی تر قووڵتر دەبنەوە و ئەم دۆخە بەردەوام دەبێ و ئەو وڵاتە هەر لە قەیراندا دەمێنێتەوە. گەلی کوردستان وەك هەمیشە بە گیانێکی برایانە و دۆستانە خوازیاری چارەی ئاشتیانەیە بۆ هەموو گرفتەکان.

ڕیفراندۆم دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان. ڕیفراندۆم سەرکەوت، چونکە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ دەنگیان پێی دا. ڕیفراندۆم ئەوکات شکستی دەخوارد کە دەنگی (نا) زیاتر با و خەڵکی کوردستان داوای سەربەخۆیی نەکردبا. دەنگی حەق و دادخوازیی گەلی کوردستان سەرکەوت و ئێستا هەموو جیهان دەزانێ داخوازیی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان چییە. لە هەمانکاتیشدا ڕیفراندۆم هەڵگری وانەی زۆر گەورە و پڕبەهایە بۆ گەلی کوردستان و نەوەکانی داهاتوو. یەکێك لە وانەکان ئەوەیە ئەگەر خۆت نەبی و خۆت پشت بە خۆت و خەڵکی خۆت و تواناکانت نەبەستی، بە نەبوو حیسابیت.

لە ڕەفتار و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەمەڕ ڕیفراندۆمی کوردستاندا بە ڕوونی دەرکەوت، ئەوەی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جووڵە بە هاوکێشە و شتەکان دەکات پرەنسیپ و بنچینەی ماف و دادپەروەری نییە، بەڵکو لۆژیکی هێز و بەرژەوەندیخوازییە. بینیمان هەموویان دژ بە دەنگی ڕەوای خەڵك وەستابوونەوە، بەڵام کەسیان ڕێگری ئەوەی نەکرد کە لە دژی کوردستان چەك و زەبروزەنگ و ئابلۆقەیان بەکار هێنا. هەڵوێستی زۆرێك لەو وڵاتانەی بە جیهانی ئازاد و بە کۆمەڵگای دیموکرات و خاوەن پرەنسیپ ناوزەد کراون، یان هەڵوێستێکی لاواز و لەرزۆك، یان بێدەنگ و بێهەڵوێست بوون، یاخود هەڵوێستێکی شەرمن و بێکاریگەریان هەبوو. ژمارەیەکی کەمیشیان هەڵوێستیان هاوسەنگ بوو.

بە پێویستی دەزانم سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی هەڵوێست و گەرموگوڕی و پشتیوانیی گەلی کورد بکەم لە پارچەکانی تر و هەموو ئەو کوردانەی لە دەرەوەی کوردستان کە پشتیوان و هاوسۆزی داوا ڕەواکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون. ئامۆژگارییم بۆ هەموو تاکێکی کورد و هەموو سیاسییەکی کورد لە بابەتی مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا ئەوەیە، کە هیچ کات پشتی خۆتان بە لایەک گەرم نەکەن. جیهان، جیهانی بەرژەوەندییەکانە. ئەگەر بەرژەوەندییان لەگەڵ کورد بگونجێ ئەوا دەبنە دۆست و ئەگەر بەرژەوەندییان نەگونجێ پشتتان تێ دەکەن و ناتانناسن. بۆیە تەنیا پشت بە خودا و پشت بە خۆتان ببەستن. ئەگەر پێشمەرگەی خۆمان هەبێت و هێزی خۆمان هەبێت، کوردستان دەتوانێ خۆی بپارێزێت. ئەگەر بێهێز بین ناپارێزرێین و لەناویشمان دەبەن. لە ڕیفراندۆمدا ئاستی ڕق و بوغز و دوژمنکاریی نەیارانی کوردستان و هەناو و ناخی خەڵکی شۆڤێنی و دڵڕەش زیاتر دەرکەوت و ڕوونیش بووەوە، کە ئەوان هەرگیز پەندیان لە مێژوو وەرنەگرتووە.

ڕەنگە هەندێ لایەن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دڵی خۆیان بەوە خۆش بکەن و وا لێکی بدەنەوە کە بەهۆی چەواشە و میدیا و چەك و پارەی هەندێ کەسی بێ پرەنسیپ و خاکفرۆشی ناو کوردەوە دەتوانن وا لە گەلی کوردستان بکەن دەستبەرداری بەها و ئامانجەکانی خۆیان بن، ئەوە زۆر بە هەڵەدا چوونە. لە بەرانبەر ئەمانەدا بە ملیۆنان گەنجی کورد هەن کە بڕوایان بە بەها و ئامانجە باڵاکان هەیە و کەرامەت و شکۆی گەلەکەیان دەپارێزن.

ڕیفراندۆم تاوان نەبوو و گەلی کوردستانیش کە دەنگی دا، تاوانی ئەنجام نەداوە. ئەوەی گەلی کوردستان ئەنجامی دا پێچەوانەی دەستوور نەبوو. دیباچەی دەستووری عێراق ئەو مافەی بە گەلەکەمان داوە. لە دیباچەی دەستووری عێراقدا زۆر بە ڕوونی هاتووە کە "پابەندبوون بەم دەستوورە پارێزگاری لە یەکگرتنە ئازادانەی گەل و سەرزەمین و سەروەرییەکەیەوە". ئەوانە تاوانبارن کە دەستووریان پێشێل کرد و وەڵامی دەنگی حەق و ئاشتیانەی گەلێکی مەزڵوومیان بە چەك و ناپاکی دایەوە. زمانی چەك و خۆسەپاندن و ناپاکییش هەرگیز سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت. ئەوانەشی لەبەرانبەر دەنگی ئاشتیانەی گەلی کوردستان هەروەك قۆناغەکانی ڕابردوو دەستیان بۆ چەك و شەڕ و زەبروزەنگ برد، دەرکەوت کە وانەیان لە مێژوو وەرنەگرتووە. ئەوان بەر لەوەی زوڵم لە گەلی کوردستان بکەن، زوڵمیان لە خۆیان و وڵاتەکانیشیان کردووە. کێشەی گەلی کوردستان کێشەیەکی ڕەوای سیاسی و جیۆگرافی و نەتەوەیی و مێژوویی و یاساییە، سەد ساڵە هەموو جۆرە چەکێکیان بۆ لەناوبردن و تێکشکاندنی ئیرادەی گەلی کوردستان و نەهێشتنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد بە کار هێناوە، کەچی گەلی کوردستان هەر ماوە. نە ئەوان توانیویانە کورد لە ناو ببەن و نە کوردیش توانیویەتی ئەوان لەناو ببات.

ئێمە دیالۆگ و چارەی ئاشتیانە و برایەتیمان ویستووە و، دەمانەوێ کێشە نەمێنن و گەلانی ناوچەکە لە ئاشتییدا بەرەو پێشکەوتن و بووژانەوە هەنگاو بنێن . پێمان وایە بە ئینکار کردنی مافی گەلی کوردستان و شەڕ، کێشەکان چارەسەر ناکرێن. چ پێکەوە بین یان پێکەوە نەبین پێویستە ڕێزگرتن و لێکتێگەییشتن لە نێوانماندا هەبێت.

کەچی ئەوان نەك تەنیا کێشە چارە ناکەن، بەڵکو قووڵتریشی دەکەنەوە و بەبێ ئەوەی چارەسەریان بکەن گرفتەکان بۆ نەوەکانی ئایندە دەگوازنەوە. ئەمە هەڵە و ستەمێکی گەورەیە کە بەرانبەر ئاشتی و پێکەوەژیان و سەقامگیری دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ژیانی گەلاندا نشووستی و سەرکەوتن هەیە، بەڵام خەبات و وەستانەوە دژی ستەمکاری و شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستیش هەر بەردەوام دەبێت، چونکە ئەمانە هەموویان لە دژی سرووشتی مرۆڤایەتین، گەلی کوردستان دەیەوێت بەشێك بێت لە مرۆڤایەتی نەك لە ستەمکاری.